
KURDISTAN


Kurdistan
٥ ساڵەی
ماڵئاوایی سارم سادق وەزیری
مافناس و ئازادیخوازی ناوداری کورد
کومەڵێک بابەت و دیمانە
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

نامیلکەی(یادی ٥ ساڵەی کۆچی مافناس سارم سادق وەزیری)

سارم سادق وەزیری چالاکی بواری مافی مرۆڤو پارێزەرو مافناسی کورد و یەکێک لە تێکۆشەرە ناسراوەکانی کوردستان، کە زیاتر لە ٥ دەیە ناوی لە مەیدانەکانی خەبات لە کوردستان و ئێران درەوشایەوە، کاک سارم لە ڕێکەوتی ١١ی ئەپریلی ٢٠١٨ی زایینی = ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی لە تەمەنی ٩٧ ساڵەیی لە وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد.

بە بۆنەی ٥ ساڵەی کۆچی ئەم تێکۆشەرە و سپاس و پێزانین بۆ هەموو زەحمەت و چالاکییەکانی کە لە ماوەی ژیانی بۆ نەتەوەکەی هەوڵی داو و ماندوونەناسانە داکۆکی لەماف ڕەواکانی کورد و کوردستان کردوە، بەئەرکی خۆم زانی کە ئەم بەشەی لەکۆکراوەی ئارشیڤەکەم هەبوون لە دوو تۆیی ئەم نامیلکەیە بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویست.

دەستی هەموو ئەوانەش خۆش بێ کە بە وتار، وتووێژ و پرسە نامە بۆ ماڵئاوایی کاک سارم نووسیویانە و ئەمەگناسی خۆیان بۆ ئەم تێکۆشەرە دەربڕیوە

رووحی شاد و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێت

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- گیان لەدەستدانی سارم ئەلدین سادق وەزیری لە سوئیس ............................................................ ٤
٢- کۆڕی یادکردنەوە لە سارم خان سادق وەزیری لە وڵاتی سویس ....................................................... ٥
٣- کورتەیەک لە ژیانی ڕێزدار سارمەددین سادقوەزیری ......................... مەنسوور بلوری ...... و. لە فارسییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ............................................................................................................. ٧
٤- لە ماتەمینیی ریزدار "سارمەدینی سادق وەزیری"ی مەزن دا ......................... عەزیز ماملێ ..................... ١٩

٥- بەشێک لە پرسە نامە و هاوخەمی بۆ ماڵئاوایی ڕێزدار سارم خان سادق وەزیری ................. ١٩

- بەئامانجە لەمێژینەبەرزەکانی نەگەیشت ...................... جەلیل گادانی.
- مرۆڤی پێشکەوتنخواز و خەباتگێڕی کورد ....................... هاشم کەریمی
- بۆ ماڵئاوایی یەکجاری ......................................... مستەفا شلماشی
خەمی لەدستدانی کەسایەتییەکی مەزن! ........................... محەممەد خزری
ئەستێرەیەکی گەشی هەرمان ..................................... حەسەن حاتەمی
تێکۆشەرەی ڕێگای عەداڵەت و دادپەروەری و ئازادیی ............ ئەحمەد شێربەگی
سڵاو لە بیرەوەری سارەمەدین سادق وەزیری ...................... حەسەن قازی

حیزب و ڕێکخراوە

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ...
مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان...
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران...
تێکۆشەری پێشکەنخواز و داکوکیکاری مافی چارەنووسی کورد ماڵپەڕی هەڵوێست...
یەکێک لە داڕێژەرانی گەلاڵەی خودموختاری بۆ کوردستان ڕۆژی کورد...
بیانیەی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان...
ڕێورەسمی ڕێزلێنانی ڕۆژهەڵات تایمز...

٦- دەقی وەڵامەکانی بەڕێز سارمەددین سادقوەزیری بە پرسیارەکانی بەڕێز دوکتور قانعیفەرد ......................... ٤٩
٧- "پێشەکی" بۆ وەرگێڕانەوەی کتێبی: "دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کرد .................. عەرێز مامڵێ ..... ٧٠
٨- وتوێژ لەگەڵ عەزیزمامڵێ مافناس سەبارەت بە کارنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی سارمەدین سادق وەزیری ................
............................................................................ بەرنامەی ڕاوێژ، تێلیڤیزیۆنی ستێرک ..... ٨١

## گیان لەدەستدانی سارم ئەلدین سادق وەزیری لە سوئیس




بە پێی هەواڵی گەیشتوو، ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی مانگی خاکەلێوە، "سارم ئەلدین سادق وەزیری" کەسایەتیی سیاسی ناسراو و خۆشنێوی کوردستان، بە هۆی نەخۆشی لە سوئیس گیانی لە دەستدا.

سارم ئەلدین سادق وەزیری، لە ١٢ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٠ لە شاری سنە لە دایک بوو و دەورانی سەرەتایی و مامناوەندی خوێندنی لە سنە و تەورێز لە ڕشتەی علومی تەبیعی کۆتایی پێهێنا. دوای چوو بۆ زانکۆ. ڕووداوە سیاسییەکانی ١٣٢٠ خوێندنی ئەوی لە زانکۆ بۆ ماوەیەک خستە دواوە و ساڵێک بۆ دەرس دان وەکوو دەبیری دەبیرستان گەڕایەوە بۆ سنە و دواتر بۆ درێژە دان بە خوێندن گەڕایەوە بۆ زانکۆ و لە ڕشتەی حقوق و قەزاییدا درێژەی بە خوێندن دا. لە ساڵی ١٣٢٩ جگە لە ئەندامێتی لە شورای مەرکەزی جەمعیەتی حقوقدانانی دیموکراتی ئێران، وەکوو ئەندامی بونیاتنەری "جەمعیەتی میلی خەبات لەگەڵ ئێستعمار"، سەر دەبیری ڕۆژنامەی شەهبازی وەئەستۆ گرت کە تا ١٣٣١ درێژەی هەبوو. سارم ئەلدین سادق وەزیری کەسایەتی خۆشنێو لە نێو خەڵکی کوردستان بوو. ئەو بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان تێکۆشا، زیندانی کرا و دەربەدەری کێشا. ناوبراو لە ساڵی ٥٨دا ڕاوێژکاری هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا بوو. شایانی باسە لە ساڵی ٢٠١٤ی زایینیی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە تەمەنێک هەڵسووڕانی ئازادیخوازانەی سارم ئەلدین سادق وەزیری لە شاری فڕانکفۆرت و بە بەشداری ناوبراو بەڕێوە چوو. سارم ئەلدین سادق وەزیری ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی مانگی خاکەلێوە بە هۆی نەخۆشین لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد.

١٢ - ٤ - ٢٠١٨

## کۆڕی یادکردنەوە لە سارم خان سادق وەزیری لە وڵاتی سویس



ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ ی ئاپریلی ٢٠١٨ لە شاری بێرنی پایتەختی وڵاتی سویس کۆڕ یادێکی گەورە لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتی سارم خان سادق وەزیری مامۆستا و تێکۆشەری کۆچ کردووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکەی ٢ حەوتوو پێش ئێستا لەو وڵاتە کۆچی دوایی کرد، بە بەشداری چەند لایەنی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان، نوێنەرانی کومیتەی فەڕانسەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و چەند ڕێکخراوی ئێرانی بەڕێوەچوو.

کۆڕیادەکە سەرەتا بە وتەی بەخێرهێنان لە لایەن کۆڕگێری بەرنامەکە خاتوو شەهین مۆدەڕێسی و بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کە لە لایەن کۆڕی سروودی یەکێتی لاوان پێشکەش کرا دەستی پێ کرد و پاشان خوولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان ڕاگەیەندرا. دوای ئەو بڕگەیە داوا لە بەڕێز جەلیل گادانی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات و نوێنەری دەفتەری سیاسی بۆ ئەو مەراسمە کرا کە وتارێک لە سەر کەسایەتی سارم خان و پەیوەندی کۆچکردوو لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێشکەش بە بەشدار بووان بکات. کاک جەلیل زۆر بە وردی ڕۆڵی کۆچکردووی لە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و دۆستایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و شەخسی دکتور قاسملوو،ی بۆ بەشداران شی کردەوە. پاشان لە هەمان بڕگە دا وێنەیەک کە بە دەست کێشرابۆوە لە لایەن هاوڕێ کاروان شێخ مەحەممەدیەوە پێشکەش کرا بە بەڕێز کاک جەلیلی گادانی وەک دۆست و کەسێکی نزیکی سارم خان لە تەمەنی ژیانی دا پاشان ڕێورەسمەکە بە چەندین پەیام و پەخشان درێژەی پێ درا کە بریتی بوون لە:

- بەیاننامەی دەفتەری سیاسی "حدک" سەبارەت بە کۆچی دوایی سارم خان لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی سوئیس هاوڕێ زاهیر قادر حاجی

- چەند وتەیەکی مامۆستا فەوزی ڕەمزی کەسایەتی باشووری کوردستان
- پەخشانێک لە لایەن کاک عەلی سوورەچۆمی کادری دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
- پەیامی کانوونی دێموکراتیکی پەنابەران لە سوئیس
- پەیامی حیزبی چەپی "فداییان خلق ایران"
- وتاری مامۆستا عەزیزی ئەحمەدی کادری لە مێژینەی حیزب لە مەڕ پەیوەندی نێوان خۆی و سارم خان
- پەیامی کەسایەتی ناسراو عەزیز ماملێ
- پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- پەیامی "پ ی د" سوریە

جێگەی ئاماژەیە کە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند حیزب و ڕێکخراوی باکووری کوردستانیش لەو کۆڕیادە بەشداریان کرد.

٢٣ - ٤ - ٢٠١٨

# کورتەیەک لە ژیانی ڕێزدار سارمەددین سادقوەزیری

**مەنسوور بلوری**

**وەرگێران لە فارسییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**



ناوی مامۆستا سارمەددین سادقوەزیری وەک خەباتکارێکی ئازادیخواز و ماندوویی نەناس، بۆ نەتەوەی کورد، بە تایبەتی لە کوردستانی ئێران و زۆرتر لەناو کۆڕە سیاسییەکان و کەسایەتی و لایەنە ئازادیخواز و دێموکراتیکەکانی ئێران لە بیرەوەریی مێژووی نیو سەدەی ڕابردوودا جێگیر بووە و هەر ئەو مەسەلە بۆتە هۆی ڕێز و پلەی تایبەتی بۆ ناوبراو کە بەڕاستی شایانیەتی.

ئەو کەسایەتییە ڕێزدار و خۆشەویستە، دەستپاک و ئەمەگناسە، لە بەرگی مافناس، سیاسەتوان، دادوەر و پارێزەردا دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی بۆ ڕێنوێنیکردنی خەباتی گەلانی ئێران لە دژی حکوومەتە سەرەڕۆکانی پەهلەوی و مەلایاندا گێڕا.

زۆر پیش ئێستا، لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانم هەوڵماندا، لە بواری کارە توێژینەوەکانی خۆمان وتووێژێکمان لەگەڵ جەنابیان هەبێ، لەبەر هەندێک هۆ، بەڕێزیان ئەو کارەی بە کاتێکی دیکە سپارد.

دوای چاپکرانی کتێبی "بەرگری لە ٢ کەسایەتی پایەبەرزی کورد، لە دڵاندا زیندووان قازی محەممەد و ئیحسان نوری پاشا" مامۆستا لوتفی کرد و بڵاو کردنەوەی هەندێک لەو کتێبانەی بە من سپارد کە بووە هۆی پێشوازیی گەرمی هاووڵاتیانی کورد و غەیری کورد، لەدەرەوە و ناوخۆی ئێران. بەشێکی زۆر لە لاوانی کورد خوازیاری زانیاریی زۆرتر لەبارەی بەسەرهاتی جەنابیان بوون، بۆیە پێم حەیف بوو کە ئەو داوایە ئەگەرچی کورتیش بێ لە زمان خۆیانەوە و بەقەڵەمی خۆیان وەڵام نەدرێتەوە. لەو دواییانەدا توانیم دەستم بە ژیاننامەی بەڕێزیان ڕابگا، ئەو نووسراوە بەشێک لە ژیانی ئەو مامۆستا پایەبەرزە دەگێڕێتەوە.

مەنسوور بلوری

ئاپریلی ٢٠٠٥

بەرواری ڕاستەقینەی لەدایکبوونی من ١٢ی جۆزەردانی ١٣٠٠ ه. بەڵام کاتێک کە دەمهەوێست بێمە ناو پیشەی دادوەریی بە ناچار داوای بردنە سەری تەمەنم کرد، هەر بۆیە لە بەڵگەی پێناسەی مندا بەرواری یەکی خاکەلێوەی ١٢٩٩ی کۆچیی هەتاوی نووسراوە. خوێندنی سەرەتاییم تا پۆلی چوار لە قوتابخانەی بەدر و پۆلی پێنجی سەرەتایی تا پێنجی دواناوەندییم لە قوتابخانەی شاپووری سنە خوێند و چونکە لەو سەردەمدا لە سنە پۆلی شەشی دواناوەندیی لێ نەبوو بە ناچار چووم بۆ تەورێز و لە قوتابخانەی فیردەوسی تەورێز خوێندنی دواناوەندییم تەواو کرد و دیپلۆمم لە بەشی زانست وەرگرت.

بە هۆی ڕووداوە نگریسەکانی خەرمانانی ١٣٢٠، خوێندنی زانکۆم تووشی وەستان بوو بۆیە ساڵێک وەک مامۆستا لە یەکێک لە قوتابخانە دواناوەندییەکانی سنە خەریکی کار بووم و پاشان لە کۆنکووری زانستگەی ماف بەشداریم کرد و سەرکەوتنم وەدەستهێنا.

بەشی مافی ئەو زانستگەیەم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد و دوای چەند مانگ دەستم بەکار لەبەشی دادوەرییدا کرد. پلەکانی دادوەرییم بەو شێوە بوون: یاریدەدەری دادئەستێن لە دادئەستێنیی تاران، بەرپرسی بەشی بەڕێوەبەریی حوکمەکان لە دادئەستێنیی تاران، یاریدەدەری دادئەستێن لە دادئەستێنیی دیوانی سزا، پشکێنەری دادسەرای دیوانی سزا کە لەو کارەدا بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنی دەورەی حەڤدەهەمی مەجلیسی شووری میللی لە مەهاباد چاوەڕوانی خزمەت کردن بووم. پاشان دووبارە لەلایەن وەزیری دادی ئەو کاتی داوای کار کردنم لێکرا و تا کودەتای ٢٨ی خەرمانان وەک یاریدەدەری دادئەستێنی دادسەرای پارێزگای ناوەند کارم کرد و دوای کودەتا دوای چەند ڕۆژ دەستبەسەر کرام.

لە سەردەمی کار لە بەشی دادوەرییدا پلەی جۆراجۆرم هەبوون، لە ناویاندا لێکۆڵەر، لێکۆڵەری گشتیی وڵات و سەرۆک وەزیریی، ئەندامی ئەو لیژنەیە بووم کە بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی پیشە و هونەر و بانکی پیشەسازیی بوو کە دۆسیەی تۆمەتبارکردنی قەواموسسەڵتەنە، سەرۆک وەزیری پێشوو، لە لایەن ئەو لیژنەیە ئامادە کرا و پێشکەشی مەجلیسی شوورای میللی (پارلمان) کرا. لە سەردەمی کاری دادوەرییدا لە کاری کۆمەڵایەتیی غافڵ نەبووم و ئەندامی دامەزرێنەری ئەنجومەنی دادوەران و کارمەندانی دادگاکان بووم کە چوارسەد دادوەر و کارمەند ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوون. لە لایەن کۆبوونەوەی گشتیی وەک ئەندامی کۆڕی بەڕێوەبەریی هەڵبژێرام و تا کۆتایی ژیانی کۆڕەکە واتە لە ٢٨ی خەرمانانی ١٣٣٢ ئەو بەرپرسیارییەم هەبوو لە هەمان کاتدا بەرپرس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆڕی دادوەران و کارمەندانی داداگاکان بووم. ئەو کۆڕە بۆ سەربەخۆیی دادوەرەکان و بەرگریی لە ڕێکاری دادوەریی خزمەتی بەرچاوی کرد.

لە ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ بەشێک لە هاونیشتمانان، کۆڕی کوردستانیانمان لە تاران درووست کرد کە بەداخەوە لەبەر کەشوهەوای سیاسی تایبەتی ئەوکات تەمەنێکی زۆر کورتی هەبوو.

لە ساڵی ١٣٢٨ ئەندامەتی حیزبی توودەم قبووڵ کرد و لە بەشی نهێنی لە نهێنی دا بەشدار بووم. لە ساڵی ١٣٢٩ کۆمەڵەی خەبات دژی ئیستیعمار دامەزرا. من ئەندامی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە بووم و لە کۆبوونەوەی گشتیی وەک ئەندامی لیژنەی ناوەندیی و ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەکە هەڵبژێرام. لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی "شەهباز" دیاریکرام و تا کۆتایی ساڵی ١٣٣١ ئەوە بەرپرسایەتییەم لە ئەستۆ بوو.

لە ساڵی ١٣٢٩ کۆمەڵەی مافناسانی دێموکراتی ئێران درووست بوو، من ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندیی ئەو کۆمەڵەیە بووم. لە ساڵی ١٣٣١ لە پەنا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران، کۆمیتەیەک بە ناوی "کۆمیتەی ئازەربایجان و کوردستان (کاک)" دامەزرا کە لە سێ ئەندام پێکهاتبوو: دوکتور حوسێن جۆدەت بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە بوو کە لە هەمان کاتدا ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزبی تودەش بوو، من یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەوە و بەرپرسی کاروباری کوردستان بووم.

دوای کودەتای ٢٨ی خەرمانان دوای چەند ڕۆژ دەستبەسەر کرام. لەگەڵ یەکەم تاقمی زیندانیانی سیاسی بووم کە بۆ بەندیخانەی فەلەکەلئەفلاک دوور خراینەوە. هەلومەرجی دژوار و نامرۆڤانەی زیندانیانی فەلکەلئەفلاک زۆر جەرگبڕ بوو، دوای ماوەیەک دیسان لە یەکەم زیندانییان بووم کە بۆ دوورگەی خارک دوور خراینەوە. لەو دوورگەیە هەلومەرجێکی زۆر دژوارمان وەک دوورخراوە و زیندانی هەبوو و یاسای سەربازخانەمان بەسەردا سەپابوو. لە کۆی ئەو مانگانەدا بە پێی

بڕگەی پێنجی یاسای حکوومەتی سەربازیی دەستبەسەر بووم و نە لێکۆڵینەویەکیان لەسەر کردبووم و نە تاوانەکەمیان پێ ڕاگەیاندبووم، تا دووبارە گەڕاندیانمەوە بۆ تاران و لەلایەن دادئەستێنی سەربازیی بە تاوانی ڕووخاندنی پاشایەتیی دەستبەسەریان کردم و پاش ماوەیەک کە لە نزیک فەرماندارى سەربازیی زیندانی بووم گواستیانمەوە بۆ بەندیخانەی لەشکری ۲ی زرێپۆش. نزیکەی ۹ مانگ لە بەندیخانەی لەشکری ۲ی زرێپۆش بووم و پاشان گواستیانمەوە بۆ بەندیخانەی تاکە کەسیی لە عیشرەتاباد. لە ماوەی چواردەمانگ لە بەندیخانەی تاکەکەسیی بێ چاوپێکەوتن و چوونە دەرەوە و بێ ئەوەی کە مافی کەڵکوەرگرتن لە خواردەمەنی خۆم و تەنانەت بێ ئەوەی کە چادانێکم بۆ چالێنان پێبێ لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و تاقەت پڕوکێن دابووم کە بووە هۆی ئەوە کە بە تووندی نەخۆش بکەوم و بە ناچار ڕایانگواستم بۆ نەخۆشخانەی پەهلەوی سوپا بۆ چارەسەر کردن. لە ماوەی ١٤ مانگ لە بەندیخانەی تاکەکەسیی، چەند جار شەوانە بۆ لێپرسینەوە دەیانبردمە لەشکری ۲ی زرێپۆش کە چەند کاتژمێر لە هەوای ساردا لێپرسینەوەیان لێ دەکردم. دوای ئەو ١٤ مانگانە سەر لەنوێ بۆ موحاکەمە بردیانمە بەندیخانەی لەشکری ۲ی زرێپۆش و لە کۆتاییدا لە دادگایەکی سەربازییدا کە لە سەربازخانەی حیشمەتییە پێکهاتبوو، لە کاتێکدا کە ماوەی خوێندنەوە و بەسەرکردنەوەی دۆسییەکەمیان پێ نەدابووم و بۆ چوار زیندانی تەنیا دوو کاتژمێر کات بۆ خوێندنەوەی دۆسییەکان تەرخان کرابوو، بە ناچار بەرگریم لە کۆی دۆسییەکە کرد و تاوانەکەم ڕەت کردەوە و ڕامگەیاند و لە هەمان کاتدا پارێزگاریم لە سەربەخۆیی و مافی دەسەڵاتی نەتەوەیی کرد و بە ئاشکرا پشتگیریم لێکرد و شانازیم پێوە کرد. لە ئاکامدا حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندم. دوای چەند مانگ لە هەلومەرجێکی دیکەدا چوومە دادگای پێداچوونەوەی سەربازیی و لەوێش پارێزگاریم لە بنەماکان دووپات کردەوە کە حوکمی زیندانی تاهەتاییم بەسەردا سەپا و بۆ کێشانی زیندانی تا هەتایی ڕادەستی بەندیخانەی قەسریان کردم. لەو بەندیخانەیە سەرەتا ناردیانم بۆ بەندی چواری بەندیخانەی ژمارە یەک و پاشان بۆ بەندیخانەی ژمارە ۳ بەڕێکرام و لە کۆتاییدا سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەندامی وەزارەتی داد کە لە دۆستە نزیکەکانم بوو و پاش قبووڵکران لە لایەن چەند سەرهەنگی سوپا کە وەک دادئەستێنی سوپا داواکەیان بەرز کردبۆوە، دەنگی ئەرێنی بۆ کەم کردنەوەی سزاکەم وەرگرت و من پاش چوار ساڵ و شتێک لە بەندیخانە ئازاد کرام.

دوای ئازادیی دەبوو بناغەی ژیانێکی تازە دانێم. بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار وەک پارێزەر هەوڵێکی زۆرم دا. ئەنجومەنی پارێزەرانی ناوەند خۆیان لە دانی مۆڵەتنامە دەبوارد! بە ناچاری لە ئەنجومەنی پارێزەرانی [پارێزگای] فارس مۆڵەتنامەی پارێزەرییم وەرگرت بەڵام لە تاران دەستم بە کار کرد. لەبەر ئەو هۆیە کەوتمە ژێر لێکۆڵینەوە. دادگای دادوەریی ئەنجومەنی پارێزەرانی فارس حوکمی بێتاوانیی منیان دا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆڵم نەدەبوونەوە، دۆسیەی من بۆ دادگای باڵای دادوەریی بەڕێکرا! ئەو دادگایەش حوکمی بێ تاوانیی منی دا و بەڕیوەی برد. بە بیانوویەکی بێ بنەما و بە هاوکاریی وەزیری دادی ئەوکاتی و بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزەرانی ناوەند، پەروەندەی منیان بۆ وەفدی گشتیی دیوانی وڵات بەڕێکرد

کە لەو هەوڵەشیاندا شکستیان هێنا و وەفدی گشتیی دیوانی وڵات داوای وەزیر و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزەرانی ناوەندی ڕەت کردەوە. لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزەرانی ناوەند خۆم کاندید کرد و بە دەنگێکی بەرچاو وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەنجومەن هەڵبژێرام. لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەریی بە کۆی دەنگ وەک لێکۆڵەری یەکەمی دەستەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێرام کە تا هاتنە دەرم لە ئێران هەردوو بەرپرسایەتییەکەم هەبوون.

لە ساڵی ١٣٥٦ یەکێک لەو پارێزەر و دادوەرانە بووم کە لە نامەیەکی سەرئاوالادا بۆ شا، داوای بەڕێوە بردنی یاسای بنەڕەتیی و یاسا تەواوکەرەکانی بووم و داوای گەڕانەوەی کەشوهەوای سیاسی بووین. هەر لەو ساڵەدا یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی مافناسانی ئێران بووم و ئەو ئەنجومەنە دەورێکی بەرچاوی لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا هەبوو. لە دوو کۆبوونەوەی گشتیی کە ئەو ئەنجومەنە بەڕێوەی بردن، وەک ئەندامی شوڕای ناوەندیی و دەستەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێرام و تا هاتنە دەر لە ئێران ئەو بەرپرسایەتییانەم بەڕێوە دەبردن.

لە ساڵی ١٣٥٧ یەکێک لە دامەزرێنەرانی بەرەی دێموکراتیکی ئێران بووم و وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو بەرەیە هەڵبژێرام. هەر لەو ساڵەشدا ئەنجومەنی کوردەکانی ناوەندمان لەگەڵ هەندێک لە خەباتکارانی سیاسی کورد دامەزراند کە من وتەبێژی ئەو ئەنجومەنە بووم تا کاتی هاتنەدەر لە ئێران و ڕۆژنامەی "بروسکە"م وەک زمانحاڵی ئەو ئەنجومەنە بڵاو دەکردەوە. بەرپرسیاریی و سەرنووسەریی ئەو گۆڤارەش هەر لە ئەستۆی من بوو.

دوای گۆڕانی ڕێژیم لە دامەزراندنی وەفدی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەوری سەرەکیم هەبوو و بۆ وەدیهاتنی یەکیەتی و یەکگرتوویی حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد هەوڵم دەدا.

لە ساڵی ١٣٥٧ لەگەڵ هەندێک لە کادر و نووسەران گۆڤاری حەوتوویی "صدای معاصر" [دەنگی سەردەم] مان بڵاو کردەوە. لە لایەن دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە وەک سەرنووسەر هەڵبژێرام.

لە نەورۆزی ١٣٥٧ لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ، لەگەڵیدا چووین بۆ سنە و کۆتاییمان بە شەڕی سنە هێنا. دەستپێشخەریی دامەزراندنی ئەنجومەنی شار و دانی ئەرکی بەڕێوەبەریی شار بەو ئەنجومەنە لە ئەستۆی من بوو و ئامادە کردنی دەقی ڕێککەوتننامەی ئەو وەفدەی کە لە ناوەند ڕا هاتبوون، بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی، لەگەڵ نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان لە ئەستۆی من بوو و هەروەها ئاییننامەی هەڵبژاردنی ئەنجومەن و دەسەڵاتەکانی من ئامادەم کردبوو. لە دوایین ڕۆژی ساڵی ١٣٥٨ بۆ چارەسەریی پزیشکی لە ئێران هاتمەدەر و بە هۆی ڕووداوەکانی بەهاری ئەوساڵی لە

کوردستان، ئیتر ئیمکانی گەڕانەوەم بۆ ئێران نەبوو و لەهەمان کاتەوە ژیـانی تـاراوگەیی نەخوازراوی من لە سویس دەستی پێکرد.

**ئەم ژیاننامەیە لەسەر داوی من هاوڕێ کەمال حەسەن پوور لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتەوە بۆ کورد.**

**سپاس و دستیان خۆش بێ – ڕەحمان نەقشی**

## لە ماتەمینیی ڕێزدار "سارمەدینی سادق وەزیری"ی مەزن دا



عەزیز ماملێ(خانە)

قەڵەم تازیەبارە و کاغەز ماتەمینی گرتووە، کتێب و ڕۆژنامە شێن دەگێڕن، ئاخر ئەمەگناسێکی گەورەیان لەدەسداوە. کەسێک کە باشترین پێوەندیی لەگەڵیان هەبوو و بە درێژایی تەمەن هاتووچوویانی کرد. دۆستایەتیی نێوانیان قووڵ و بەردەوام بوو. ئەویندارى یەکتر بوون و پێوەندیەکانیان لە قووڵایی کۆمەڵگە ڕەگیان کوتا و بەریان گرت، بەرهەمی ئەو پێوەندیە مرۆڤ دۆستی، ئەخلاق و هەوڵ بۆ گەیشتن بە یەکسانی و دادپەروەریی بوو.



دادوەر(قازی)ی بوێری تاران، پارێزەر(وەکیل)ی بە ئەزموون، سیاسەتوان و تێکۆشەری ماندوونەناس، سارمەدینی سادق وەزیری کۆچی دوایی کرد.

کۆمەڵگەی سیاسی و حقوقیی ئێران و کوردستان خەم دایگرتوە، ئازادیخوازان و پێشکەوتنخوازان، دۆست، هاورێ و هاوبیرێکی جێگای رێز، بەئەزموون، پێشکەوتنخواز و ئەرک وەخۆگریان لەدەسداوە. لێرە ناتوانم سیاسیە و کارنامەیەک لە تایبەتمەندیەکانی ریز بکەم. دەرەتان تەسکە، مەودا تەنگەبەر و خەم تەشەنای سەندوە. لەم هەلە دا هەر دەتوانم بەکورتی ئاماژە بە تایبەتمەندی و سەرمایەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی سیاسی، حقوقی و کۆمەڵایەتیی بکەم.

لە بواری "قەزا" دا خۆشناو و لە مەیدانی سیاسەتدا ئەوپەڕی بڕوا و خۆشناوی. هەموو ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی لە بواری پێشە و لە باری رێکخراوەییەوە بەو پەڕی کارامەیی ڕادەپەڕاند. قورس و قایم پێبەند بە بایەخە کۆمەڵایەتییەکان بوو، لە بەرابەر هیچ داگیرکەر و ستەمکارێکدا داینەنواند، خاوێن ژیا و نوێنگەی پاکی لە ئەخلاق مایەوە.

لە رووبەرووبوونەوەی رووداوەکان گەرچی پێی لەسەر عەرز بوو، بەڵام سەری لە ئاسمان و بۆ بیرۆکە سیاسیەکان و گەران بۆ ئامانج، کاکڵەی ئیدە و دۆزینەوەی رێگاچارە بوو. ئیدە و رێگەچارەیەک کە هەڵقوڵاوی راستیەکانی کۆمەڵگە بوون.

لە سیاسەت دا هیچکات ئەدەب و پاراستنی حورمەتی لەبیر نەکرد و پێ بەند بە رێوورەسمی ئەخلاقی و ئینسانی بوو و بە مەتانەتەوە لەو بوارانەدا هەڵسوکەوتی دەکرد. تێگەیشتوویی و زانستی خۆی لە خزمەت ئامانجەکانی دانابوو و ئامانجی مرۆڤدۆستی و خزمەت بە کۆمەلانی ستەملێکراو و مافخوارو بوو. ئەویندار و عاشقی سەوداسەری دیموکراسی بوو و بە تەنیا هەڵبژاردەی بۆ چارەسەریی کێشە سیاسی و ئیدارییەکانی ئێرانی دەزانی، بە تێفکرینەوە دژی سەرەرۆیی و دیکتاتۆریی خەباتی کرد و لە بوارەدا بڕیاری ئیعدامی بۆ دەرچوو.

وەک مرۆڤێکی شەریف، بوێر، دیار و تێکۆشەر لە لای هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان و کەسایەتیە دێموکرات و شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکانی ئێران لە نزیک بە یەک سەدەدا، رێز و حورمەتێکی زۆری بۆ خۆی دەستەبەر کرد. دڵی هەمیشە لای خەڵک بوو، رێزی لە کۆمەلگە دەگرت و بۆ ئەو مەبەستەی(خەڵک خۆش ویستن و رێزگرتن لە کۆمەڵگە) لە خۆبوردوو بوو و تاوان ێکی زۆریشی بۆ دا. لە رێگەی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئازادیخوازانە و بەرابەری خوازانەکانی حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپا. لەو بوارەدا ترس لە ئیعدام و دڵەراوکێی لەدەسدانی کار و هەلومەرجی بنەماڵەیی لای گرنگ نەبوو و هیچکات تووشی ڕاڕایی نەهات.

لە بواری "قەزاوەت" (وەک قازی و دادوەر) و پارێزەر(وەکالەت) لە مافی خەڵکی ستەم لێکراو و لە "داد" (عەدالەت) دیفاعی کرد و لە مەیدانی سیاسەتدا، داکۆکیکاری ستەملێکراوان و بەشمەینەتان بوو. بە سەرنج و دەسپاکیەوە، بە بوێری و

لەخۆبوردوویی هەمـوو بەڵێنەکـانی خـۆی لەو بـوارانەدا بە ئەنجـام گەیانـد. دادوەری (قەزاوەت) و پاریزەر(وەکـالەت) و سیاسـەتی لەو پەڕی سـەداقەت و سـەلامەت و حەکیمـانە و عالمـانە رەچـاوکرد و لە گەڵ خەبـات بـۆ ئـازادی، بەرابەری و داد پەروەریی کۆمەڵایەتی پێکەوەی گرێدان.

هێژا سادق وەزیری نوێنگەی تێکۆشان و خەبـات بـۆ مـافە دێموکراتیکەکـانی خەڵـک لە سـەردەمە مێژووییەکانـدا بـوو.ئەو بە مێـژووی زینـدووی ئێـران و کوردسـتان دەژمێـردرا. ژیـانی ٩٠ سـاڵی ڕابـردووی هاوکـات بـوو لەگەڵ رووداوە گرنـگ و چارەنووسسازەکان لە ئێران و کوردستان. بەشداری و چالاکیەکانی هەر لە خەبات و ڕاپەرینەکان لە ساڵەکانی ٢٠ و ٣٠ەوە تـا بەشـداریی چـالاک و گشـت لایەنە لە شۆڕشـی ٥٧، دەبـێ بە شـانازیی و سـەربەرزیەوە چـاولێبکرێن. لە هەمـوو ئەو سەردەمانەدا لەوتـار و نووسین و کردارەکـانی دا بلیمەتـی لە کەسایەتیی و لێبـڕاوی و بەردەوام بـوونی لە ئاستێکی بەرز دا لەخۆی نیشان دا. لە کۆڕی ئازادیخوازانی ئێرانـدا باسی گۆڕانکـاریی دێمـوکراتێکی لە دەسـەڵاتی سیاسـی و یاسـای بنەڕەتیـی وڵات هێنایە ئاراوە و بانگەشەی بۆ کرد. پێ ئەسپاردنی پلە و پۆستی هەستیار و بەرپرسـایەتیی گرینگ لە دامەرزاوەکـانی وەک کـومیتەی ئازەربایجـان - کوردسـتان و کـۆمەڵەی خەبـات دژ بە ئیسـتعمار، هەروەهـا هەڵبژاردنـی وەک ئەنـدامی بەڕێـوەبەریی کـانوونی وەکیلانـی دادگوسـتەریی ئێـران، دەرخەری ئەوپەڕی بـڕوای هاوخەبـات و هاوکـار و هاوپیشـەکانی لە لایەک و نیشـانەی لـووتکەی شیاو بـوونی بـۆ بەرێـوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکان بـوو. قسە مێژووییەکـانی لە زانکۆی تـاران لە هەڕەتـی لاوێتـی لە تەنیشـت دوکتـور موسـەدێقەوە، لە کـاتی رووداوی مێژویـی گەڕانەوەی دوکتـور موسـەدێق بـۆ پارلەمان(مەجلس) کە بوەهۆی بریندار بوونی، نیشانەی توانایی، کارزانی و تـایبەتمەندیی بایەخدار بوو لە کەسایەتیدا.

لە "کانوونی وەکلای ئێران" و لە کۆڕی پارێزەرانی پێشڕەودا لە بنەمای "سەربەخۆیی قـوەی قەزاییە" و هەروەهـا دامەرزان و پاراستنی سەربەخۆیی "کانوونی وەکلا" پشتیوانیی کرد. لە پێکهاتنی "جەمعیەتـی حقوقـدانانی ئێـران" کـاریگەریی هەبـوو کە لە دامەرزێنەرانی بوو. لە سەرهەڵدان و دامەرزانی "جبهەی دمکراتیک ملی" بەشدار بوو.

هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی بە بێ هیچ خۆدەرخستن و خۆپەرستیەک ئەنجامدا.

هێـژا سـادق وەزیـری دروست و ئاگاهـانە "شـوێن و قـورسایی بـزووتنەوەی نیشـتمانی - شۆڕشگێڕانەی کوردستـان"ی لە بـواری گشتیی بزووتنەوەی شۆڕاگێڕانەی ئێران" دا بە بایەخدار دەزانی و "ڕاستیی تـاڵی دەرکی هەڵە یـا تەم و مژاویـی ڕێکخـراوە پێشکەوتنخواز و شورشگێڕەکانی ئێران لە ئاستی دا" وەبیر دەهێنایەوە و هەمیشە لە سـەرئەوە پێداگر بـوو کە: "بەردەوامیـی حەرەکەتـی شۆڕشـگێرانە و دێموکراتیـک لە سەرانسـەری ئێـران لە پێوەنـدیی راسـتەوخۆ و نزیـک و بەردەوام و مـانەوەی

بزووتنەوەی نیشتمانی - دیموکراتیکی کوردستان دایە". وەک دیتمان رووداوەکانی پاشتر راستیی فیکر و هەڵسەنگاندنەکانە ژیرانەکانی سارم خانی سەلماند.

ریزدار سارم خان، بە سەرنج و وردبینی و لە روانگەی زانستی سیاسیی مودیرنەوە بزووتنەوەی کوردستانی بە "نیشتمانی - شۆشگێرانە" ناو هێنا و وەک راستییەکی تایبەتمەند هێنایە ئاواوە کە لەهەلومەرجی دیاری مێژوویی لەم سەردەمەدا، ئامانج دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردە لە چوارچێوەی ئێرانێکی سەربەخۆ و ئازاد دا. چەندەش زانایانە و ژیرانە لە بەرابەر ئەوانەی کە دژی بۆچوون و بیرۆکەکەی راوەستان و نووسین یان لەسەر بڵاوکردەوە راوەستا و وەڵامی کونجاوی دانەوە. وەک دەبینین لە کتێبی "رێگا رێگای دیموکراسییە" لە وەڵامی نووسەرێک کە لە بابەتێکدا بەناوی "رێگە لە کام لایە" و دژایەتیی روانگەکانی لەسەر داکۆکی لە دیموکراسی و مافی نەیەوەیی کردبوو، ئاوا دەڵێ:

"تەنیا رێگا، دیموکراسی ڕاستەقینەیە، ئەویش بە زەمانەت کردنی ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک بتوانن مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە بوارەکانی نیشتمانی، تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی ئێران و دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی وەک کورد، تورکمەن، بەلووچ، عەرەب و ئازەربایجانی؛ بەبێ دەستەبەر بوونی ئەو مەرج و ئەوهەلە کە باسکرا، هەرچەشنە قسەیەک لە دیموکراسی و فرەچەشنی و شتی لەو بابەتە قسەگەلێکن بۆ لە خەو خستن(خاپاندن)ی بەشمەینەتان ونەتەوە ستەملێکراوەکان. ئاخر کاتێک نووسەر خۆی دەڵێ: بەشی هەرە زۆری هێزی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکان و هەروەها فابریک و دامەرزاوەکانی بەرهەم هێنان لەدەستی دەوڵەت دان، کاتێک بەڕێوەبەران و کارگێڕان و بوروکراسی حاکم بەگشتی لە یەک نەتەوەن، کاتێک ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان لەباری ئابووری و فەرهەنگیەوە دواکەتووترلە ناوچەکانی دیکەی ئێرانن، چۆن دەتوانرێت بەبێ رەچاوکردنی مێکانیزمی تایبەت کە ئەو نابەرابەریانەی کورد و بەلووچ قەرەبوو بکاتەوە و مافی هەردوو گەلی کورد و بەلووچ دەستەبەربکات، تەنیا بە گەمەی زۆرینە و دەستاودەست کردن دڵ خۆش بکەین؟"

جەمعیەتی کوردانی دانیشتووی ناوەند(جمعیت کردهای مقیم مرکز)ی لە تاران دامەرزاند و رۆژنامەی برووسکە و سدای مەعاسری بە هەوڵ و تێکۆشانی کەم وێنەی خۆی، کردە سەنەنگەری دیفاع لە بزووتنەوەی کوردستان لە بەرابەر هێرشەکانی پاسدارانی کۆنەپەرستیدا. رێکخراوە سیاسییەکان بە رێزی تایبەتەوە دەڕوانینە کەسایەتیی ئەم گەورە پیاوە و لە رێنوێنی و راسپاردە داهێنەرانەکانی کەڵکیان وەردەگرت.

ریزدار سارم خان هەمووکات پێویستیی یەکێتی رێبەریی سیاسی - نیزامی بۆ راوەستان لەبەرابەر شەڕی سەپێندراوی بازرگان

و خومەینی و مەلاکانی تاران بەسەر کوردستان، وەبیر حیزب و ڕێکخراوە کوردیەکان دەهێنایەوە. هەوڵ و تێکۆشانی بەڕێز سادق وەزیری و هاوکات داخواز و زەختی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەست بە بەرپرسایەتیی هێزە سیاسی‌یەکان و تەیایبەت مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی بونە هۆی سەرهەڵدانی لاپەڕێکی زێڕین لە خەباتی گەلی کورد، کە ئەویش پێکهێنانی دەستەی نوێنەراتی گەلی کورد(هیات نمایندگی خلق کرد) بۆ وتووێژ لەگەڵ نوینەرانی دەوڵەت.

سارم خان بەوەش نەوەستا و بۆ چاودێری و ڕێکوپێک کردنی کاردکرد و کاری دەستەی نوێنەراتی کورد چوە مەهاباد و لە نزیکەوە چاودێری وتووێژ و ئەرکەکانی "دەستەی نوینەرایەتی کورد"ی کرد. گرنگترین بەرهەمی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، "گەلاڵەی ٢٦ مادەیی" بوو کە سارم خان بە گەلاڵە داڕێژی سەرەکیی دەژمێردرێت، ئەم گەلاڵەیە پێشکەش بە گەل و هاوکات وەک بنەمای وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت، پێشکەش بە دەسەڵات کرا.

کەسایەتیی سارم خان ئەوەندە بەرز و بەڕێز بوو کە لە شەڕی سنە (نەورۆزی خوێناوی ١٣٥٨) لەسەر بانگ هێشتی ئاغای ئەحمەد حاج سەید جەوادی لە شوێنی لەدایک بوونی خۆی(سنە) ئامادە بووو لە بەرابەر بەهەشتی، رەفسەنجانی، بەنی سەدر، تاڵەقانی و ئەحمەدی سەدر داکۆکیی لە مافەکانی گەل کرد و بە پێشنیار و داهێنانی بەرێزیان شوورای شاری سنە پێک هات کە لە سەردەمی خۆیدا بە دەستکەوتێکی گەورە حیساب دەکرێت.

لە تەبعیدی سیاسیش دا ئارام دانەنیشت و بەردەوام بە نووسین و راوێژ و راسپاردەی ژیرانە یارمەتتیی هێزە کوردیەکانی دەدا و بەهەر بۆنەیەکەوە بوایە هەڵە و ناکۆکیەکانی وەبیر دەهێنانەوە. پێشنیار و گەلاڵەی "پێکهێنانی شووای کاتیی شۆڕشگێری سەراسەریی کوردستانی ئێران، پێویستیی حاشاهەنەگری قۆناخی ئێستا"ی لە ساڵی ١٣٦١ نموونەیەک لە هەست بە بەرپرسایەتیەکی بەنرخی بەرێزیان بوو.

یادزیندوو سادق وەزیری بە قەڵەم و بە قەدەم، بێ ئەملاو ئەولا، وەک "ژان ژورز" بیرمەندی فەڕانسەیی هەموو بیر و توانی خۆی نایە خزمەت مرۆڤایەتی، دیفاع لە ستەملێکراوان و بەتایبەت پشتوانی لە ڕێبازی چەپ و پێشکەوتنخوازی، لە ماوەی ژیانی پڕ لە شانازیی‌دا، ئەوەی لە توانایدا هەبوو بۆ خزمەت بە چوونە پێشی خواستی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبوارانی رزگاریی ئێران لە دەستی سەرەڕۆیی و ئینحسار بەکاری هێنا. جەنابی سادق وەزیری بە هۆی ئەو ڕێز و حورمەت و بەکردەوە هەنگاو نان بۆ دیفاع لە ئازادی و بایەخە ئەخلاقی و ئینسانیەکان هەیبوو ناوبانگی تایبەتی هەبوو. هەر ئەوەشە هەتا هەتایە، یاد و خۆشناوی و تایبەتمەندیە ئینسانی و ئەخلاقیەکانی لە کۆڕ و کۆمەڵە حقوقی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەمێنێتەوە.

من بەتایبەت قەدرزانی ئەو پەروەردە بەرزەم کە لە سەردەمی پڕ لە شانازیی قوتابی بوونم لە مەکتەبی ئەم کەسایەتیە گەورە وەرم گرتوە و هەمیشە لە ناخی دڵەوە سپاسیان دەکەم، دەفتەری وەکالەتی بەرێزیان بۆ من بایەخدارترین کەنجینە و کتێبخانە بوو و جەنابیشیان باشترین مامۆستا و سەرچاوە بوو بۆ من. هەستی باوکانە و لوتف و گەورەیی بەرێزیان تا دوا هەناسەی ژیانم لەبیر ناکەم.

**من ئیمڕۆ باوکی مەعنەویم لەدەسدا.**

**پاریس**

**یازدەی ئاوریل ٢٠١٨**

## بەشێک لە پرسە نامە و هاوخەمی بۆ ماڵئاوایی ڕێزدار سارم خان سادق وەزیری

### پەیامی سەرەخۆشی بەڕێز کاک جەلیل گادانی بەبۆنەی کۆچی دوایی سارم خانی سادق وەزیری-یەوە



بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە گەورەپیاوی کورد و سیاسەتوان و مافناس، زانا و خەباتکاری نەبەزی ناودارمان، سارم خانی سادق وەزیری بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ١١ - ٤ - ٢٠١٨ لە وڵاتی سوئیس کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان کرد و بەئامانجە لەمێژینەبەرزەکانی نەگەیشت.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی خۆم و بنەماڵەی گادانی لە بنەماڵەی بەڕێزی کۆچکردوو و هەموو کوردی دڵسۆز و تێکۆشەر و هەموو مافناسانی ئازادیخوازی کورد و ئێرانی دەکەم. لەدەستچوونی مرۆڤێکی ئاوا بەبیروباوەڕ کە بەشی هەرەزۆری تەمەنی ٩٧ ساڵەی لەپێناوی ئازادیی و دیموکراسیدا بەخت کردووە، جێگەی داخە.

هیوادارم ڕێگەی تێکۆشان و خەباتی بەردەوام و ڕۆحی گەورەی شاد بێ.

جەلیل گادانی - پاریس؛ ١١ - ٤ - ٢٠١٨

## مرۆڤی پیشکەوتنخواز و خەباتگێڕی کورد سارم خانی سادق وەزیری



هاشم کەریمی

ئەمرۆ ١١ - ٤ - ٢٠١٨ی زاینی ٢٢ - ١ - ١٣٩٧ی هەتاوی مرۆڤی پیشکەوتنخواز و خەباتگێڕی کورد سارم خانی سادق وەزیری کۆچیدوایی کرد. زیندوویاد سارم خان

هەر لە دەورەی کۆماری کوردستانەوە لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵات پێوەندیی هەبوو. لە دەوری سەرەک وەزیریی "دکتور مصدق " دا لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کاندیدای مەهابادی دەورەی حەفدەهومی مەجلیسی شوڕای مللی ئێران بوو و هەرچەند زۆربەی خەلکی مەهاباد دەنگی خۆیان دایە، بەڵام لە بەرئەوەی لە کوردستاندا ئەرتەشی دژی گەلی شا دەسەڵاتدار بوو، بە ساختەکاری سندووقەکانی دەنگ بۆ ئیمام جومعەی تاران کە خەڵکی مەهاباد نەیشیان دەناسی پڕ کرایەوە.

دوای کودەتای" ئەمریکایی - ئینگلیزیی شا- زاهیدی "ی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی سارم خان چەند ساڵ گیرا و دوای بەر بوون دەفتەری پارێزەریی لە تاران کردەوە و یەکێک بوو لە بەناوبانگترین پاریزەرانی ئێران. هەرچەند سارم خان


لەبەرکەشی دیکتاتۆریی ئێران لە سایەی رژیمی کودەتاوە بە ئاشکرا تێکۆشانی نەبوو، بەڵام دلی هەرلای تیکۆشەرانی کوردستان بوو. لە کونگرەی ٤ی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران دا بەشداریی کرد و نوێنەرانی بەشداربووی کونگرە داوایان لێکرد خۆی بۆ رێبەرایەتیی حیزب کاندیدا بکا، بەڵام قبووڵی نەکرد. دوای ئەوەش تا کۆچی دووایی لە رێنوینیی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد درێخی نەدەکرد و بۆ زۆر کونگرەکانی حیزبی دیموکرات پەیامی دەنارد و رێنوینیی بە کەڵکی دەکرد

لە سەردەمی بزووتنەوەی جەماوەریی رۆژهەڵاتی کوردستان پاش رووخانی رژیمی پاشایەتی و پاشان یەکگرتنی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵات لە " کۆڕی نوێنەرایەتیی گەلی کورد " بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی، پاش چەندین قۆناغی شەڕ و وتووێژ، ئەم کۆڕە گەڵاڵەیەکی وەک داوخوازیی گەلی کورد بۆ چارەسەریی نەتەویی لە ئێران و کوردستان دارشت و پێشکەشی بە رای گشتی، کۆمەڵانی خەڵک و حکوومەتی ناوەندی کرد، ئەم گەڵاڵەی ٢٦ مادەیی بە ناوبانگە ئێستەشی لەگەڵ بێت یەکێک لە کامڵ ترین پرۆتوکولەکانە بۆ چارەسەریی مافی نەتەوەیی. شانازیی گەڵاڵەکردن و نووسینی ئەم گەڵاڵە کە بە " گەڵاڵەی ٢٦مادەیی "ناوبانگی دەرکردووە هەتا هەتایە بۆ سارم خان دەمێنێتەوە.

من بە نۆبەی خۆم وەک برایەکی گەورە رێزم بۆ دادەنا و ئەویش لە ریی پێوەندیی تەلەفوونیەوە هەمیشە مەحیبەتی براگەورەیی هەبوو. بە گەرمی سەرەخۆشی لە بنەماڵی بەرێزی و هەموو تێکۆشەرانی ریگەی ئازادی و پێشکەوتنخوازیی مرۆڤ دەکەم.

هاشم کەریمی

## بۆ ماڵئاوایی یەکجاری ئاغای سادق وەزیری



**مستەفا شڵماشی**

ئاغای سادق وەزیری کەسایەتی ناسراوی حقوقی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەری دێرینی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد. ئەو ئینسانێکی زانا، سیاسی و کوردپەروەر بوو و لە دەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە بۆ بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان. ئاغای سادق وەزیری تا دوا هەناسەی لە خەمی گەلەکەی دابوو، لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەیوەندیی زۆر نیزیکی ڕاگرتبوو و لە بۆنەی جۆربەجۆردا و بە ئامۆژگاری و هاوفکری حیزبی ئێمەی دەوڵەمەند دەکرد و بۆ خەبات و تێکۆشانی زیاتر و ئیمان بەخۆبون و وورەی خەباتگێڕانە هانی دەداین. بە بۆنەی ماڵئاوایی یەکجارەکی ئەو تێکۆشەرە دێرینە، لە بنەماڵە بەڕێزەکەی، لە حیزبەکەمان و هەمو خەڵکی کوردستان سەرەخۆشی دەکەم و هیوادارم نەتەوەکەمان هەرچی زۆرتر ئینسانی ئاوا زانا و غەمخۆری لێ هەڵکەوێ و جێگای ئەو پیاوە مەزنە بەتاڵ نەمێنێتەوە

١١ - ٤ - ٢٠١٨

## خەمی لەدستدانی کەسایەتییەکی مەزن!



**ماڵئاوا جەنابی سارم خانی سادق وەزیری!**

**محەممەد خزری**

نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەمو سەرەخۆشی خۆم لە کێ بکەم؟

بەداخێکی گرانەوە، بەگوێرەی ڕاگەیاندنی دۆستان، لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، ئیمرۆ بەیانی ١١ - ٤ - ٢٠١٨ کەسایەتی ناوداری کورد، شادڕەوان سارم خانی سادق وەزیری دڵەگەورەکەی لەلیدان کەوت و هەموو دۆستو موخلیسانی خۆی ماتەمبارو خەمبارکرد. سارم خانی کەسایەتییەک نەبوو تایبەت بەبنە ماڵەی سادق وەزیربێوبەس! سارم خان خەمخۆری هەموو کۆمەڵگای کوردەواری بوو. ناوبراو مافناسو وەکیلێکی پلەرزی کورد بوو کە، خاوەنی زانست، ئەدەب، عیززەتی نەفس، خەمخۆری راستەقینەی کوردو کوردستانو مرۆڤایەتی بەمانای و وشەو زۆرێک لە پەسنەکانی بەرزی کۆمەڵگای بەشەرییەت بوو! سارم خان، خۆشەویستی ڕووناکبیرو خەباتگێرانی عەداڵەتخواز بوو...!

منیش وەکوو زۆر لەموخلیسانی ئەو، لەماوەی ئەو سیودووساڵەداکەم کە لەئوروپا شانازی ئاشنایەتیو موخلیسایەتی ناوبراوم لەنزیکەوە پێبراوە، حەوتووی هیچ مانگێک نەبووە، بەنامەو تەلیفوون پێوەندیمان نەبووبێ! لەدەستدانی ئەو

کەسایەتییە مەزنە بەخەسارێکی فرەگەورەو قەرەبوو نەکراوە دەزانم بۆ کۆمەڵگابەشەکەمان لەکوردستان...

پێشەکی سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی هاوژینە بەوەفاو خۆشەویستەکەیان مینۆ خانم، وجەگەرگۆشەکەی کاکەوریای کوڕیو گشت بنەماڵە گەورەی سادق وەزیری دەکەمو بەنۆرەی خۆم لەو کارەساتەدا خۆم بەهاوخەمیان دەزانم.

هەروەها سەرەخۆشی لەدۆستە سادقو خۆشەویستەکانی سارم خان وەک: کاک عەزیزی مامڵێو کاک مەلاعەزیزی ئەحمەدیو... دەکەم، تاکاتی ماڵئاوایی لەژیان وەکوو موخلیسێک هەرگیزلێی خافڵ نەبوون...

لەکۆتایی بەبۆنەوی ئەو خەسارەمەزنە، سەرەخۆشی لەهەموو خەباتگێرەخۆشەویستەکانی و گشت کۆمەڵگای هەژارانی کوردستان دەکەم کە دڵسۆزو لاینگرێکی مەزنیان لەدەست داوە. هیوادارم لەو بابەتەی لەبەردەستم دایە مەرگ مەودام بدا، بتوانم سەبردەی کەسایەتی سارم خان و هاوخەباتەکانی لەزمان خۆیان و نووسینەکانییەوە ئەو مەزنە پیاوە بناسین. یادی سارم خانی بەخێرو روحی شادبێ!

# ئەستێرەیەکی گەشی هەرمان



حەسەن حاتەمی

کەسایەتیی هەڵکەوتەی رۆژهەڵاتی کوردستان، سارم خانی سادقوەزیری دوای نزیکەی ١٠٠ ساڵ ژیان، لە رۆژی چوار شەممۆ ١١ی ئاوریلی ٢٠١٨، لە وڵاتی سویس ماڵئاوایی بەجەستەی لێکردین. ئەو مرۆڤە بەڕێزە لە رەوتی ژیانی سیاسی و تێکۆشانی دا، وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بۆ ئازادی و مافی نەتەوەیی هەوڵی زۆر گرینگی دا. بەڕێزی لە ئاسمانی سیاسی کوردستان و ئێران دا، ئەستێرەیەکی گەشی هەرمانە.

بە هیممەتی و بیری ئەو بوو- وەک بۆ خۆی لە سویس باسی کرد- نەمر دکتور قاسملوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیویست بۆوە و بۆ سەربەخۆیی حیزب و کورد و کوردستانی مانەوەی نەقشی هەرە سەرەکیی گێڕا.

لە ساڵی ٢٠١٣ دا، بە پێشنیاری کۆمیتەی سویسی حدک و هەوڵی ماندووی نەناسانەی کاک مەلا عەزیزی ئەحمەدی و بنەمەڵە بەڕێزەکەی شانازی چونە خزمەتی سارم خانی سادقوەزیریم بۆ رەخسا.

بەڕێزی لە بواری جەستەیی بەداخەوە ساغ نەبوو. بەڵام لەبواری بیر و هزرەوە زۆر وریا و وشیار بوو. وەزعی نێوخۆی ئێران، هەلومەرجی کوردستان و جیهانی لە رەهەندی جۆراوجۆر دا، زۆر جوان لێکدەداوە.

ئەو نەمرە یادگاریکی زۆر بەنرخی دیکەشی هەیە کە لە نووسین و ڕێککردنی گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد، بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە زستانی ١٣٥٨دا، یارمەتیدەرێکی زۆر گرینگ بوو. چوونکە سیاسی کارێکی بە ئەزموون و مافزانێکی بە توانا بوو.

بەو بۆنە ناخۆشەوە خۆم بە خەمبار لەگەڵ کۆڕی خەمباران دەزانم. پرسە و سەرخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی بە تایبەتی مینو خانمی هاوسەری و هەموو تێکۆشەرانی ماف خواز و گەلەکەمان، دەکەم

یادی بەرز و بەڕێز بێ.

حەسەن حاتەمی

١٢ی ئاوریلی ٢٠١٨

# تێکۆشەرەی ڕێگای عەداڵەت و دادپەروەری و ئازادیی



**ئەحمەد شێربەگی**

صارم الدین صادق وزیری(سارم خان) لە تەمەنی ٩٧ ساڵی لەیەکێک لە کۆمۆنەکانی لۆزانی سویس کۆچی دوایی کرد.

بێگۆمان ڕەوانشاد صارم الدین صادق وزیری کەسایەتێکی بەرچاو، ژیرو بیرمەندو یەکێک لە سیما ناسراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە، باس لە تێکۆشانو خەبات وژیانی سادق وەزیری زۆر هەڵدەگرێ و حەوجێی بە کاتێکی زۆرە.من ناچمە سەر باسی پێشینەی سیاسی وخەبات وتێکۆشانی ناوبراو لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوودا کە سارم خان گەلێک بەرپرسیارەتی لە ئەستوە بوە و لەوپێناوەدا ماندوویی نەناسانە تێکۆشاوە.

لە پێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان دادەکرێ بێلێم لە برگەیەکی ئەم بزووتنەوەیەدابە هۆی زانستی مافناسی لە داڕشتنی گەڵالەی پێشنیاریی خودموختاری بۆچارەسەری پرسی کورد لە رۆژهەڵات لە گەڵ ڕێژیمی ناوەندیدا دەوری سەرەکی گێراوە، بەڵام مەخابن لەم ڕێکەوتە بەملاوە ئەو رۆڵ وپێگەیەی ناوبراو بەو ئەزموون و خەباتە دەوڵەمەندەی کە لە پاشخانی خۆی داکەڵەکەی کردبوو ،پێویست بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان داوەگەڕی خستبا کاڵ دەبێتەوە. هەرچەند نەمر سارم خان پێوەندێکی توند وتۆڵیشی لە گەڵ حیزبی دێمۆکرات وبەتایبەتی شەهیدی نەمر د.قاسملووی زانادا هەبووەو لە زۆربارەوە نەمر دوکتور قاسملوو ئاڵو گۆڕی بیروڕای لە گەڵ دا کردوە.

ساڵی پاردەرفەتێک هاتە پێش لە گەڵ هاورێم "ئالان دیلانی" سەردانی سارم خان لە ماڵەکەی خۆی دابکەم. نایشارمەوە بەداخ بووم لەوەیکە کەسایەتێکی ئاوا ئاکادمی وزانا بەم گشتە زانستە کە پاشەکەوتی کردوە ساتەکانی تەمەنی ئاوا لەتاراوگەیی بە بێدەنگی بڕوات.

بە بۆنەی کۆچی دوایی سارم خانی سادق وەزیری ئەو تێکۆشەرەی ڕێگای عەداڵەت و دادپەروەری و ئازادیی، لەناخی دڵمەوە پرسە وسەرەخۆشی خۆم پێشکەشی هاوژینە ڕووحسووکەکەی وکەس وکاری و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کورد وکوردستان دەکەم.

سڵاو لە گیانی و ڕووحی شادبێ...

## سڵاو لە بیرەوەری سارەمەدین سادق وەزیری،



**حەسەن قازی**

١١-ی ئاوریل دوو ساڵ لە مەرگی سارەمەدین سادق وەزیری لە تاراوگە تێ دەپەڕێ. سادق وەزیری لە تەمەنیی درێژی خۆی دا ئەوەی لە دەستی هات کردی بۆ پارێزگاری لە مافی نەتەوەی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێران. یەک لەو کەسانە بوو کەدەورێکی باشی هەبوو لە زیندوو کردنەوەی چالاکی و خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای ڕووخانی جمهووری کوردستان.

سارمەدین سادق وەزیری وەکوو وەکیلێکی دادگوستەری لە تاران ئەوەی لە دەستی دەهات دەی کرد بۆ بە دەنگەوەهاتنی موکیلەکانی. لە هەمان کات دا لە بواری ڕۆژنامە گەریش دا چالاک و لە سەردەمی بەر لە کودەتای ١٩٥٣ بەدژی حکوومەتی موسەدیق سەرنووسەری ڕۆژنامەی "شەهباز" ئۆرگانی جەمعییەتی خەبات بە دژی ئیستیعمار" نزیک لە حیزبی توودەی ئێران بوو. سادق وەزیری لە بەراییەکانی ساڵی ١٩٥٢ بۆ چوونە نێو پارڵمانی ئێران بەربژێری مەهاباد و ناوچەی موکریان بوو، هەر چەند دەنگی یەکەمی هێناوە بەڵام بە فەرمانی ئەرتەش و شاویستان ئیعتیبارنامەیان نەدایە و لە جیات وی سەید حەسەنی ئیمامی ئێمام جومعەی تاران چووە پارڵمان کە قەت مەهابادی نەدیتبوو، هەر چەند دەوری ئەو خولەی مەجلیس زۆر کورت بوو.

دوای کودەتای ئەمریکایی ساڵی ١٩٥٣ و لادرانی حکوومەتی موسەدیق چەندین ساڵ گیرا و لەو ماوەیەی کە لە زیندان دا بوو لەگەڵ دوکتور حوسێن فاتمی وەزیری کاروباری دەرەوەی کابینەی موسەدیق کە دواتر تیرەباران کرا دۆستایەتییەکی گەرمی

پەیدا کرد و لەکتێبێک دا بە زمانی فارسی کە بە ساڵان دواتر لە دەرەوەی وواڵات بڵاوی کردەوە باسی ئەو تەجروبەیەی خۆی کردووە. دوای هاتنە دەر لە زیندان درێژەی دا بە چالاکییەکانی و یەک لە پارێزەرە هەڵسووڕاوەکان بوو لە چوارچێوەی "کانوونی وکەلای دادگوستەری" دا، لە زەمانی شا هەر چەند لە تاران دەژیا تێکەڵاوی و پێوەندیی خۆی لەگەڵ تێکۆشەرانی کورد بە نهێنیش بێ هەر پاراستبوو. من یەکەم جار لە ساڵی ۱۹٦۳ لە تاران دیتم. بیستبووما پارەیزەرێکی پێشکەوتوویە، جارێک لەگەڵ سمایلی شەریفزادە چووینە دەفتەرەکەی.

سارم خان بە دەم پەرەسەندنی خەباتی دژی ڕێژیمی شا حەولی زۆری دا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕێکخراوە ناکوردییەکان بۆ سەر مافی و پرسی کورد و دەورێکی سەرەکی هەبوو لە ڕێک خستنی "کۆمەڵەی کوردەکان دانیشتووی ناوەند" دا، خاوەن ئیمتیازی ئۆرگانی ئەو ناوەندە "برووسکە" و هەر وەها سەرنووسەری ڕۆژنامەیک بوو بە ناوی "صدای معاصر" کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا دەردەکەوت. لە کاتی نەورۆزی خوێناوی سنە لەگەڵ ئایەتوڵا تالەقانی و شاندی دەوڵەتی بازرگان چووە سنە و هەمیسە حەولی دەدا لە گوشار و هێرش بۆ سەر بزووتنەوەی کوردستان کەم بکاتەوە. سادق وەزیری ئەو کەسەیە کە گەڵاڵەی ۲٦ مادەیی خودموختاری کوردستانی ئامادە کردووە، دیارە بە هاوفکری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان. دواتر هەر ئەو دەستپێشخەر بوو بۆ ئەوەی کوردەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دا دەنگ بدەن بە کاندیدای موجاهیدین واتە مەسعوود ڕەجەوی.

لە ساڵی ۱۹۸۰ سادق وەزیری بۆ تەداوی چووە سویس و بە داخەوە ڕێگای گەڕانەوەی ئێرانی لێ گیرا. بە دەم پێک هاتنی شووڕای میللی موقاوەمەت بۆ ماوەیەکی کورت نوێنەری حیزبی دێمۆکڕات بوو لەو شووڕایە دا. سارم خان لە ماوەی ژیانی لە هەندەران بەردەوام لەگەڵ تێکۆشەران و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان دا لە پێوەندی دا بوو و هەموان وەک کەسایەتییەکی جیی باوەڕ و لێ زان پرس و ڕایان پێ دەکرد. بۆ ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو بە ناوی "سەردەمی نوێ" کە نەمر کەریم حیسامی وەڕێی خستبوو. ئەمن لەوەتا سەرەتای هاتنی سارم خان بۆ سویس پێوەندیم لەگەڵی هەبوو و زۆر نامەمان ئاڵوگۆڕ کردووە کە هیوادارم ڕۆژێک بکرێ لە گەڵ بیرەوەرای گشتی کوردانی بەش بکەم. مامۆستا بوشرا کەسنەزانی کە دوو بەرگ کتێبنامەی لە ئاڵوگۆڕی نامەی لە نێوان نووسەران، شاعیران و ڕووناکبیران ئامادە کردووە بەحەق نێوی ناوە "ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی!" ئەوە لە پێوەندی من و نەمر سادق وەزیری ش دا هەر وا بوو، هەرچەند لەو ساڵانەی دوایی دا ئیدی ئەو پێوەندییە نامەیی نەما بوو جار جار بە ڕێگای تەلەفون ئەو پێوەندیم هەر پاراستبوو.

یادی هەرمان بێ.

۱۱ - ٤ - ۲۰۲۰

## بەیاننامە: بە بۆنەی کۆچی دوایی جەنابی سادق وەزیری




هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

بەداخێکی گرانەوە ئاگادار بووین کە ئەم بەیانییە، چوارشەممە ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ١١ی ئاوریلی ٢٠١٨ی زایینی کەسایەتیی ناوداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و حوقووقیی کورد جەنابی صارم الدین صادقوزیری لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا لە شاری "ڤێ ڤێ"ی وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد. سارم خان لە بنەماڵەی گەورە و بەناوبانگی وەزیرییەکانی شاری سنە بوو کە هەروەک بنەماڵە نەخشێکی مێژوویی و گرنگیان لە خزمەتی بەرەوپێشبردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی لەوشارە و لەو ناوچەیەدا هەبووە.

صارم الدین صادقوزیری وەک خۆی کەسایەتییەکی لێوەشاوە و هەڵکەوتە بوو کە هەم لە بواری حوقووقی و هەم لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی و ئێرانیدا جێپەنجەی بە پتر لە نیو سەدە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە دیارە. ئەو مافناسێکی ئەوەندە بەتوانا و ناسراو بوو کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو بە ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەریی کانوونی وەکیلانی دادگوستەریی ئێران و لە هەموو دەورا نی کاری قەزایی خۆشیدا خزمەتی بە جێگیرکردنی عەداڵەت و دیفاع لە مافی زۆرلێکراوان کرد.

لە مەیدانی تێکۆشانی سیاسیدا سادقوەزیری لە ڕیزی پێشەوەی چالاکانی بوواری خەبات دژی زۆرداری و کۆنەپەرستی لە

ئێراندا بوو و هەربۆیەش بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتە زیندانی زۆرداری و تەنانەت حوکمی ئیعدامیشی بەسەردا سەپا. ئەو لە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانیشدا نەخشی بەرچاوی گێڕا. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکێک لە دیارترین ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد بوو کە قۆڵی هیممەتیان بۆ وەگەڕخستنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانە و زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵماڵی. هەر بۆیە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بەڕادەیەک خۆشەویست و جێی متمانە بوو کە ساڵی ١٣٣٠ وەختێک لە هەڵبژاردنی دەورەی حەڤدەهەمی مەجلیسدا لە حەوزەی مەهاباد خۆی کاندید کرد دەگەڵ ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبوو، زۆربەی نیزیک بە تەواوی دەنگەکانی ئەو حەوزەیەی بەدەست هێنا.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزرانی کۆماری ئیسلامییش سارم خان هەموو توانا و لێهاتوویی خۆی بۆ خزمەت بە مەسەلەی کورد تەرخان کرد، بە هاوکاریی هێندێک لە دڵسۆزانی کورد لە تاران "کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی مەرکەز"ی دامەزراند و بەردەوام دەگەڵ تێکۆشەران و ڕێکخراوە کوردییەکان بەتایبەتی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەخسی دوکتور قاسملوو کە بە نهێنی لە تاران دەژیا لە پێوەندیدا بوو. پاییزی ساڵی ١٣٥٨ دوای دەرچوونی پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی کە بەڕواڵەت ڕێگا بۆ وتووێژ لە نێوان بزووتنەوەی کورد و دەوڵەتی ناوەندیدا ڕەخسابوو سادقوەزیری وەک مافناسێکی گەورە زۆری هاوفکری لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کرد و سەرنجامیش بۆخۆی هاتە مەهاباد و لەوێ گەلاڵەی ٢٦ ماددەی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلێ کوردی ئامادە کرد.

ئاغای سادقوەزیری پاش ئاوارەبوون لە ئێرانیش هیچکات دەستی لە هەوڵدان بۆ مافی نەتەوایەتیی کورد و ئازادیی خەڵکی ئێران و هاوکاریی لەگەڵ تێکۆشەرانی کورد و ئێرانی شل نەکرد و تەنانەت بۆ چەند مانگێکیش وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شووڕای نیشتمانیی بەرگریدا کاری کرد. لە دوای دەرچوونی حیزب لەو شووڕایەش سارم خان هەمیشە دەگەڵ سات بە ساتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دەژیا، هەرگیز پێوەندیی دەگەڵ بزووتنەوەی کورد بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەپچڕا و غەمی نیشتمان و نەتەوەکەی هەمیشە هاودەمی ڕۆژان و شەوانی بوو تا سەرەنجام زۆر بەداخەوە: "ڕۆیی پێش وەی ببینێ کورد ئازاد".

بەم پێیە بەهەق لەدەستدانی جەنابی صارم الدین صادقوزیری کۆستێکی گەورە و خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە. یادی ئەو تێکۆشەرە مەزنە بۆ هەتاهەتایە لەلای هەموو دڵسۆزێکی کورد و هەموو ویژدانێکی زیندوو بە نەمری دەمێنێتەوە و هەڵدەگرێ خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان ژیان و ئاکار و ڕەفتار و ئەفکاری ئەو پیاوە بکەنە سەرمەشق و ڕێنوێنی ژیان و خەباتیان. ڕووحی شاد و یادی بەخێر بێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەر لە لەدەستچوونی ئەو سەرمایە مەزنە سەرەخۆشی لە خێزان و کەسوکارەکەی، لە بنەماڵەی گەورەی وەزیرییەکان،لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری و بەختیاری، لە کۆمەڵگای حوقووقیی کوردستان و ئێران و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا و سڵاوی ڕێز و وەفاداری بۆ گیانی پاکی ئەو گەورەپیاوە دەنێرێ. بەئاواتی وەدیهاتنی ئامانجە بەرزە ئینسانییەکانی.

دەفتەری سیاسیی

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

٢٢ - ١ - ٩٧ = ١١ - ٤ - ٢٠١٨

## هاوخەمی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کۆچی دوایی سارم خانی سادق وەزیری




هاوخەمیی بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی ماڵئاوایی یەکجارەکی تێکۆشەری دێرینو سیاسەتمەدارو پارێزەرو رووناکبیری ناسراو (سارم خانی سادق وەزیری)یمان پێگەیشت.

لەدەستدانی تێکۆشەرێکی دێرینو سیاستەمەتمەدارێکی بەئەزموونی وەک سارم خانی سادق وەزیری، خەمێکی گەورەیە. ناوبراو دۆستێکی دێرینی سەرۆک مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی ئاراستەی خێزانو کەسوکارەکەی دەکەین، هیواخوازین ئەمە دواناخۆشییان بێت، رۆحی کۆچکردووش بۆ هەمیشە شادبێت.

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٢ - ٤ - ٢٠١٨

## تێکۆشەرێکی ماندوونەناس لە دنیای خەبات ماڵاوایی کرد



کوردستان میدیا: کاک "سارم خانی سادقوەزیری" پارێزەر و مافناسی کورد و یەکێک لە داڕێژەرانی گەڵاڵەی خودموختاری بۆ کوردستان، لە وڵاتی سویس بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، کاک "سارم خانی سادقوەزیری" پارێزەر و مافناسی کورد، لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا، لە وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد.

کاک سارم خانی سادقوەزیری، لە ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٠ هەتاوی، لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لەم شارە و دواناوەندی لە سنە و تەورێز تەواو کرد و دوای ساڵێک توانی لە بەشی یاسا لە زانکۆ درێژە بە خوێندن بدات و سەرئەنجام لە دەزگای قەزایی ئەوکاتی ئێراندا کاری پێ دەسپێردرێت.

کاتێک ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی، لە تەنیشت کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودە، کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی ئازەربایجان و کوردستان پێک دێت، ناوبراو یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمیتە سێ کەسییە بووە و بەرپرسی کاروباری کوردستان بووە.

ناوبراو دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی، دەسبەسەر دەکرێ و ڕەوانەی بەندیخانەی "فلک الفلاک"ی لوڕستان دەکرێ. دوای چواردە مانگ زیندان بە ئێعدام مەحکووم دەکرێت و پاش چوار ساڵ حوکمەکەی دەبەخشرێت و ئازاد دەکرێ.

سارم خانی سادقوەزیری هاورێ لەگەڵ چەند کوردێکی دانیشتووی تاران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، "جمعیت کردهای مرکز"یان دامەزراند و ناوبراو وەک وتەبێژی "جمعیت"ەکە ناسرابوو.

هەروەها ناوبراو لە دارشتنی گەلاڵەی خودموختاری پێشنیارکراوی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ دەسەلاتدارانی تازەی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی وەک یاساناس گێڕاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بەداخبوونی خۆی بۆ کۆچی هەمیشەیی ناوبراو، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

١١ - ٤ - ٢٠١٨ی زایینی = ٢٢ - ١ - ١٣٩٧ی هەتاوی

---

## ڕاگەیاندنی کۆمەڵە سەبارەت بەماڵئاوایی لە ژیان کردنی "سارم خان سادق وەزیری"




ئاگادار کراینەوە کە بەڕێز "سارم خانی سادق وەزیری" کەسایەتی ناسراوی شاری سنە لە وڵاتی سویس ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. "سارم خان" کەسایەتی ناوداری کورد، سیاسەتمەدار، مافناس و تێکۆشەری دێرین لە بنەماڵەیەکی ناوداری سنە بوو، هەموو تەمەنی درێژی سەربەرزانە و بوێرانەی خۆی لەپێناو ئازادیخوازی و دژایەتی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان و بۆ داکۆکی لە ئازادی و دادپەروری بەسەر برد.

جێگەی ئاماژەیە کە سارم خان "جمعیت کردهای مقیم مرکزی لە تاران"ی دامەزراند کە ئێستاش هەر بەردەوامە و بەڕێزیان لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە هەبووە و هەمووکات جێی متمانە و ڕێزی سەرکردایەتی کومەڵە بووە.

بە بۆنەی ماڵئاوایی لە ژیان کردنی "سارم خان"ەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی "مینو" خانمی خێزانی و هەروەها هەموو جەماوەری خۆشەویستی کوردستان و بە تایبەت شاری سنە دەکەین.

سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٣ - ٤ - ٢٠١٨

٢٣ - ١ - ١٣٩٧

## سازمانی خەبات سەرەخۆشی بە خانەوادەی خان سادق وەزیری رادەگەیێنێ



بەبۆنەی کۆچی دوایی سارم خان سادق وەزیری، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرین و دیاری گەلەکەمان لە وەڵاتی سوئیس، سازمانی خەبات پرسەو سەرەخۆشی لە خانەوادەی سارم خانی سادق وەزیری دەکات.

رۆژی چوارشەممە ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی کۆچی خۆری، "سارم خان سادق وەزیری" پارێزەر و مافناس و یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی کورد، لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا، لە وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد.

سارم خان سادق وەزیری، لە ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی خۆری، لە شاری سنە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لەم شارە و دواناوەندی لە سنە و تەورێز تەواو کرد و دوای ساڵێک توانی لە بەشی یاسا لە زانکۆ درێژە بە خوێندن بدات و سەرئەنجام لە دەزگای قەزایی ئەوکاتی ئێراندا کاری پێ دەسپێردرێت.

ناوبراو دوای کودە تای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢، بەهۆی چالاکی سیاسی دەگیرێ و ڕەوانەی بەندیخانەی "فلک الفلاک"ی لوڕستان دەکرێ. دوای چواردە مانگ زیندان بە ئێعدام مەحکووم دەکرێت و پاش چوار ساڵ حوکمەکەی دەبەخشرێت و ئازاد دەکرێ.

ساڵی ١٣٥٧ سارم خان سادق وەزیری لەگەڵ چەند کوردێکی دانیشتووی تاران "جمعیت کردهای مرکز"یان دامەزراند و ناوبراو وەک وتەبێژی "جمعیت"ەکە ناسرابوو.

هەروەها لە دارِشتنی گەلاڵەی خودموختاری پێشنیارکراوی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تازەی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ رۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی وەک یاساناس گێڕا.

بەبۆنەی کۆچی دوایی سارم خان سادق وەزیری، بەناوی کاک بابەشێخی حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات و دەفتەری سیاسی و تێکرای ئورگانەکانی سازمانەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەس و کاری کۆچکردوو دەکەین و کۆچی دوایی ئەو تێکۆشەرەی گەلەکەمان بە خەسارەتێکی گەورە بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی ئێران دەزانین.

١٢ - ٤ - ٢٠١٨

## کۆچی دوایی تێکۆشەری پێشکەنخواز و داکوکیکاری مافی چارەنووسی کورد سارم خانی سادق وەزیری

**ماڵپەڕی هەڵوێست**

بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە ئاگادار بووین، تێکۆشەری پێشکەتنخواز و چەپی کورد ، ڕێزدار سارم خان سادق وەزیری کۆچی دوایی کردوە. گەرچی سارم خان تەمەنێک (نە کەم)ی تێپەڕاند، بەڵام هێشتا بۆ مرۆڤایەتی، بۆ کورد و بۆ بەشمەینەتان بوونی پێویست بوو. بۆیە کۆچی دوایی ئەو ئینسانە خەسارێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی، کورد، چەپی سەربەخۆ و پرسی دادپەروەریی و یەکسانی بە ئەژماردێت.

لە سەردەمی بێ سەرەوبەرەی ئێستەدا کە لەلایەک فاناتیزمی ئیسلامی و ناسیوناڵیزمی کوێر جیهانی دەور وبەرمان و لەوانە ناوچەکەمانی تەنیوە، لە لایەکی دیکەوە دواکەوتوویی سیاسی - کۆمەڵایەتی بوونەتە پاڵپشتی ئەو دوودیاردە وێرانگەرە؛ بوونی کەسایەتیەکی پێشکەوتنخواز و بەرابەری تەڵەب، کە هاوکات باوەڕمەند بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە کەی خۆی (کورد) بێت و بێ هیچ چاوەروانیەکی مادی و مەعنەوی هەوڵی بۆ بدات، لە دەگمەنەکانە. سارم خان ئەو دەگمەنە بوو.

کەسێک کە هەر لە هەڕەتی لاوێتیەوە ، سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی گەورە و دارا و خاوەن جێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەری هەڵدابوو، عەوداڵی دادپەروەریی و مافی نەتەوەکەی بوو، و تێپەڕە بوونی زەمان و زیندان و کەند و

لەندەکان "عاقڵ"ی نەکرد کە، با بداتەوە و ببێتە پیاو دەسەڵات و دەس بەکڵاوی خۆیە بگرێ. ئەوە بوو کە لە هەڕەتی بەساڵاچوونیش هەر چەپ و دادپەروەر و داکۆکیکاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد مایەوە و ئەوەی لە توانایدا بوو تا دوا ساتەکانی ژیان ، درێخی نەکرد و بە باوەڕەکانی ئەمەگناس مایەوە.

ماڵپەڕی هەڵوێست بە کۆچێ دوایی مامۆستا، مێژوو زان، نووسەر، تێکۆشەری چەپ و داکۆکیکاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد، ڕێزدار سارم سادق وەزیری خەمبار و بەو بۆنەوە لە بنەماڵەی بەڕێزیان و کەسوکار و دۆستان و شاگردان و ئۆگرانی کەسایەتیی و ڕێبازی (سارم خان) سەرخۆشی دەکات.

بەڕێوەبەریی ماڵپەڕی هەڵوێست

١١ - ٤ - ٢٠١٨

## سادق سارم وەزیری، تێکۆشەری کورد لە وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد



رۆژی کورد

"سارم خانی سادقوەزیری" پارێزەر و مافناسی کورد و یەکێک لە داڕێژەرانی گەڵاڵەی خودموختاری بۆ کوردستان، لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا لە یەکێک لە کۆمۆنەکانی کانتۆنی لۆزانی سویس کۆچی دوایی کرد.

رۆژی کورد: سارم خانی سادق وەزیری، بە هۆی زانستی مافناسی لە دارشتنی گەڵالەی پێشنیاریی خودموختاری بۆچارەسەری پرسی کورد لە رۆژهەڵات لە گەڵ رێژیمی ناوەندیدا دەوری سەرەکی گێراوە.

هەرچەند دەوری سارم خان لە مێژووی کورددا لە دوای گەڵاڵەی پێشنیاریی خودموختاری، زۆر بەرچاو نەبووە و بەپێچەوانەی زانست و شارەزاییەکەی، لە گۆڕەپانی خەباتی کوردیدا غایب بووە بەڵام لە هەمان کاتدا لە نێو تێکۆشەرانی کورددا، جێگە و پێگەی دیار بووە و جێگای رێز بووە.

سارم خان، رۆژی چوارشەممە ٢٢ی خاکەلێوەی ٢٧١٨ی کوردی بەرانبەر بە ١١ی ئاپریلی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کرد.

سارم خانی سادقوەزیری، لە رێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٠ هەتاوی، لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لەم شارە و دواناوەندی لە سنە و تەورێز تەواو کردووە و دوای ساڵێک توانی لە بەشی یاسا لە

زانکۆ درێژە بە خوێندن بدات و سەرەنجام لە دەزگای قەزایی ئەوکاتی ئێراندا کاری پێ دەسپێردرێت.

سادق وەزیری، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتە سێ کەسیی ئەو کومیتەیە بووە کە بە ناوی کۆمیتەی ئازەربایجان و کوردستان، ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی، لە تەنیشت کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودە پێکهات.

کۆچکردوو سادق وەزیری، دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی، دەسبەسەر دەکرێ و ڕەوانەی بەندیخانەی "فەلەکولئەفلاک"ی لوڕستان دەکرێ. دوای چوارده مانگ زیندان، سزای سێدارەی بەسەردا سەپا و پاش چوار ساڵ حوکمەکەی دەبەخشرێت و ئازاد دەکرێ.


سارم خانی سادقوەزیری هاوڕێ لەگەڵ چەند کوردێکی دانیشتووی تاران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، "جمعیت کردهای مرکز"یان دامەزراند و ناوبراو وەک وتەبێژی "جمعیت"ەکە ناسرابوو.

ناوەندی ڕۆژی کورد وەک ناوەندێکی سەربەخۆی کورد، سەرەخۆشی لە سەرجەم کوردستان و بنەماڵە و کەس و کاری سادق وەزیری و هاوڕێیانی دەکات.

١١ - ٤ - ٢٠١٨

## بیانیەی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە سارمەدین سادیق وەزیری لە ئەورووپا

(ئاگاداریی ژمارە یەک)




بە ڕای گشتیی ڕادەگەیەنین کە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە بەڕێز سارمەدین سادیق وەزیری بۆ بەرزنرخاندنی ۷۰ ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی و مافی مرۆڤ، بە هەوڵی کۆمەڵێک لە ڕێکخراو و ناوەندەکانی شارستانیی و مافی مرۆڤی کورد و کۆمەڵێک لە دۆستان و هاوکارانی بەڕێزیان، ڕۆژی شەممە ۷ی ژووەنی ۲۰۱٤ هاوکات لەگەڵ ۱۷ی جۆزەردانی ۱۳۹۳ی هەتاویی لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان بەڕێوە دەچێت.

سارمەدین سادق وەزیری کەسایەتییەکی خۆشەویست و خەباتکارێکی ئازادیخوازە کە زیاتر لە نیو سەدە لە ژیانی خۆی بۆ هاتنەدیی ئازادیی و دێموکراسیی لە ئێران بەتایبەت لە کوردستان تەرخان کردووە. بەڕێزیان زیاتر لەناو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی ئازادیخواز و دێموکراتیکی ئێران، لە زەینی مێژوویی چەند دەیەی ڕابردوودا شوێنی تایبەتیی هەبووە. ئەمەش ڕێز و پێگەیەکی تایبەتی بەو بەخشیوە کە بەڕاستییش شایانی خۆیەتی.

ئەم کەسایەتییە ناسراوەی لایەنگری مافی مرۆڤ، کەسێکی درووستکار، خاوەن بڕیار لە پێگەی مافناسیکدا، سیاسەتوان، قازی و پارێزەری دادوەریی، نەخشێکی زۆر کاریگەر و بەرچاوی لە ڕێنیشاندان و پێشەنگایەتیی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران لە بەرامبەر حکوومەتە سەرەڕۆکان هەبووە.

ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە بەڕێز سارمەدین سادق وەزیری پێک دێت لە پێشکەشکردنی وتار، هۆنراوە، پێشاندانی فیلم و مۆزیکی ڕاستەوخۆ.

شوێنی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێورەسمە لە ئاگاداریی ژمارە دوودا ڕادەگەیەندرێت.

کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە سارمەدین سادق وەزیری

١ی ئاوریلی ٢٠١٤

١٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی

## ڕێورەسمی ڕێزلێنانی سادق وەزیری، کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کۆ دەکاتەوە




**ڕۆژهەڵات تایمز**: ڕێورەسمێک بۆ ڕێزلێنان لە ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشان لەپێناوی ئازادیو مافی مرۆڤ بۆ سارمەدین سادق وەزیری چالاکی بواری مافی مرۆڤو پارێزەرو مافناسی کورد بەڕێوەچووو ئەندامانی سەرکردایەتیی زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشدار بوونو نابراو پێشنیاری دەکا حیزبەکان پشت بە وڵاتانی دیکە بۆوەدەستهێنانی سەرچاوەی داهات نەبەستن.

ڕۆژی شەممە ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی بە بەشداریی بەشێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان ڕێورەسمێک بۆ ڕێزلێنان لە سارم خانی سادق وەزیری گرێدرا، هەر چەند بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە سادق وەزیری بە زمانی فارسی بەخێرهاتنی میوانەکانیان کردو پەیامی کۆمیتەی ڕێزلێنان خوێندەوە، پاشان فیلمێک لە ژیانو بەسەرهاتی سادق وەزیری پەخش کراو دواتر کۆمەڵێک کەسی بەشداری مەراسیمەکە پەیامو بابەتی خۆیان خوێندەوە، لەو ناوەدا دەکرێ ئاماژە بە عەبدوڵڵا حەسەنزادە، عەبدوڵڵا موهتەدی، پەیامی عومەر ئیلخانیزادە، کە بەهۆی نەخۆشییەوە بەشدار نەببوو، پەیامی سەدیقی کەبوودوەندو چەندین کەسی دیکەی بەشداری ڕێورەسمی ڕێزلێنانی سادق وەزیری بکەین.

لە حاڵێکدا زۆربەی کەسە یەکەم یـان ناسـراوەکانی حیـزبو ڕێکخـراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە ڕێورەسـمی ڕێزلێنـانی سـارمەدین سـادق وەزیـریدا ئامـادە بـوون، کەسـانێکیش بەهـۆگەلێکی نادیـار بەشـدارییان نەکردەبـوو کە مستەفا هیجری سکرتێری حدکا یەکێک لەو کەسانە بوو.

سـارمەدین سـادق وەزیـری لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکە لە پـرۆژە پێشنیارێکی ٨ خـاڵیدا داوای لە حیـزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان کـرد بـۆ کەمکردنەوەی خەسارەکانی لێکدابڕانو وەسـتهێنانەوەی زیـاتری متمـانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان ئەم خاڵانە وەبەرچاو بگرن کە بریتی بوون لە:

١- حیزبەکان هەوڵ بدەن پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان لە کوردستان بپارێزنو پەرەی پێبدەن.
٢- مەودای نێوان حیزبو خەڵک کەم بکرێتەوەو حیزب خۆی لە خەڵک پێ گەورەتر نەبێ.
٣- حیزبەکان بە هاوفکریی لەگەڵ یەکتر لە کاتە پێویستەکاندا هاوهەڵوێست بن.
٤- ڕەخـنە بەشـێوەی ئوسـوولیو لە کـاتی خـۆیدا دەبێـتە هـۆی پێشـگیریی لە جیـابوونەوەو ئەو خـاڵە لە ئەساسـنامەی حیزبەکاندا بگونجێ.
٥- پاراستنی ئەدەبو ئەخلاقی سیاسی.
٦- پشتیوانی لە دێموکراتیک بوونی پارچەکانی دیکەی کوردستان.
٧- پەرەپێدانی بیرو هزری کوردایەتی لە نەوەی نوێدا.
٨- پشت نەبەستن بە وڵاتـانی دیکە، بەتـایبەتی لەباری ماڵیو مەعنەوییەوە.

پرۆفسۆر ئالان دیلان یەکێک لە بەشدارانی ڕێورەسمی ڕێزلێنـان پێشـنیاری کـرد کە لەمەوبەدوا خەڵاتـی سـارم خـان سـاڵانە ببەخشرێتە ژنو پیاوێکی کورد کە لە بوارەکانی چالاکیی سادق وەزیری درێژەدەری ڕێچکەی ناوبراو بوون.

سـارمەدین سـادق وەزیـری لە ١٢ی جـۆزەردانی سـاڵی ١٣٠٠ لە شـاری سـنەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەدایکبـووە، خوێنـدنی سەرەتایی لەم شارەو دواناوەنـدی لە سنەو تەورێز تەواو کـردووەو دوای سـاڵێک تـوانی لە بەشـی یاسـا لە زانکـۆ درێـژە بە خوێندن بداو سەرەنجام لە دەزگای قەزایی ئەوکاتی ئێران کاری پێدەسپێردرێ.

ساڵی ١٣٣١ی هەتـاوی لە تەنیشت کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تـوودە، کـۆمیتەیەک بەنـاوی کـۆمیتەی ئازەربایجـانو کوردسـتان پێکدێ کە ناوبراو یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمیتە سێ کەسییە بووەو بەرپرسی کاروبـاری کوردستان بووە.

دوای کودێتای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ی هەتاوی دەستبەسەر دەکرێ‌و ڕەوانەی بەندیخانەی "فلک الفلاک" دەکرێ. دوای چاردە مانگ زیندانی بە ئێعدام حوکمدرا، پاش چوار ساڵ حوکمەکەی دەبەخشرێ‌و ئازاد دەکرێ.

سارمەدین سادق وەزیری هاورێ لەگەڵ چەند کوردی دانیشتووی تاران لە ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی «جمعیت کردهای مرکز»یان دامەزراندو ناوبراو وەک وتەبێژی "جمعیت"ەکە ناسرابوو.

هەروەها پێویستە بگوترێ سارمەدین سادق وەزیری لە دارشتنی گەڵاڵەی خودموختاری پێشنیار کراوی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد بۆ وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تازەی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاوی ڕۆڵێکی کاریگەرو سەرەکی وەک یاساناس گێراوە.

سارمەدین سادق وەزیری چالاکی بواری مافی مرۆڤو پارێزەرو مافناسی کورد و یەکێک لە تێکۆشەرە ناسراوەکانی کوردستان، کە زیاتر لە ٥ دەیە ناوی لە مەیدانەکانی خەبات لە کوردستان و ئێران درەوشایەوە، مالاوایی لە ژیان کرد.

۷ی جوونی ۲۰۱٤

## ڕوونکردنە لە سەر کتێبی "آهنگ وفا"

### و وتوویژی بڵاو نەکراوەی بەڕێز دوکتور قانعی‌فەرد دەگەڵ بەڕێز سارمەددین سادق‌وەزیری

مەنسوور بلوری

وەرگێران لە فارسییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە توێژەری لاو و سەرقاڵ، بەڕێز دوکتور عیرفان قانعی‌فەرد، بەرهەمی نوێ و لە ناویاندا کتێبێک بە ناوی "آهنگ وفا" (گفتوگۆی مێژوویی، کولتووریی کوردان)ی بڵاو کردۆتەوە. بێگومان کاری بەڕێزیان لە بواری نووسین و بڵاو کردنەوەی ئەو کتێبانە هەر وەک بۆخۆی ئاماژەی پێکردوە "... نووسراوە و گوتەکانی بەربڵاوی" ناوبراون "کە زۆربەیان لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٧٣ هەتا ١٣٨٤ لە چاپەمەنییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا بڵاو بوونەوە. بڵاو کردنەوەی کۆی ئەو نووسراوانە بە مەبەستی ناساندنی کوردستان و ئەو مرۆڤانەی کە هەرکام بە شێوەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردان دا دەوریان هەبووە". بڵاو کردنەوەی ئەو جۆرە بەرهەمانە، گەلێک بە سوودن و دەکرێ بڵێین پێویستن، تا هەر وەک چەند جار ئاماژەی پێکردوە "ڕابردوو، چرای داهاتوو"ی گەلی کوردستان بێ.

لەو کتێبەدا بەسەر یەکەوە باسی بیست کەس لە کەسایەتییە مێژوویی و کولتوورییەکانی کوردستان کراوە و وتووێژیان دەگەڵ کراوە، یان نووسراوە و وتەکانیان باس کراون. من لەو نووسراوەدا تەنیا لەمەڕ ئەو شتانەی بەڕێز قانعی‌فەرد لە زمان بەڕێز سارمەددین سادق‌وەزیری گێڕاویەتەوە دەدوێم.(*)

نووسەری بەڕێز باش دەزانێ کە من هۆی ناساندنی بەڕێزیان بە بەڕێز سارمەددین سادق‌وەزیری بووم و یەکەم پرسیارە نووسراوەکانی ناوبرا (بەڕێز قانعی‌فەرد)م گەیاندە دەست بەڕێز سادق‌وەزیری و وەڵامە نووسراوەکانی بەڕێزیشیان لە لایەن منەوە دران بە بەڕێز قانعی‌فەرد و ڕۆژی چاوپێکەوتن دەگەڵ بەڕێز سادق‌وەزیریش من ڕێکم خست. بەڕێز سادق‌وەزیری بە مەرجێک ڕەزامەندیی لەسەر چاوپێکەتنی ڕووبەڕوو دەربڕی کە دەقی نووسراوەی وتووێژەکە (بە زمانی فارسی) بگاتە دەست جەنابیان و دوای پەسەند کران، دەقی وتووێژەکە بڵاو بکرێتەوە و من بۆخۆم ئەو مەرجەم دەگەڵ بەڕێز قانعی‌فەرد باس کرد و بەڕێزیشیان ڕەزامەندی دەربڕی. بە داخەوە بە کردەوە بەو شێوەیە نەبوو و مەرجەکە جێبەجێ نەکرا.

کاتێک دەقی فارسییەکەی وتووێژەکە (لاپەڕەکانی ٨١ تا ٩١ی کتێبی "آهنگ وفا")م خوێندەوە، تێگەیشتم کە پێداگری بەڕێز سادقوەزیری لەسەر مەرجی دیاریکراو چەندە لە جێی خۆیدا بووە، چونکە دەقی فارسیی وتووێژەکە، بێ لەبەر چاو گرتنی هەڵەی نووسین و چاپ، لە بنەڕەتدا دەگەڵ وتەکانی بەڕێز سادقوەزیری هیچ وێکچوونێکیان نیە. من لە ماوەی چەند ساڵ زۆر جار لەمەڕ پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پرسیارم لە بەڕێزیان کردوە و داوای بۆچوونی جەنابیانم کردوە. وتەکانی بەڕێزیان وەک نووسراوەکانی یەکگرتوو، پڕ واتا، ورد و ڕوون بوون. لە کاتێکدا دەقی نووسراوی وتووێژەکە بەو شێوەیە نیە، هۆیەکەی ناتوانێ تەنیا پاشگوێ خستن و گرینگینەدان بێ.

**هەرچۆنێک بێ لە ژێرەوە ئەو هەڵانەی بەر چاوم کەتوون بە ژمارەی لاپەڕە و دێڕ دەخەمە بەر دیدی خوێنەرانی ئەو دێڕانە:**

١- ل. ٨٢، د. ٢، ٣ و ٤:

"شورویها آمدند پیشنهاد دادند و گفتند کە با روسای قبایل شکاک و جلالی مذاکرە کردند واو را هم در راه بازگشت بازداشت کردند" شێواوە و دەگەڵ دەقی کتێبی بەڕێز سادقوەزیری یەک ناگرێتەوە. لەو کتێبیدا جەنابیان لە زمان ئیحسان نوری پاشا نووسیویەتی کە "شورویها او را با لباس افسران شوروی بە کردستان شمالی میبردن و او با روسای قبایل شکاک و جلالی و دیگران مذاکرە میکند و در مراجعت بە تهران دستگیر میشود."

٢- ل. ٨٢، د. پێش کۆتایی:

"بورژوازی ترک رشد قابل ملاحظەای یافتە بودند" هەڵەیە و "... یافتە بود" دروستە.

٣- ل. ٨٣، د. ١٥:

وشەی "شورش" هەڵە و "شورشی" دروستە.

٤- ل. ٨٣، د. ١٧ و ١٨:

ڕستەی "... الان مدارک مفصلی در یک کتاب محقق آذربایجان شوروی منتشر شدەاند، کە نوسیندە یک افسر نظامی ایران ..." هەڵەیە. نووسەری کتێب، لێکۆڵەری ئازەربایجانی سۆڤیەتە و وەرگێڕەکەی بۆ سەر فارسی ئەفسەرێکی ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی تودەی ئێرانە.

٥- ل. ٨٣، د. ٢٣:

"هیئت حاکم شوروی" هەڵە و "هیئت حاکمە شوروی" دروستە.

٦- ل. ٨٣، د. کۆتایی:

"نبودند" هەڵە و "نبود" دروستە.

٧- ل. ٨٣، دێڕی ئاخر:

وشەی "کردی" زیادییە.

٨- ل. ٨٤، د. ١٧:

"اما بیچارە کرد اول بود" هەڵەیە و من ڕووداوەکەم لە بەڕێز سادقوەزیری کرد. بەڕێزیان گوتیان: "ئەو کەسە نەبیست و لاڵ بو و کارەکەی حەمباڵیی عەمباری دانەوێڵە (شاری مەهاباد) بوو و پێی وابوو دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان دیشان دامەزراوەتەوە و بە زەوقوشەوقێکی زۆرەوە هاتبوو بۆ سەردانم" و ئەوەی زیاد کرد کە جەنابییان "قەت کەڵکی لە دەستەواژەی "باڵای گاڵتەجاڕانە" ی بۆ ئەو کەسە وەرنەگرتوە، بەڵکو دیتنی ناوبراو بە جلوبەرگ و هەستەوە بەڕاستی منی هەژاند."

٩- ل. ٨٤، د. ٢٢:

"قایل نبودند" هەڵە و "قایل نبود" دروستە.

١٠- ل. ٨٥، د. ١٣:

"سیونالیسم ایرانی" بۆ لێ تێگەیشتن نابێ و هەڵەیە، ڕەنگبێ مەبەست "ناسیونالیسم ایرانی" بوە. بەڵام باقی ڕستەکەش ناڕوون و شێواوە و ئاشکرا نیە ناوەرۆکی وتووێژەکە چ بوە.

١١- ل. ٨٥، د. ١٨:

دەربڕینەکانی "بلە من دو بار در تبریز و تهران او را دیدەام و با او وقتی برای مذاکرە با قواالسلطنە آمدە بود سر میز نهار نشستەام" لەگەڵ ناوەرۆکی کتێبی بەڕێز سادقوەزیری یەک ناگرێتەوە. بەڕێزیان لەو کتێبیدا نووسیویەتی "دوبار در تبریز ایشان را دیدە و نهار صرف کردەاند و دو بار در تهران ایشان را در ویلای شمارە پنج ملاقات کردەاند."

١٢- ل. ٨٦، د. ١

"حمایت ایالتی وی تعیین و تضمین میشد" بۆ لێ تێگەیشتن نابێ و دیار نیە دەقی ڕاستەقینەی وتووێژەکە چ بووە؟

١٣- ل. ٨٦، د. ٢:

ڕستەی "و فقط کردستان را هم یک ماە اختیار دادند" بۆ لێ تێگەیشتن نابێ و ڕوون نیە دەقی ڕاستەقینەی وتووێژەکە چی بوە؟

١٤- ل. ٨٦، د. ١٠:

ڕستەی "او نزد من فرستاد تا سفارش بکنم" بۆ لێ تێگەیشتن نابێ و دروست نیە و لە کتێبی بەڕێز سادقوەزیری دا ڕووداوەکە وەک خۆی باس کراوە.

١٥- ل. ٨٧، د. ٣:

"هویت اگر" هەڵەیە و "هویت کرد" دروستە.

١٦- ل. ٨٧، د. ٧:

وشەی "نكردی" لە سەرەتای دێڕەکە زیادییە و دەبێ لاچی.

١٧- ل. ٨٨، د. ١٧:

وشەی "منزلت" هەڵە و منزل دروستە.

١٨- ل. ٨٨، د. ١٩:

وشەی "هم" زیادییە ودەبێ لاچێ.

١٩- ل. ٨٨. د. کۆتایی:

وشەی "استفسا" هەڵە و "استنطاق" دروستە.

٢٠- ل. ٨٩، د. ١:

ڕستەی "كە جای این حرفهاست" هەڵە و بۆ لێ تێگەیشتن نابێ و بێگومان ڕستەکە شتێکی دیکە بوە.

٢١- ل. ٨٩، د. ٢:

وشەی "مرا" دوای شار هەڵە و "را" دروستە

٢٢- ل. ٨٩، د. ٩:

وشەی "دمكرایی" هەڵە و "دموكراسی" دروستە.

٢٣- ل. ٨٩، د. ١٥:

وشەی "كمی" پێش "فورا" زیادیە و دەبێ لاچێ.

٢٤- ل. ٨٩، د. ١٦:

وشەی "پرتر ماه" هەڵە و "پرتو ماه" دروستە.

٢٥- ل. ٨٩، د. ١٨:

وشەی "بامزە" بێ مانا و زیادییە.

٢٦- ل. ٨٩، د. پێش کۆتایی:

وشەی "دادیم" هەڵە و "دادم" دروستە.

٢٧- ل. ٩٠، د. ١٧:

لە جیات دەستەواژەی "نایب رئیس" دەبێ بنووسرێ "نایب رئیس مجلس شرای ملی".

٢٨- ل. ٩٠، د. ٢٣:

وشەی "دولت" هەڵە و "دوست" دروستە.

٢٩- ل. ٩٢، د. ١٥:

وشەی "زما" هەڵە و "زمان" دروستە.

٣٠- ل. ٩٢، د. ١٥:

وشەی "مرا" دوای ئێوە هەڵە و "را" دروستە.

٣١- ل. ٩٢، د. ١٧ و ١٨:

ڕستەی باسکراو بە بۆچوونی بەڕێز سادق‌وەزیری  به شێوەیەکی دیکه بووه.

٣٢- ل. ٩٣، د. ١٥:

پێش وشەی "دمکرات" دەبێ وشەی "حزب" بنووسرێ.

٣٣- ل. ٩٣، د. ٢٢:

ڕستەی "تجدید سازمان بشود" دەبێ پاک بکرێتەوە و لە کۆتایی هەمان دێڕ ڕستەی "را تجدید سازمان کند" زیاد بکرێ.

٣٤- ل. ٩٤، د. ٢٥:

"جولت" هەڵە و "جودت" دروستە.

٣٥- ل. ٩٣، د. ٢٥:

دوای وشەی "عضو" دەبێ بە "هیئت اجرائیه حزب" زیاد بکرێ.

٣٦- ل. ٩٣، د. ٢٦:

وشەی "عضور" هەڵە و "عضو" دروستە.

٣٧- ل. ٩٣، د. ٢٦:

وشەی "جولت" هەڵە و "جودت" دروستە.

٣٨- ل. ٩٤، د. ١٤:

وشەی "کمونیست" هەڵە و "کروژوکیست" دروستە.

٣٩- ل. ٩٤، د. ٥:

وشەی "کمونیست" هەڵە و "کروژوکیست" دروستە.

٤٠- ل. ٩٤، د. ٢٥:

وشەی "صمیمی" زیادییە و دەبێ لاچێ.

٤١- ل. ٩٤، د. ٢٦:

"بپذیرید" هەڵە و بە لە بنەڕەتدا دەقی وتووێژەکە بە شێوەیەکی دیکە بووە.

٤٢- ل. ٩٥، د. ٥:

وشەی "تفکر" هەڵە و "در نظر داشت" دروستە.

٤٣- ل. ٩٥، د. ٧:

وشەی "درام" پێش حوسێن هەڵە و "صدام" دروستە.

٤٤- ل. ٩٥، د. ١٠:

وشەی "مبارزە" هەڵە و "مذاکرە" دروستە.

٤٥- ل. ٩٥، د. ٢١:

وشەی "بردە" هەڵە و "بودە" دروستە.

٤٦- ل. ٩٥، د. ٢٥:

وشەی "از امسال" هەڵە و "یکی دو سال" دروستە.

٤٧- ل. ٩٥، د. کۆتایی:

وشەی "علمی" هەڵە و "علنی" دروستە.

٤٨- ل. ٩٦، د. ١٧:

دەربڕینی "و پس" زیادییە و دەبێ لاچێ.

٤٩- ل. ٩٧، د. ٢:

وشەی "صارمالدین" زیادییە و دەبێ لاچێ.

٥٠- ل. ٩٧، د. ١٣:

لە جیات وشەی "ندارم" وشەی "ندادم" دروستە.

٥١- ل. ٩٧، د. پێش کۆتایی:

وشەی "تریکە" هەڵە و "ترلیە" دروستە.

٥٢- ل. ٩٨، د. ٣:

وشەی "والدین" هەڵە و "الان" دروستە.

بێجگە لەوانە هەڵە و چەوتی بەرچاوی دیکەشی تێدان کە وەک لە پێشەکییەکەدا ئاماژەم پێ کردووە، وتوویژەکەی لە ناوەرۆک بەتاڵ کردووە. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە دو کتێبی بەڕێز سارمەددین سادقوەزیری بە ناوەکانی "ڕێگا، ڕێگای دیموکراسی ڕاستەقینەیە" و "بیرەوەرییەکانی من (لە زیندوویاد دوکتور حوسێن فاتمی ...) کە هەڵبەت لە ژێر ناوی خوازراوی "موکری"دا چاپ و بڵاو کراونەوە و دراون بە بەڕیز دوکتور عیرفان قانعیفەرد ، بەڵام بەڕێزیان لە کتێبەکەی خۆیدا نە باسی ئەو دوو کتێبانەی کردوون و نە بە شێوەیەک بەشێک لە ناوەرۆکەکەی گێڕاونەوە. هیوادارم لە نووسراوەکانی داهاتوویدا باسی ئەو دوو کتێبانە و ناوەرۆکەکەیان بکات.

بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەو دێڕانە یان خوێنەرانی کتێبی "آهنگ وفا" لە ناوەرۆکی نامەگۆڕینەوە و پرسیار و وەڵامی بڵاو نەکراوە لە لایەن بەڕێزان سادق‌وەزیری و قانعی‌فەرد ئاگادار بن، ناوەرۆکی پرسیار و وەڵامەکان دوای ئەو شیکارییە لە خوارەوە بڵاو دەکرێتەوە و دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران.

ڕەزبەری ١٣٨٥- ئوکتوبری ٢٠٠٦

مەنسوور بلوری

* لە کتێبەکانی "آهنگ وفا" (لاپەڕەکانی ١٦٥ - ١٦٩) و "مافیای قدرت" (لاپەڕەکانی ٤٣٩ - ٤٨٠) کە لەواندا وتووێژەکان دەگەڵ بەڕێز مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی نووسرابوونەوە، دەربڕینی "وتووێژ دەگەڵ شێخ عیزەددین حوسێنی - کورد، ئێران و شۆڕشی ئێران" کە پێشدا لە لاپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵا کرابوونەوە، لابرابوون کە هۆی ئەو کارە بۆ من نارِوونە.

## دەقی وەڵامەکانی بەڕێز سارمەددین سادق‌وەزیری بە پرسیارەکانی بەڕێز دوکتور قانعی‌فەرد

**برای هێژا و بەڕێز جەنابی قانعی‌فەرد.**

وێڕای سڵاو و هیوای تەندروستی و بەختەوەری و سەرکەوتن بۆ جەنابتان، بەشێک لەو پرسیارانەی هێناوتنە گۆڕێ پێویستیان بە باسی تێر و تەسەل لە بارەی ڕەهەند و لایەنە جیاوازەکانی هەلومەرج و ئەو دۆخانەیە کە کەسایەتییەکانی ئێوە ئاماژەتان پێکردوون تێیاندا ژیاون و لە پرسیارێکدا و بە وەڵامێکی ئاسایی ناکرێ تەواوی لایەنەکان و ڕەهەندەکان لەبەر چاو بگیرێن. لەبەر ئەو هۆیە بۆ ئەوەی پرسیارەکانی ئێوە بێ وەڵام نەمێننەوە بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم:

**١- لە بارەی بیر و ئاکاری قازی موحەممەد**

بە داخەوە نووسراوە و بەرهەمێکی نووسراو لە زیندوویاد قازی موحەممەد، کە هەڵگری شێوەی بیر کردنەوە و ڕوانینی کۆمەڵایەتی و سیاسی جەنابیان بێ لەبەر دەست دا نیە. تا ببێتە پێوەری هەڵسەنگاندن و ڕا دەربڕین. من هەر وەک لە نووسراوەی ئەو دواییانەمدا ئاماژەم پێ کردوە، دووجار لە سەردەمی ڕەزاشا لە تەورێز چاوم بە زیندوو یاد قازی مەحەممەد

کەتوە، ئەو کاتی هیچ کەس توانایی ڕادەبرین لە دەرەوەی چوار چێوەی ڕێژیمی دەسەڵاتدرای نەبوو و زیندوو یاد قازی موحەممەدیش لەو ڕوانگەوە ڕیزپەڕ نەبوو.

دوای ڕووداوەکانی سێی خەرمانانی ١٣٢٠ یش دەرفەتی چاوپێکەوتن دەگەڵ جەنابیان نەڕەخسا، مەگەر کاتێک کە بۆ وتوویژ دەگەڵ دەوڵەتی قەوام هاتبوو بۆ تاران. لەو دەرفەتەشدا دووجار چاوم بە جەبانیان کەوت و هەر دوو جار تا ئەو جێیەی بۆی بگونجابا خۆی لە باس و گفتوگۆ دەبوارد.

بەو پێشەکییەوە، وەڵامی من بە پرسیاری ئێوە لەمەڕ دەوری ئەو زیندوو یادە بە برگەیەکی دیاریکراوی مێژوو سنووردار دەبێ.

بێگومان قازی موحەممەد لەو هەلومەرج و دۆخەی کە ڕەخسابوو بە قازانجی بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد کەڵکی لێ وەرگرت و بە دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لە سەر بنەمای ڕێکخراوەیەک کە پێشدا لە کوردستانی عێراق دروست کرابوو و لقێکی لە کوردستانی ئێران دامەزرابوو، نە تەنیا پێشی بە دەستدرێژیی دێموکڕاتەکانی ئازەربایجان بۆ سەر کوردستان گرت، بەڵکو بە دروست کردنی کۆماری کوردستان توانی یەکێک لە ئاواتەکانی گەلی کوردستان وەدیبێنێ.

زیندوو یاد قازی موحەممەد یەکێک لە نەتەوەخوازەکانی کوردستان بوو کە لە سەد و چەند ساڵ لەوەپێش لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی نەتەوەیی کوردان، سەرچاوەی جووڵانەوە و سەرهەڵدان بوون کە بە داخەوە بە گشتی لە کۆتاییدا تووشی شکست هاتوون.

بە لەبەر چاو گرتنی ڕابردووی بنەماڵەیی و هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتی، هەنگاوی جێگای پێزانینی قازی موحەممەد لە ڕووبەرێکی تا ڕادەیەک بچووکی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو کە ئەوە بۆخۆی یەکێک لە لایەنەکانی ڕووخانی خێرای ئەو حکوومەتە بوو.

پشت بەستن بە سەرۆک عەشیرە و هێندێک لە شێخەکانیش لە خاڵە لاوازەکانی ئەو حکوومەتە بوو. وردە بورژوازیی شاری مەهاباد و دەوروبەریشی لێوەشاوەیی و توانایی بەڕێوە بردنی سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی نەبوو.

بێتوو ڕووبەری کاری جووڵانەوە بەو ناوچە بەرتەسکە نەبەسترابا‌وە، ڕەنگبێ ڕوخساری جووڵانەوە و ئەو حکوومەتەی کە

لەوی سەرچاوەی گرتبوو بە شێوەیەکی دەیکە بایە.

هورچۆنێک بێ، وەفاداریی زیندوو یاد قازی موحەممەد بە ئامانج و خولیاکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی بێخەوشە و هەر ئەوە هۆی سەرەکیی پلە و خۆشەویستیی ئەو زیندوو یادە دوای تێپەڕینی دەیان ساڵە.

### ٢- لەبارەی شێوەی تێفکرین و هەڵسوکەوتی موسەددیق بەرانبەر بە کوردان

زیندوو یاد موسەددیق نەتەوەخوازێکی دێموکڕاتی بە تەواوی مانا بوو، کە وابوو بۆچوون و سیاسەتەکانی لەو چوارچێوەدا دەگونجێن. تا ئەو جێیەی من لەبیرم بێ، دوکتور موسەددیق قەت بە تایبەتی بۆچوونی خۆی لەبارەی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد دەر نەبڕی.

لە کاتی دروست بوونی فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجان، بەڕێزیان لە مەجلیسی نوێنەران جێبەجێ کردنی یاسای ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ڤیلایەتی، دووهەمین یاسای مەشرووتەی ئێرانی، بە تاکە وەڵامی شیاو و یاسایی بە داواکارییەکانی دێموکڕاتەکانی ئازەربایجان دەزانی، بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە دەکرێ بەراورد بکەین کە لەبارەی کوردستانیش بۆچوونی هاوشێوەی هەبووە. بەڵام دوای گەیشتن بە دەسەڵات بۆخۆی هیچ هەنگاوێکی لەو بوارەدا هەڵنەگرت. بە پێچەوانە لە دژایەتی دەگەڵ بەرنامەی سپەهبود ڕەزمارا، کە جێبەجێ کردنی یاسای ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ڤیلایەتی یەکێک لە بڕگەکانی بوو، دژی ئەو بڕگەیە وێستایەوە و ئەوی بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەژمارد!

### ٣- لەبارەی دوکتور قاسملو

ڕەوانشاد قاسملوم لەو کاتیەوە کە قوتابی دواناوەندی بوو دەناسی و زۆر جار دەگەڵ ڕەوانشاد سەدیق ئەنجیریئازەر دەهاتە ماڵی ئێمە و چاوی پێم دەکەوت.

کاتێک دەیهەویست بۆ خوێندن بچێتە فەڕانسە، بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت داوای یارمەتی لە من کرد و من وەک لێکۆڵەرەوەی دادئەستێنی تاران شیکارییەکم بۆ دایرەی پاسپۆرت نووسی و ئەوم ناساند و گوتم دەبێ پاسپۆرتی پێ بدرێ.

ئەوکاتی ناوبراو ئەندامی حیزبی تودە بوو و من چەند ساڵ دواتر چوومە ناو حیزبی تودەوە.

دوای چوون بۆ فەڕانسە، نامەیەکی بۆ نووسیم و کتێبێکی بۆناردم کە بە فەڕانسەیی لە بارەی مافی کوردانـدا نووسیبووی. پاشان هیچ هەواڵێکی نەبوو.

ڕەوانشاد دوکتور نوورەدین زازا کە لە کوردەکانی تورکیە و شارۆمەندی سویس بوو و لە لوزان کۆچی دوایی کرد، پێی گوتم کە قاسملو بە فەرمانی ئیرەج ئەسکەندەری، کۆمەڵەی خوێندەوارانی کوردی بە هەڵوەشاندن دا.

جێگای ئاماژەیە کە دوای سەفەری من بۆ سویس، کاتێک قاسملو ئاگادار بوو من لە سویسم، لە یەکەمین سەفەریدا بۆ ئورووپا هاتە دیدارم و سێ شەو و ڕۆژان میوانی ئێمە بوو.

لە یەکەم ڕۆژ داوای لەمن کرد تا دوکتور عیسمەت شەریف وانلی و دوکتور نوورەدین زازا بانگهێشت بکەم تا چاوی پێیان بکەوێ.

من تەلەفۆنم بۆ هەردوو ئەو بەڕێزانە کرد و بابەتەکەم دەگەڵ باس کردن و ئەوانم بۆ ڕۆژی دواتر بانگهێشت کردن.

دوکتور عیسمەت شەریف بەڵێنی خۆی بردە سەر و بۆ شیوی نیوەڕۆ هاتە لامان و دەگەڵ قاسملو چاوپێکەوتن و وتووێژی کرد، بەڵام دوکتور نوورەدین زازا نەهاتە ماڵی ئێمە، دوو سێ ڕۆژ دواتر کە وەک هەمیشە چووم بۆ لوزان، ئەو لە قاوەخانەیەک کە زۆر جار بۆ خواردنەوەی قاوە و چاوپێکەوتنی هەڤاڵان دەچووم، هاتە لام و داوای لێبووردنی کرد و گوتی هۆی نەهاتنەکەی بۆ ماڵی ئێمە ئەوە بووە کە نەیویستووە چاوی بە قاسملو بکەوێ، چونکە ئەو بە فەرمانی ئیرەج ئەسکەندەری بووە هۆی هەڵوەشانی یەکیەتی خوێندکارانی کورد و وەک دەستخۆشانەی ئەو خزمەتە ئیرەج ئەسکەندەری ناردی بۆ چێکۆسلۆڤاکیا.

هەرچۆنێک بێ کاتێک قاسملو لە سەردەمی حکوومەتی موسەددیق گەڕایەوە بۆ ئێران، هەموو ڕۆژێ بۆ چاو پێکەوتنی من دەهاتە کۆمەڵەی نەتەوەیی خەبات دژی کۆلۆنیالیزم. کاتێک دوای دامەزراندنی "کاک" بڕیار درا حیزبی توودە کادرە کوردەکان بدا بە ئێمە تا تەشکیلاتی حیزبیی حیزبی دێموکڕات بەوان تەواو بکەین، هەر وەک لە کتێبی ئەو دواییانەمدا نووسیومە، ئەوم ناردە مەهاباد و یەکەم بەرپرسایەتی ناوبراو بەرپرسی حیزب لە شاری مەهاباد بوو، دواتر بە شێوەیەک کە لەو کتێبی دا نووسیمە، ناوبراو بەرپرسایەتی کۆمیتەی ئەیالەتیی وەئەستۆ گرت.

دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، من لە یەکەم حەوتوودا دەستبەسەر کرام و سروشتییە کە هیچ پێوەندییەکم دەگەڵ کوردستان نەبوو، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی دوایە بیستم ناوبراو و غەنی بلوریان دێنە تاران و حیزب ئەوان لە ڕایەڵەی نهێنی حیزبی تودە لە تاران ڕا دەگرێ. بەڵام ئاشکرا دەبن و غەنی لە زیندان دەمێنێتەوە بەڵام بە چەند هۆ کە هێشتا ئاشکرا نیە، ناوبراو (قاسملو) ئازاد دەبێ و بە گوتەیەک کە ڕەحمەتوڵڵا شەریعەتی لە نووسراوەیەکدا کە بۆی ناردم، نووسییەتی، دەگەڵ یەکێک لە ئەفسەرانی حیزبی تودە لە ئێران چۆتە دەرەوە و دوای ماوەیەک دەچێتە ئورووپا.

چەند مانگ پێش گۆڕانی ڕێژیم گەڕایەوە ئێران و لە هەمان کاتەوە تا یەک دوو ساڵ پێش تێرۆر کرانەکەی بەردەوام پێوەندی لەگەڵ من هەبوو. وەرد دانەوەی ئەو پێوەندییە دوور و درێژە و ئێستا نە پێویستە و نە بە مەسڵەحەتە کە لێرەدا شتێک بنووسم.

ڕەوانشاد قاسملو لە ماوەی ئەندامەتی چەند ساڵەی لە حیزبی تودەدا دەگەڵ پرسە سیاسییەکان ئاشنا بووبوو و لە هەمان کاتدا هۆگریی بۆ پرسی کورد هەبوو و لەوبارەوە لێکۆڵینەوەی کردبوو و وتاری نووسیبوون. بێگومان ئەو لەناو ڕێبەرایەتی ئەوکاتی حیزبی دێموکڕاتدا دیار بوو و دەکرێ بڵێین سەر و گەردنێک لە هەڤاڵەکانی هاوکاری لەسەرتر بوو.

ئەو ئاشنایەتی دەگەڵ چەند زمانی بیانیدا هەبوون و خودی ئەو پرسە، ئەوی لە ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندیی جیا دەکردەوە. لە کۆڕە سیاسییەکانی فەڕانسە هێندێک ئاشنای هەبوون و کاتی خۆی کەڵکی لەو ئاشنایەتییە وەردەگرت.

هەڵوێستی سیاسی ناوبراو لە ڕوانگەی ناونەتەوەییەوە بە تێپەڕینی کات چەند ئاڵوگۆڕی بەخۆیەوە دیتن. بۆ ئەو مەبەستە ئەوەندە بەسە کە یەکەم وتاری ناوبراو لە کۆبوونەوەی سەد هەزار کەسیی لە شاری مەهاباد کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزب، دا بڵاو کرایەوە دەگەڵ هەڵوێستی ئەو دوای گلاسنۆست و پێرێسترۆیکای گۆرباچۆف بەراورد بکرێ و چاوێک بە نامیلکەی سوسیالیزمی دێموکراتیکی ناوبراو و دواتر هەڵوێستە سیاسییەکانی ساڵەکانی کۆتایی ژیانی دا بخشێنین.

بە داخەوە ئەو بەرانبەر بە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی نەتەوەی کورد، کە خەباتێکی گەلێک دوورودرێژ و پڕ لە پێچ و گەوە، بێ سەرنج بوو لەبەر ئەو هۆیە پێی وابوو کە بە زنجیرەیەک وتووێژ بە نێوبژیوانی لایەنی گومانلێکراو دەتوانێ بەو شێوەیە کۆتایی بە پرسەکە بێنێ و دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بگاتە ڕێککەوتن. ئەو هاوکات تووشی جۆرێک لە دژیەکبوون و ناتەبایی بووبوو، لە لایەکەوە لە لێدوانە سیاسییەکانیدا دەیگوت پرسی کورد ڕێگاچارەی سەربازیی نیە و لە لایەکی دیکەوە مەزنترین شانزییەکەی ئەوە بوو کە حیزب دوازدە هەزار پێشمەرگەی چەکداری هەیە!

بایەخ نەدان بە دیموکراسی ناو حیزبی لە لایەن ناوبراوەوە بە ناوبانگ بوو و هەر ئەو بابەتە بووە هۆی ئەوە کە بە هاسانی بکەوێتە داوی ڕێژیم کە بۆی نابۆوە و گیانی خۆی لەسەر دانا.

نابێ لە حەق دەرچین کە سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕییانە ناوبراو دەورێکی بەرچاوی لە هێنانە گۆڕی پرسی کورد لە گۆڕەپانی ناونەتەوییدا و ناساندنی ئەو پرسە لەدەرەوەی کوردستان هەبوو.

٤- لە بارەی موفتیزادە و جووڵانەوەی ئایینزایی کوردان

موفتیزادە بێگومان فەقێیەکی خاوەن بەهرە بوو و بێتوو تەنیا خەریکی توێژینەوەی زانستیی لە بواری ئایینی ئیسلام بایە ڕەنگبێ ئەو نازناوەی دابووی بە خۆی "عەللامە" وەڕاست گەڕابا.

من کاتێک ناوبراوم لە قوتابخانەی مەعقول و مەنقول فەقێ بوو و لە ماڵی زیندوویاد حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی دیتبوو و ئاشنایەتییەکی تاکیم لەگەڵیدا نەبوو. چەند مانگ پێش گۆڕانی ڕێژیم کاتێک خەباتی دژی پاشایەتی پەرەی ئەستاندبوو، نووسراوەیەکی ناوبراو بە ناوی "سێ گێڕانەوە" یان سەردێڕیکی ئەوتۆم بەدەست گەیشت. لەو نووسراوەدا ئەو شێوەی هەڵسوکەوتی خەلیفەی دووهەمی، خودا لێی ڕازی بێ، لە بارەی شێوەی چارەسەر کردنی گیروگرفتی خەڵک بە شێوەیەکی جوان باس کردبوو.

من ئەو نووسراوەیەم دا بە دوکتور تابەندە دادوەری پلەبەرزی دادگا و ئەندامی کۆمەڵەی پاساناسان (دوکتور تابەندە ئێستا وەک پیری تەریقەتی گۆنابادی لە گۆناباد دەژی) و پێم گوت: "بڕوانە مەلایەکی سوننی پرسەکان چۆن باس و شی دەکاتەوە." ئەو نووسراوەکەی بردە قوم و گەیاندیە دەستی ڕێبەرایەتی ئایینی شیعە لەو شاری و لە قسان ئەو مەسەلە بووە هۆی ئەوە کە کوڕەکانی لایەنگری ئایەتوڵڵا خومەینی سەرنجیان بۆ لای ئەو ڕاکێشرا.

بابەتێکی دیکە کە بووە هۆی ئەوە کە سەرنج بدەمە موفتیزادە: کوڕی مامم خوالێخۆشبوو عەبدولقاسم خان کە موسڵمانێکی بڕوادار بوو، دەیهەویست پەنجا هەزار میتر لە زەوی خۆی لە دەوروبەری خوسرەوئاوا بە کاروباری خێر ببەخشێ. ئەو پرسەکەی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای خوشکەزاکەی بەڕێز ئەندازیار عەبدوڵڵا بابان لەگەڵ من باس کرد.

من پێشنیارم کرد دامەزراوەیەک بە ناوی خۆی یا ناوێکی دیکە دروست بکات و بە شێوەی یاسایی تۆماری بکات و ئەو زەویە

بدرێتە ئەو دامەزراوەیە و دەستەی بەڕێوەبەریی دامەزراوەکە بۆ مامۆستایانی بێ خانوو، خانوو دروست بکات و پێشنیارم کرد موفتیزادە وەک بەرپرس یان بەڕیوەبەری ئەو دامەزراوەیە دیاری بکات. وا دیارە ئەو کارە خێرە بە ئاکام نەگەیشت، هۆیەکان و وردەکارییەکانی نازانم.

بەو جۆرە من هەم لە ناو ئاڵقە ئایینییەکانی شیعەی قوم و هەروەها لە شاری سنە لە ناساندن و باس کردنی موفتیزادە کاریگەر بووم.

کاتێک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی سنە لە سەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆی ئەوکاتی دەگەڵی چووم بۆ سنە. دوای خۆناساندن بە کۆمەڵە و ڕێبەرانی ڕێکخراوی زەحمەتکێشان ڕاستەڕێ چووینە ئەو ماڵەی بەڕێز شێخ عێزەددین حوسێنی لێی دەژیا و پێشنیارم کرد هەر ئەو شەوی ئێمەی کورد، پرس و بابەتەکانی کە سبەینێ لەگەڵ وەفدی نێردراو لە تارانەوە، ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و ئەوانی دیکە، باسیان دەکەین بێنینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و وتووێژەکە بنووسینەوە کە سبەینێ ئەرکمان دیار بێ.

ڕێبەرانی زەحمەتکێشان و غەنی بلوریان لە حیزبی دێموکرات و چریکەکان لەوێ بوون. من گوتم کە دەبێ بەدوای موفتیزادەشدا بنێرین و ئەویش بێنینە کۆبوونەوەکە کە لە باس و ڕاوێژەکەدا بەشدار بێ تا یەکگرتوویی ڕێکخراو و کەسایەتییە کوردەکان بێتە ئاراوە. تا سەعات یەک و نیو دوای نیوە شەو چاوەڕوان بووین. لە کۆتاییدا موفتیزادەیان دیتەوە و هێنایانە کۆبوونەوەکە و بە بەشداریی ئەو تەواوی پرسەکان باسیان لێوە کرا، من بۆخۆم بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە بووم، سەلاح موهتەدی نووسەری کۆبوونەوەکە بوو و ئاکامی وتووێژ و بڕیارات نووسرانەوە و بڕیار درا بنەمای کاری ئێمە لە وتووێژەکانی ڕۆژی دواتر بن.

نزیکەی سەعات شەشی بەیانی کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. من بۆ پشوویەکی کورت و شوشتنی سەرم چوومە ماڵی ئەندازیار بابان. سەدیق کەمانگەر و شوکروڵڵا پاکنژادیش کە لە تارانەوە لەگەڵ من بوو، لەوێ بوون. کاتێک دوای پشوویەکی کورت چووینە شوێنی کۆبوونەوەکە، موفتیزادە دیار نەبوو و هەر ئەو ڕۆژی حیسابی خۆی لە ئێمە جیا کردەوە.

دوایە کاتێک هاتبوو تاران و لە ماڵی بدوحی لە تەجریش بوو، لە سەر داوای هاوشارییان و لەگەڵ ئەوان چووم موفتیزادە ببینم. لەوێ بێنەوبەرەیەکی بۆخۆی دروست کردبوو و خوشەکزاکەی کوڕی باباشێخ مەردوخی سەرپەرشتی نووسینگەی ناوبراو بوو. من بە وردی و بە وەسواسەوە تەواوی هەستیارییەکانی هەلومەرج و دۆخی سیاسیم باس کرد و گوتم: "ئێستا

دەرفەتێک هەڵکەتووە و پرسەکە لە چوارچێوەی دروست و بنەمایی پێشکەش بکرێ و هەوڵ بدەین بە یەک هەڵوێستی و هاوکاریی هەمەلایەنە ئەو پرسە بە ئاکام بگەیەنین" و ڕووم تێکرد و گوتم: "هاوشارییان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان داوایان لە من کردووە تێکەڵی وتووێژەکان بم و بۆچوونی یەکگرتوو و هاوبەشمان ڕابگەیەنین و بۆ وەدیهێنانی، پێکەوە و بە شێوەی هاوبەش هەوڵ بدەین." لە وەڵامدا پێی گوتم: " من سەد ڕەخنە لە مارکسیزم دەگرم. ئەگەر تۆ تەنیا یەک تاکە ڕەخنەت بە دروستی ڕەت کردەوە، من ملکەچی ئێوە دەبم و لە بەرانبەردا ئێوە سەد ڕەخنە لە ئیسلام بگرن، ئەگەر من نەمتوانی تەنیا یەک ڕەخنەی ئێوە ڕەت بکەمەوە دیسان ملکەچی ئێوە دەبم." گوتم: "بەڕێز موفتیزادە، من نوێنەری مارکسیستان نیم و بەو ناوەوە نەهاتووم لەگەڵ ئێوە وتووێژ بکەم. من کوردم، بەو نێوە و تەنیا لە سەر پرسی کورد دەگەڵ ئێوە دەدوێم و لە بنەڕەتدا پرسێک بە ناوی دژایەتی ئیسلام و مارکسیزم لە گۆڕێدا نیە، تا ئەو وتانەی ئێوە بنەمایەکیان هەبێ." ئەو دیسان هەمان بۆچوونی دووپات کردەوە. من بە هاوشارییەکانم گوت: "دەبینن کە جەنابیان بە هیچ شێوەیەک نایەتە ڕەدایە. کەوابوو ئەو وتووێژە بێ سوودە" و کۆبەدنەوەکەم بەجێهێشت.

موفتیزادە تووشی لەخۆباییبوون و بەرزەفڕییەکی ترسناک بووبوو و بە لەبەر چاو گرتنی کەشی ئایینی کە باڵی بەسەر دۆخی ئەوکاتی ئێراندا کێشابوو، خۆی وەک ئایەتوڵڵا خومەینی کوردستان کەمە، بگرە وەک ئایەتوڵڵا خومەینی بروادارانی سوننی دەزانی. لە کاتێکدا کە ئەوە ئاشکرایە کە لە ئایینزای سوننیدا نازناوێک بە ناوی ئایەتوڵڵا و وەلی فەقێ بوونی نیە. ئاشکرایە کە نابێ لەبیر بکەین کە ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا لە ئاستی سیاسەتی جیهانییدا، عەرەبستانی سعودی بە دراوە لە ئەژمارنەهاتووەکانی ئەرکی بەربەرەکانی دەگەڵ کۆمۆنیزمی لە دنیای ئیسلام لە ئەستۆ بوو. بانگەشەی بەربڵاوی ئەو ڕێژیم و ناردنی فەقێی بارهاتوو لە فوتابخانەکانی ئەو وڵاتی بۆ چوار گۆشەی دنیای ئیسلام و دروست کردنی مزگەوت لە وڵاتانی ئیسلامی و نائیسلامیدا نەیدەتوانی بێ کاریگەریی لەسەر ئاپۆڕای جەماوەری نەخوێندەوار بێ و لە ئێران بە تایبەتی دوای سەپاندنی ویلایەتی فەقێ، پەرچەکرداری جەماوەری سوننی سەرنجدان بە بنەماکانی ئایینزای سوننی وەک ژاربڕی ئەو بەڵایە بوو. بەڵام لێکۆڵینەوە لە مێژووی کوردستان ئاشکرای دەکات کە قەت زانایەکی ئایینی ڕێبەرایەتی جووڵانەوەیەکی جەماوەریی لە ئەستۆ نەبووە. هەڵبەت شێخەکانی تەریقەتەکانی سۆفیگەریی سەردەمانێکی دیاریکراو سەرچاوەی جووڵانەوەی بەربڵاو لە ناو جەماوەی جووتیار و شارەکانی کورد بوون کە لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە باسێکی شیاوی ئاخاوتن و توێژینەوەیە. جەماوەری کورد وەک بیانییەکان دەڵێن زۆرتر ئازادانە بیر دەکەنەوە تا وەک کەسانی بڕواداری دەمارگرژ، بەڵام هەچۆنێک بێ نابێ کاریگەریی ڕێکخراوی سەلەفی یان هی ئەوتۆ لەبەر چاو نەگیرێن، بە تایبەتی کە کۆمەڵگای کوردی لە هەلومەرجی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەژی.

لە بارەی موفتیزادەدا ناکرێ هۆکارێکی تاکییش لەبەرچاو نەگیرێت. ئەو زاوای حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی و لە

سەردەمی لاوەتییەوە دەگەڵ ژنبرایەکەی سەلاح موهتەدی لە جۆرێک کێبڕکێ دابووە. زۆر جار بە منی دەگوت: "من بلیمەتی ئەوان دەناسم." مەبەستی ڕێبەریی ڕێکخراوی زەحمەتکێشان بوو کە لەو هەلومەرجیدا سەلاح موهتەدی بوو.

بە گشتی دەوری نەرێنی موفتیزادە لەو بڕگە دیاریکراوەدا یەکێک لە هۆیەکانی شکستی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان بوو.

### ٥- هۆی سەرنەکەوتنی کوردان لە پرۆسەی وتوویژەکانی کوردستان

وتوویژ دوو لایەنی هەن و کاتێک بە ئاکام دەگات کە هەردوو لا بە ڕاستی خوازیاری بن. بە بۆچوونی من لایەنی حکوومەت لەبنەڕەتدا نەیدەویست ملکەچی داواکارییەکانی کوردان بێ، تەنانەت لە کەمترین ئاستیشدا. ئەگەر لە هەلومەرجێکدا ئامادەی وتوویژ بوو بۆ ئەوە بوو کە هێشتا دەسەڵاتەکەی پتەو و چەسپاو نەبوو. لەو هەلومەرجەدا تەنیا لە ڕوانگەی تاکتیکییەوە مەیلی وتوویژی هەبوو. بێگومان، بە تایبەتی لە دەوڵەتی کاتیی بازرگاندا هێندێک کەس هەبوون کە دەیانهەویست وتوویژەکان بە ئاکام بگەن. بەڵام دەبێ قبووڵ بکرێ کە ئەو کەسانە پلەی بڕیاردانیان نەبوو و بڕیارەکان نە لە دەوڵەتی کاتیدا، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەوە دەدران. لەگەڵ هەموو ئەوانە ئەگەر لەو هەلومەرجەدا کە دەسەڵات لە دۆخێکی لاواز دابوو، لایەنی دیکەی دانوستانکار، کوردەکان، یەکگرتوو و هاوهەڵوێست بان و لە هەستیاریی دۆخەکە گەیشتبان، دەکرا لانی کەمی داواکارییەکان بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنن. بەڵام بە داخەوە ئەوتۆ نەبوو. ڕێبەریی ڕێکخراوە سیاسیەکان هەر کامیان بە شێوەیەک دەیهەویست هێژمۆنی خۆی بسەپێنێ و بە هیچ شێوەیەک لە بیری ئەوەدا نەبوون کە بێتوو ئەو دەرفەتە دەگمەنە لەکیس بچێ، لایەنی دەسەڵاتدار ئامادەی وتوویژ نابێ. وای لێهات کە ئەو دەرفەتە لەکیس چوو و دواتر دیتمان دەسەڵات ئامادەی وتوویژی ئاشکرا و فەرمی نەبوو و ئەگەر دەگەڵ حیزبی دێموکڕات وتوویژێکی کردبا، نافەرمی و نهێنی و لە لایەن مۆرە ئەمنییەتییەکانەوە بەڕێوە دەچوو، لە چوارچێوەی ئامانجە ئەمنیەتییەکاندا کە بەدوایەوە بوون، نەوەک لە لایەن بەرپرسانی سیاسی وڵات و بۆ گەیشتن بە شێوەیەک لە ڕێککەوتن.

### ٦- لە بارەی شێخ عیزەددین حوسێنی و هەڵسوکەوتی دەگەڵ پرسی کوردان

جەنابی سەید عیزەددین حوسێنی پیاوێکی ئایینی دڵپاک و گەلییە. ئەو ڕاستگۆیانە دەیهەویست لانی کەمی ویستەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکرێ. ئاشکرایە کە بەڕێزیان ڕێکخراو و تەشکیلاتێکی نەبوو و هەوڵەکانی بە شێوەی هەڵوێستی نووسراوە یان زارەکی لە بارەی پرسەکانی باسکراو بوون.

### ٧- ئامانج لە دامەزراندنی کوردەکانی دانیشتووی ناوەند

ئامـانج ئەوە بـوو کە لە وزە و توانایییەکـانی ڕێژەیەکی بەرچـاو لە کـوردانی دانیشـتووی ناوەنـد بە شـێوەی دروست کەڵـک وەرگیرێت؛ هەواڵی دروستی ڕووداوەکـانی کوردسـتان لە ناوەنـد و لە کۆمەڵگـا بە خێرایـی ڕەنگدانەوەی هەبێ، تـا پێش بە بەلاڕێدا بردن و بانگەشەی دژی کوردان تا ئەو جێیەی بلوێ بگیرێت و ئەگەر پێویست بێ یـارمەتی دارایی خـودی کـوردان و کەسانی خاوەن مەبەستی بـاش، بـۆ کوردسـتان بەڕێ بکـرێ. هەروەهـا هەوڵ دەدرا کە دەگەڵ ڕێکخراوە گەلییەکـانی گەلانـی ئێران شێوەیەک تێکەڵاوی و گۆڕینەوەی بیـروڕا هەبـێ و لە کـاتی پێویسـتدا داوای پشـتیوانی ئەوان لە وەدیهـاتنی داواکـانی گەلی کورد بکرێ و بە هەڵوێستی دروست لە بەرانبەر سیاسەتەکانی دەسەڵات یارمەتی بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە ڕوانگەی مەعنەوییەوە بکرێت.

### ٨- ڕوانگەی شا و کوردەکان

حکوومەتی پاشایەتی لە کاتێکدا کە بە توندی پێشی بە هەر جۆرە جووڵانەوەیەکی گەلیی (نەتەوەیی) خەڵکی کوردستان دەگـرت و هەر جۆرە بزووتنەوەیەکـی سیاسـی و حیزبـی سـەرکوت دەکـرد، بەڵام بـۆ بەرەوپـێش بردنـی ئامانجەکـانی خـۆی لە ناوچەدا کەڵکی لە پرسی کـورد وەر دەگـرت و لە تـاران ڕۆژنـامەیەکی بە سەرنووسـەریی بەدیعئەلزەمـانی کە گـوایە لە کـاتی گۆڕانی ڕێژیم کۆچی کرد بۆ ئامریکا و بە هاوکاری ئەحمەد، عەبدولرەحمان و سەدیق موفتیزادە چاپ دەکرد. ئەو ڕۆژنـامەیە لە ئێران چاپ دەکرا، تەنیا چەند ژمارەیەک بۆ کەسانی تایبەتیی حکوومەت دەنێردرا و بـاقی ژمارەکـانی چـاپکراو دەنێـردرا بـۆ کوردستـانی عێـراق. دراو و دروست کردنـی ئەو ڕۆژنـامەیە لە لایەن سـاواک دابـین دەکـرا. بـێجگە لەو ڕۆژنـامە کە نـاوی "کوردسـتان" بـوو، ڕێکخـراوی پـان ئێرانیسـت"ی پزیشـکپور، کە بەسـتراوەیی ڕاسـتەوخۆی بە دەربـار و سـاواکەوە هەبـوو، لە ڕۆژنـامە، گۆڤـاری، ئۆرگـانەکەی بەنـاوی "خـاک و خـوێن" بـابەت و وتـاری لە پەسـەنی جـووڵانەوەی مەلا مسـتەفا بـڵاو دەکردنەوە. بـۆ تێگەیشـتن لە مەبەسـتی ڕاستەقینەی شـا و ڕێـژیمەکەی لەبـارەی کـوردان، ئـاماژە بە دوو کتێب کە بە نـاوی ویەوە بڵاو کرانەوە و هەروەها بیرەوەرییەکانی عەلەم، وەزیری دەربارەکەی، بەسە کە بە ڕسته و دەستەواژەی بێڕێزیکـارانە باسی مەلا مستەفا دەکەن.

### ٩- ساڵی لەدایکبوون و ئاستی خوێندەواریی

ڕێکەوتی ڕاستەقینەی لەدایکبوونی من ١٢ی جۆزەردانی ١٣٠٠ی هەتاوییە. بەڵام لە ناسنامەکەمدا کە بۆ چوونە ناو خزمەتی دادوەریی تەمەنی خۆم زیاتر نواند، ڕێکەوتی لە دایکبوونم خاکەلێوەی ١٢٩٩ نووسراوە. تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی تازە دامەزراوی بەدر خوێندم و لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تا پێنجەمی دواناوەندی (بەشی زانست) لە قوتابخانەی دواناوەندی شاهپور خوێندم. پۆلی شەشەمی دوناوەندی (بەشی زانست)م لە قوتابخانەی دواناوەندی تەورێز خوێند کە ئەوکاتی یەکێک لە باشترین قوتابخانەکانی دوناوەندی ئێران بوو. ساڵێک وەک مامۆستا لە قوتابخانەی دواناوەندی لە قوتابخانەکانی شاهپور و شاهدوختی سنە، وانەکانی بیرکاریی و فیزیام دەگوتنەوە. لە کۆنکوری زانستگای یاسا یەکێک لە دە کەسی یەکەم بووم و دوای سێ ساڵ لە یاساناسیی (ساڵی خوێندنی ٢٤-٢٣) خوێندنم تەواو کرد. لە تەواوی سەردەمی خوێندندا لە سنە قوتابی پلە یەک بووم و لە تەورێز یەکێک لە دوو قوتابییە هەرە دیارەکانی پۆلەکەم بووم.

لە زانستگای تاران لە چالاکیی سیاسی، بەشداریی جیددیم هەبوو و لە وتاربێژانی زانکۆی یاسا بووم. کاتێک زیندوویاد دوکتور موسەددیق، کۆبوونەوەی مەجلیسی چواردەهەمی وەک ناڕەزایەتی بەجێهێشت و چۆوە ماڵێ، دوای یەک دوو ڕۆژ، یەکێک لەو کەسانە بووم کە بە تەیار کردنی خوێندکاران، دوکتور موسەددیقمان لەماڵەوە بردە مەجلیس. لەو کاتیدا لە تاران حکوومتی سەربازیی ڕاگەیەندرابوو. لە پێش دەرگای چوونە ژوورەوەی مەجلیس، سەربازەکان، لە کاتێکدا کە دوکتور موسەددیقمان لە سەر دەستان دەبردە مەجلیس، هێرشیان کردینە سەر و من پشتم بە سەرنێزە برینداربوو و دەستبەجێ خوێندکارەکان بردیانم بۆ نۆرینگەی حەبیب موئەیید کە لە دەروازەی چوونە ژووری گۆڕەپانی بەهارستان، سەر گۆشەی سەفی عەلیشاه بوو و دوکتور حەبیب موئەیید برینەکەی بۆ سارێژ کردم. چونکە ئەو ڕۆژی لاوێک بە ناوی خاجەنوری لە باڵکۆنی بینای بەرانبەر بە مەجلیس بە تەقەی سەربازان کوژرا، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی زانکۆی یاسا، ڕیوڕەسمێکی ڕێز گرتنمان بە یادی ئەو لاوە بەڕیوە برد کە لەویدا زیندوو یاد دوکتور موسەددیق و تاقمێک لە نوێنەرانی دیکەی مەجلیس و سیاسەتوانانی بەناوبانگ و ڕۆژنامەوانان و مامۆستایانی زانکۆ بەشدار بوون. لەو کۆڕی ڕێز لێنانەدا کە یەکەمین کۆبوونەوەی سیاسی لە زانستگا، دوای ڕووخانی ڕەزا شا بوو، من تەنیا وتاربێژ لە لایەن خوێندکارانەوە بووم کە دوای زیندوویاد دوکتور موسەددیق قسەیم کردن و کۆڕە شکۆدار و پڕ لە جۆش و خرۆشی ڕێز لێنانەکە کۆتایی هات.

### ١٠- لەبارەی وەزارەتی داد لە کاتی کار کردنمدا

من خزمەت لە بەشی دادم بە پلەی جێگری دادئەستێن لە دادئەستێنیی تاران دەست پێکرد. دوای چەند مانگ، ئەگەرچی کەم تەمەنترین دادوەر بووم وەک سەرپەرشتی بەشی جێبەجێ کردنی حوکمی دادئەستێنیی دەسنیشان کرام. لەو پلەیەدا دەستپێشخەرییەکم کرد کە ئاسەوارەکانی تا دوایین ڕۆژی حکوومەت مایەوە. پێویست بە شێکردنەوەیە کە لە پشێویی دوای خەرمانانی ١٣٢٠، هێندێک تاوانکار تەمر (پوول)ی ساختەیان چاپ دەکرد و بە ئاشکرا لە هۆڵی چوونە ژووری ناو دادگا دەیانفرۆشتن و بەشێک لە پارێزەر و خەڵکی ئاسایی کە سکاڵایان دەدا بە دادگا و هەروەها بەشێک لە بەرپرسی دەفتەرەکان کە سزای دراوی یان حوکمی سووکی زیندان کە بۆ کڕینەوە دەبوو کەڵکیان لەو پوولە ساختەیانە وەردەگرت. لە ئاکامدا بێجگە لەوە کە زیانێکی بەرچاو تووشی خەزێنەی وڵات دەبوو، ئابڕووی دادگاش فرە زەرەرمەند بووبوو. لەسەر پێشنیاری بە نووسراوەی من لە ژمێریاریی وەزارەتی داد کە لە ژێرزەوی کۆشک بوو، شوێنێک بۆ فرۆشتنی پوول کرایەوە و بە گوێرەی بڕیارنامەی وەزارەت دەبوو لە هۆدە بچووکەکەدا پوول بە ژمارە، ڕێکەوت و بە گوێرەی دراوی سکاڵا و بەڵگەی پارێزەرەکان بدرێت و بەرپرسانی دادگاکانیش دۆسیەکان بۆ لێدانی پوول بۆ ئەوێ بەرن. بەو شێوەیە بێجگە لەوە کە بەشی داد لە ئابڕووچوونێکی مەزن ڕزگاری بوو، قازانجێکی بەرچاویشی بۆ خەزێنە هەبوو. وەزیرانی دادی ئەو سەردەمی بەشێکیان پیاوی خاوەن ئەزموون بوون. لە کاتی خزمەتی مندا دوو وەزیر درەوشانەوە: یەکیان ڕەوانشاد ئەڵلاهیار ساڵح بو کە جۆرە پاڵاوتنێکی لە تەشکیلاتی دادوەری ناوەند بەڕێوە برد و ئەوەی دیکە زیندوو یاد شێخ عەبدولعەلی لوتفی بوو کە دوای سەرهەڵدانی ٣٠ پووشپەڕ بوو بە وەزیری داد و بە پاڵاوتنی تەواوی دادوەرەکان و نوێ کردنەوەی وەزارەتی داد و هەڵوەشاندنەوەی مەحکەمە تایبەتییەکان و گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی دادوەران، چاکسازییەکی باشی لە دادوەرییدا کرد.

من لە سەردەمی وەزارەتی ئەڵلاهیار ساڵح وەک لێکۆڵەری دادگا هەڵبژێردرام و دوای ماوەیەک ناوبانگێکی ئەوتۆم پەیدا کرد کە پارێزەرە ناسراوەکانی دادوەری سکاڵا و تاوانبار کردنەکانیان ڕاستەوخۆ دەناردە بەشی من و منیش بابەتەکەم بە دادئەستێن ڕادەگەیاند. لەو سەردەمیدا ڕۆژێک جێداری یەکەمێکی هێزی سەربازیی، هێرشی کردبوو سەر دادیارێک کە بە دۆسیەی ژنومێردایەتی ئەووەوە ڕادەگەیشت و لە بەر ئەو زللە قورسەی لە بناگوێی پیاوە پیرەکەی ڕاکێشابوو، خوێن بە گوێیدا دەهاتە دەر. یەکێک لە لێکۆڵەرانی دادگا ئەو دۆسیەی پێ سپێردرابوو بڕیاری دەستبەسەر کردنی جێداری یەکەمەکەی دەر کردبوو وئەوی ناردبوو بەندیخانەی کۆشک. سەرۆکی شارەوانی وڵات و بەرپرسی پاسەوانی قەڵا بە فەرمانی ڕەزمارا زیندانییەکەیان لە بەندیخانەی کۆشک هێنابوو دەر و بردبوویانە پاسەوانیی قەڵا. کاتژمێر هەشتی شەو کاتێک لەو هەواڵە ئاگادار کرام نارەزایەتی توندی خۆم بە دادئەستێن ڕاگەیاند و گوتم دەبێ زیندانییەکە دەستبەجێ بگەڕێندرێتەوە

بۆ بەندیخانەی کۆشک. دادئەستێن لەکن خۆم تەلەفۆنی بۆ ڕەزمارا و ئەشرەف (خوشکی شا) کرد و باسی تووڕەیی دادوەرەکانی کرد. من قەناعەتم نەهێنا و ڕۆژی دواتر پێش هەموو شتێک نووسراوەیەکم لە لایەن دادوەرانی دادگا وەک ناڕەزایەتی بەرانبەر بەو بابەتە لە دوو نوسخەدا ئامادە کرد، لەو شوێنەی هاتن و نەهاتنی دادوەرەکان کۆنترۆڵ دەکرا، بە هەموو دادوەرەکانم واژۆ کرد و دەستبەجێ چوومە ژووری دادئەستێن و نامەکەم، کە لەویدا هەڕەشە کرابوو بێتوو زیندانییەکە تا کاتژمێر دەی بەیانی نەگەڕێندرێتەوە، دادوەرەکان خۆ لە کار کردن دەبوێرن، دا بە ناوبراو. ئەو بە پەشۆکانەوە گوتی من لە کن خۆت تەلەفۆنم بۆ بەرپرسی بەڕێوەبەریی هێزی سەربازیی و خاوەنشکۆ ئەشرەف کرد و بڕیار دراوە، دادئەستێنی هێزی سەربازیی بۆ داوای لێبوردن بێتە دادگای تاران. من گوتم دادوەرەکان بە فەرمی داوای خۆیان ڕاگەیاندووە و لە کاتژمێر دە بەولاوە دەست لە کار دەکێشنەوە بەڵام من لە ئێستاوە دەست لە کار دەکێشمەوە و لە ژووری ئێوە دادەنیشم و هەر لەوێ دانیشتم. چەند خولەکێک تێنەپەڕیبوو کە مەئموری ڕاگەیاندنی وەزارەتی داد، حوکمی گواستنەوەی منی بۆ دیوانی سزا دا بەدەستم، دادئەستێن سوێندی بە ڕووحی باوکی خوارد کە ئاگای لە ڕووداوەکە نیە! من پێکەنیم و خواحافیزیم لێکرد. کاتژمێر دەی بەیانی دادئەستێنی هێزی سەربازیی هاتبوو بۆ دادگا و داوای لێبوردنی لە دادوەرەکان کردبوو. ئەوە یەکەم ناڕەزایەتی بەکۆمەڵی دادوەرانی دادگا بوو کە من ڕێکم خستبوو. هەڵبەت بە گوێرەی یاسای تەشکیلاتی وەزارەتی داد دادوەران لە ئەو جۆرە ناڕەزایەتی دەربڕینانە یاساغ کرابوون، بەڵام من گوێم نەدایە ئەو بڕیارە. لە ماوەی خزمەت لە دیوانی سزا، وەک لێکۆڵەری سەرۆک وەزیریی و لێکۆڵەری سەرجەم وڵات دەگەڵ چوار دادوەر لە دادوەرانی بە ئەزموون لەناویاندا ڕەوانشاد ئەسەدوڵڵا موبەشیری، بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە وەزارەتی بازرگانی و پیشە و هونەر و بانکی پیشەسازیی بووم.

دۆسیەی تاوانبار کرانی قەوامولسەڵتەنە لە لایەن ئەو کوڕە بۆ وەرگرتنی ئیزن پێشکەشی مەجلیسی شووڕای میللی کرا (هەڵبەت لە لایەن دەوڵەت و وەزارەتی داد) ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلمان لە بارەی فرۆشتنی بانکی پیشەسازیی پێشکەش کرد و من بۆخۆم ئەوەم بە مۆری تاکەکەسیی خۆم مۆر کرد و ناردمە دەفتەری لێکۆڵینەوەی وڵات. ئەو ڕاپۆرتە بە دڵی وەزیری ئەوکاتی نەبوو و چونکە من داوای گۆڕین یان کورت کردنەوەکەیمان ڕەت کردەوە، هیچکات باسی نەکرا و پاشەکەوت کرا. باسی هەنگاوی دیکەش کە من بۆخۆم لەو مەئموریەتەدا هەڵم هێنان، دورودرێژن و دەرفەتی گێڕانەوەی ئەوان نیە.

وەزیری ئەوکاتی محەممەد سەروەری بوو. لە ساڵی ١٣٢٨ دەوڵەت، دوکتور تەقی نەسری لە ئەمریکاوە بۆ سەرپەرشتی ڕێکخراوی بەرنامە هێنایەوە ئێران و من بە گوێرەی ڕاگەیاندنی وەزیری ئەو کاتی (دوکتور محەممەد سەجادی) یەکێک لە ئەمدامانی ئەو تاقمە سێ کەسییە بووم کە لە کارەکەیدا هاوکاریی دوکتور تەقی نەسرم کرد، دوو کەسەکەی دیکە میرزا مێهریخان مەولەوی دادوەری دیوانی وڵات و ڕەوانشاد ئەسەدوڵڵا موبەشیری بوون. هەر ئەوکاتی چونکە من بەرانبەر بە

دەستنیشان کرانی دادئەستێنی دیوانی سزا  نارەزایەتیم دەربڕی و ئامادە نەبووم چاوم پێی بکەوێ، هەر ئەو وەزیرە منی بۆ دادگای ملکی بەخشراو، گواستەوە! من گوێم نەدایە ئەو دەستنیشان کردنە و نەشچوومە کاری ڕێکخراوی بەرنامە. لە کۆتاییدا وەزیری داد منی گەڕاندەوە بۆ دیوانی سزا و بەڕێز ناسر دەوڵەت ئابادی کە لە جیات من هێنابوویانە دیوانی سزا، نێردرا بۆ دادگای پارێزگا. بەڕیز ناسر دەوڵەت ئابادی دواتر بوو بە بەرپرسی گشتی دادگای سکالای ناوەند و بەرپرسی بەشی دیوانی وڵات و سەرۆکی دیوانی باڵای وڵات.

من یەکێک لەو دادوەرانە بووم کە دامەزرێنەری کۆمەڵەی دادوەران و مووچەخۆرانی دادگا بووم، هەر لە سەرەتاوە وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو کۆمەڵەیە هەڵبژێردرام و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئۆرگانی کۆمەڵەکە کە خاوەن ئیمتیازەکەی خوالێخۆشبوو محەممەد ڕەشاد بوو، من بووم. ئەو کۆمەڵەیە بۆ سەربەخۆیی دادوەران و گەشە پێدانی هێزی دادوەریی خەباتی دەکرد. کاتێک لە حکوومەتی ڕەزمارا، سەرۆکەکانی بەشی دووهەم و پێنجەمی دیوانی وڵات (زیندوو یادان شێخ عەبدوڵعەلی لوتفی و میرزا حیشمەت قەزایی) بە پێچەوانەی پرەنسیپەکان وەک سەرۆکی دادگاکانی پارێزگای خوراسان و ئازەربایجان دەستنیشان کران، ئێمە بە توندی دژی ئەو بڕیارەی وەزارەتی داد نارەزایەتیمان دەربڕی و پێشنیارێکی دورودرێژی نارەزایەتیمان نووسی و بڕیار درا کە دادوەرەکان واژۆی بکەن. ئەرکی وەرگرتنی واژۆی دادوەران بە من ئەسپێردرا. لە سەرجەم دادوەرانی دیوانی وڵات تەنیا سێ کەس (دوکتور مەلەک ئیسماعیلی، حوسێن شەهشەهانی و مزەففەری شاهانی) واژۆیان کرد. لە مەجلیسی پیرانیش سێناتۆر حوسێن نەقەوی، دەوڵەتی هێنایە ژێر پرسیار و لە کۆتاییدا بە هۆی خەباتی ئێمە  بەڕێزان لوتفی و قەزایی گەڕێندرانەوە بۆ دیوانی وڵات. تاوانی ئەوان ئەوە بوو کە حوکمەکانی دادگاکانی سەربازییان لەمەڕ بەندییە سیاسییەکان هەڵوەشاندبۆوە. لە حکوومەتی زیندوویاد موسەددیق، دوکتور مەلەک ئیسماعیلی وەک جێگری سەرۆک وەزیران و بەڕێزان شەهشەهانی و موستەفەوی وەک یاریدەدەری وەزیری ناوخۆ و یاریدەدەری وەزیری داد دەستنیشان کران.

### ١١- سەرۆک وەزیرانی دەوڵەت لە کاتی کار کردنمدا

لە نێو وەزیراندا بێجگە لە زیندوویاد موسەددیق کە بە ڕاستی هەڵبژێراوی خەڵک بوو، دوو کەس سەرنجڕاکێش بوون: قەوام ئەلسەڵتەنە و ڕەزمارا کە دەیانەویست بۆخۆیان کاروباری وڵات بەڕێوە بەرن و پێش بە دەستێوەردانی دەربار بگرن. ڕەزمارا ژیر و چالاک بوو و هێندێک بیرۆکەی لە سەری دابوون کە لەو ڕێگایەدا گیانی خۆی بەخت کرد.

## ١٢ و ١٣

باس لەو دوو بابەتە لەو کورتە نووسراوەدا ناگونجێ و بە کورتی ئاکاژەیان پێ دەکەم کە تێگەیشتنی حکوومەتەکان لە دەوڵەت - نەتەوە حاشا کردن لە مافەکانی گەلانی ئێران بە گوێرەی بێ متمانەیی و کەڵک وەرگرتن لە مۆرکی جیاییخوازییە. لە کۆتاییدا ئەوە زیاد دەکەم کە ئەمیر عەلائی بە بیانووی چوون بۆ مەهاباد بۆ هەڵبژاردن منی لە سەر کار لابرد. من ئیتر نەچوومەوە دادگا. زیندوویاد لوتفی لە یەکەمین ڕۆژی بوون بە وەزیر، بە نووسراوە منی بانگهێشتی چاوپێکەوتن کرد. سربردەکە دووردرێژە. لە کۆتاییدا دوای نۆژەنکردنەوەی تەشکیلاتی داد، وەزیر، من و خوالێخۆشبووان نورەددین ئەلەموتی و محەممەد ڕەشاد و ئەحمەد حیسابی وەک دادیاری دادگای سزایی دادوەران دەستنیشان کرد کە بووە هۆی نارەزایەتی دوکتور بەقایی لە مەجلیس و هەڵا و هەنگامەی ڕۆژنامەکانی لایەنگری ناوبراو. ڕاپۆرتی وتووێژەکانی مەجلیس، لە ڕۆژنامەکانی فەرمی وڵات ئەوە ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە. لە کۆتاییدا زیندوویاد لوتفی ناچار کرا کارێکی دیکە بەو چوار کەسانەمان بسپێرێ و من وەک دادیاری پارێزگای ناوەند دەستنیشان کرام.

تەندروست و سەرکەوتوو بن.

سارمەددین سادقوەزیری

---

ئەم وتووێژە لەسەر داوی من هاوڕێ کەمال حەسەن پوور لە فارسییەوە وەرگێراوەتەوە بۆ کوردی.

سپاس و دستیان خۆش بێ. ڕەحمان نەقشی

١٩ - ٤ - ٢٠٢٢

---

# "پێشەکی"

**وەرگێڕانەوەی کتیبی: "دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کرد، زندەیادان قاضی محمد و احسان نوری پاشا و ماجرای انتخابات دوره هفدهم مجلس شورای ملی در مهاباد"**

بەڕێز کاک حەسەنی قازی سەرە ڕای کاری پڕ و پتەوی ڕۆژنامەوانی، بەردەوام کۆمەڵێک ئەرکی نووسینی کتێب، وتار، و وەرگێران لە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی بۆ سەر کوردی گرتۆتە سەر ملی خۆی و بێ وچان خزمەتی ئەدەب و سیاسەت و مێژووی کورد دەکا. یەکێک لە کارە بەنرخەکانی، وەرگێڕانەوەی کتیبی: "دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کرد، زندەیادان قاضی محمد و احسان نوری پاشا و ماجرای انتخابات دوره هفدهم مجلس شورای ملی در مهاباد" یە بە کوردی کە بە خامەی جوانی جەنابی سارمەددینی سادق وەزیری یە کە لە ساڵی ١٣٨٣ بە فارسی لە چاپ دراوە. مەبەستی کاک حەسەنی بەڕێز ئەوەیە کە کوردەکانی باشووری کوردستانیش بتوانن دەستیان بگاتە ئەو کتێبە بە نرخە و لە زانیاریە بە کەڵکەکانی سوود وەربگرن. بە راستی حەیف دەبێ کە توێژەران و لێکۆڵەرانی کورد نەتوانن لە بەدوادا چوونەوەکانی مێژوویی و ڕوون کردنەوەی ڕووداوەکان و شرۆڤە کردنەوەی بەسەرهاتەکان کە لەو کتێبە دا ئاماژەی پێکراوە ئاگادار نەبن. بە تایبەت لەزمان و بە قەڵەمی زانا و شارەزایەکی مەزن، بە ئەزموون، ڕاست و دروست و بە پرەنسیپ و بە ئەخلاقی سیاسی، وەک مامۆستا و گەورەپیاوی هەڵکەوتووی کورد جەنابی سارمەددینی سادق وەزیری کە بە ڕاستگۆیی و بە بێ لایەنداری باس لە ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان دەکا، پێچەوانەی زۆربەی ئەو کەسانە کە بیرەوەریەکانی خۆیان دەنووسنەوە و خۆیان دەکەن بە قارەمان و لە گشت بەرپرسیارەتییەکان خۆ دەدزنەوە و کەم و کوڕیەکان بە سەر ئەوانی دیکە دادێنن و خەڵکیش بە خەتابار و کەم کار و نەفام و نا بەرپرسیار ناو دەبەن.

بەشدار کردنی گەنجەکان و ئاگادار کردنەوەیان لە باس و بابەتەکان و ڕوونایی خستن بۆ سەر لایەنە بوومەلێڵەکان چ لە ئێستا و چ لە داهاتوو ویستی نووسەر بووە، گەلێک شتی نە وتراو و نە بیسراو هەیە کە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دا چاومان پێی دەکەوێ.

لەو کتێبە دا نووسەر جوابی لێدوانەکانی خوالێ خۆشبوو دوکتور هاشمی شیرازی داوەتەوە و لە پەراوێزی بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ بابەتە ناڕاست و ناڕەواکان کە بە شێوەیەکی نارێک و ئاست نزم ئاراستە کراوە، کۆمەڵێک باسی تازەیان هێناوەتە گۆڕی کە پڕ بایەخ و بە نرخە. بەختەوەرانە کاتی خۆی کتێبی "بیرەوەرییەکانی دوکتور شیرازی گەیشتە دەستی من و بۆم

دەرکەوت کە ڕاگەیاندراوەکانی خاوەن بیروەرییەکان چەندە بە بنەما و سوبژێکتیوە، هەر کە بەتەلەیفون ئەوەم بە عەرزی جەنابی مامۆستای خۆم گەیاند داوایان لێکردم بۆیانی بنێرم و بەختەوەرانە قۆڵیان لێ هەڵماڵی و کتومت دەستیان کرد بە ڕەد کردنەوەی ساختەکارییەکان و قسەکان کە دژایەتییان هەیە لە گەڵ ڕەوت و ڕووداوە مێژووییەکان.

## ئەو کتێبە لە سێ بەش دا ئامادەکراوە:

لەسەر بیرەوەرییەکانی جەنابی سارمخان لە جەنابی پێشوا قازی محەممەد، هەروەها لەسەر جەنابی ئێحسان نووری پاشا ڕێبەری بزووتنەوەی ئارارات لە باکووری کوردستان، لە دوایی دا لەسەر دڵسۆزییەکانی نووسەر بۆ سەر تەڤگەڕی کورد، بۆ زیندوو کردنەوە ی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرگری لە پووکانەوەی. بۆ ئەو مەبەستەش خۆ بە کاندید کردنی بۆ نوێنەری هەڵبژاردنەکانی  دەورەی حەفدەی مەجلیسی ئێران.

## لەسەر قازی محەممەد

نووسەر، بە ڕێز و حورمەت باس لە مەتانەت، خۆ بە زل نەزانی، ڕادەی بەرزی تێگەیشتوویی و زاڵ بوون بە سەر سیاسەت و دیپلۆماسی بەڕێز قازی محەممەد دەکا. ئاماژە بەوە دەکا کە هەموو هەوڵەکانی لەوە دا جێێ دەگرت کە سەرەداوەکەی بڕیارەکانی حکومەتی کوردستان بە دەست خۆیەوە بێت لە پێناوی بەرەو پێشەوە بردن و سەرکەوتنی داخواز و داواکاریە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## زانیاریەکانیانی سارمخان سەبارەت بە:

سەفەرەکانی پێشەوا قازی محەممەد بۆ تەورێز و تاران و چاو پێکەوتنەکانی سەرۆک کۆماری کوردستان لە تاران دەگەڵ سەرۆک وەزیر و لایەنەکان، دەگەڵ پیشەوەری، کەش و هەوای سیاسی ئەو سەردەمە، قورسایی هەڕەشە و مەترسییەکان، هەڵوێستی دەسەڵاتی ئێران، ڕەوشی کورد لە ناو مێدیاکان و بێکەسی و بێ دەرەتانی کورد و پێچاو پێچ بوونەکانی پرسی کورد، دەنگە ناسازەکان و هەیمەنە و هەژمۆنیی ئازەرییەکان (تورکەکانی ئێران) و فرت و فێڵەکان، پاوانخوازیەکان و فراوانخوازیەکانیان، دەست تێوەردانەکانی بەرپرسانی یەکیەتی سۆڤیەت و ناوبژیوی کردنیان بۆ چارەسەری کێشەکان لە نێوان دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان بە قازانجی کورد، ڕیککەوتنەکان و پەیمانەکانی نێوان پێشەوا قازی محەممەد و پیشەوەری، پەیمان شکێنیەکانی ئازەربایجان و لە پەراوێز خستنی کوردەکان لە لایەن تەورێز و تاران و چەند بابەتێکی دیکە فرە بە نرخ و بەکەڵکە. لە کەم شوێن دا لە سەر ئەو دۆخە تایبەتییە بەو شێوە ئاگاداری ئاراستەی

خوێنەران کراوە. تایبەتمەندی فەرهەنگی جەنابی سادق وەزیری و پلەی بەرزی زانیاری و ئاگاداری و کەڵک وەرگرتن لە پەیوەندی و نزیکایەتی لە کۆڕ و کۆمەڵانی ئێرانی، لێزانی، وریایی و وردبوونەوەی کەم وێنە لە چەمکەکان یارمەتیدەری دۆزینەوەی ڕاستییەکان و پاک کردنەوەیان لە قسە بێ سەرە و بەرەکان بووە.

نووسەر باس لە دەوری گرنگی یەکیەتی سۆڤیەت دەکا لەسەر سڕ کردنەوەی گوشارەکانی بەرپرسانی حکومەتی ئازەربایجان بۆ سەر پێشەوا و هاندانیان بۆ چارەسەریی کێشە مەترسی دارەکان. بێکهاتەی بەرەی نێوان دوو حکومەت دژ بە تاران و ڕێککەوتننامەی ٢٣ ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە نێوان دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە سەر بانگهێشتنی پێشەوا بۆ تەوریز سەری گرت و بەم شێوە پرۆژە مەترسیدارەکەی حکومەتی ئازەربایجان بۆ لکاندنی خاکی کوردستان سەری نەگرت. نووسەر ئاگای لە وردەکاریەکانی سەفەری جەنابی پێشەوا بۆ تاران بووە و لە کتێبەکە دا ئاماژەی پێکردووە.

سارمخان جەخت دەکاتەوە کە پێشەوا بە پێچەوانەی لێدوانەکەی دوکتور شیرازی، لە پاش چاوپێکەوتن دەگەڵ قوام السلطنە کە لەسەر بانگ هێشتن لە قازی محەممەد پێکهات، هیچ بێ ڕێزییەکی بە ڕێککەوتنەکەی دەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان نەکردووە و بە تەواوی نزیکایەتی لە گەڵ ئازەربایجان پاراستووە و نەکەوتۆتە ژێر داو و داواکارییەکانی قەوام.

نووسەر بۆ پێداگرتن لە سەر ئەو لێکدانەوەی خۆی ئاماژە دەکا بەو خاڵە گرنگە کە لەپاش ڕێککەوتنی دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان هاوپەیمانیەتییەکی بەربڵاو پێک هات لە نێوان حیزبی دیموکراتی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە ڕێک بە پێچەوانەی سیاسەتی حکومەتی قوام بوو.

نووسەر پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە سەرۆک وەزیری ئێران قوام السلطنە ڕوی خۆشی نیشان نەدا بە نەمر پێشەوا و تەنانەت بەیەک شێوە پێشوازیان نەکرد لە سەرۆکایەتی دووحکومەتی ئازەربایجان و کوردستان . نوێنەرانی قەوام چەند جار چاوپێکەوتنیان کرد دەگەڵ هەیئەتی ئازەربایجان بە تایبەت مظفر فیروز کە جێگری سەرۆک وەزیر بوو، پەیوەندییەکان دەگەنە ئاکام و دەبێتە هۆی واژۆ کردنی گرێبەستێک لە ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥لە ١٥ خاڵ دا.

نووسەر دەنگۆ بێ بنەماکان، لێدوانە نالەبارەکان، بۆچوونە ناڕەواکان و قسە هەڵبەستراوەکان کە سەبارەت بە پێشەوا و هەڵس و کەوتەکانی لە کتێبی دوکتور شیرازی دا جێی گرتووە بە بەڵگەی سەلمێنەر ڕەد دەکاتە وە. ڕاستیەکان دەردەخا

بەتایبەت لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف ڕاگەیەندراوەکان لەسەر قازی محەممەد بەو شێوەیە کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی دوکتور شیرازی دا هاتووە بە ناڕاست ناو دەبا. هۆندنەوەی هەواڵی دیداری تایبەتی پێشەوا دەگەڵ باڵوێزی ئینگلیزیش بە پێچەوانەی حەقیقەت دەزانێ و بێ بنەمابوون و ناڕاست بوونی ئەو هەواڵە لە لایەن جەنابی سارمخان زەق دەکرێتەوە و دەردەکەوێ کە ئەو دیدارە هیچ کاتێک وەدی نەهات.

سارمخان بیر و فکر و کرداری سیاسی قازی محەممەد زۆر بەرز دەنرخێنێ و بە متمانە چاو لە هەڵسووڕاوییە سیاسی و دیپلۆماتیکە بەجێ و ڕیپەکانی دەکا، قامک ڕادەکێشی بۆ چاوەدێرییە بە نرخەکانی لە ئاستی دیپلۆماسی لە ئێران و لە پەیوەندی لە گەڵ  وڵاتە زلهیزەکانی وەک یەکیەتی سۆڤیەت، ئینگلیز و ئەمریکا.

سارمخان هەر لە ساڵێ ١٣١٩ وە شانازی ئاشنایی لە گەڵ بە ڕێزان قازی محەممەد، سەدری قازی و محەممەد حوسێن سەیفی قازی پەیدا دەکاله شاری تەورێز. لە کاتی بانگهێشتنی قازی محەممەد بۆ تاران لە لایەن قوام السلطنە، دووجار چاوپیکەوتنیان دەبێ. سارمخان لە وتارەکان و ڕاگەیەندراوەکان و نووسراوەکان، وەک سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان باس لە قازی محەممەد دەکا.

### بۆ ئێحسان نووری پاشا

لە لێدوانەکانی نووسەر لە سەر جەنابی ئێحسان نووری پاشا چەند شت دەردەکەوێت:

بەر لە هەر چ شتێک، بەشی دەرد و حەسرەتی غەریبایەتی کە خوێنەر هەست دەکا بە وە کە ژیانی سەرکردەیەکی کورد لە تاراوگە تا چ ڕادەیەک دڵهێش و گیان تەزێنە، ژیانی پەنابەری و غەریبایەتی لە ناو دڵ و هەست و ڕەمز و ڕازەکان دا بۆ مرۆڤی سیاسی چەندە تاقەت پڕووکێنە، بە تایبەت بۆ کەسێک کە ڕۆژێک لە بەرزایی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیەک دا کۆمەڵێک ئاوات و ئامانج و بەرنامە و ستراتیژی گەڵاڵە کردبوو. ژیانی پەنابەری لە ژێر چاوەدێری دەوڵەتێک کە چاوی بە کورد  هەڵنایە دەبێ چەندە زەحمەت بێ. لە لاپەڕەکانی ئەوکتێبەدا و لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەر، دەردەکەوێ کە زیندوویاد ئێحسان نووری پاشا لە تاران ژیانێکی پڕ لە ئازار و مەینەتی تایبەت بە دوورەوڵاتی بردۆتە سەر بەڵام بوێرانە و دلێرانە، بەزیپک و بە زەبر و زەنگ ماوەتەوە و ڕابردوو و داهاتووی سیاسی لە بیر نە کردووە و بە دەست نەڕۆیشتوویش هەر هەوڵی خۆی داوە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوتی بزاڤی کورد.

کوردەکانی ڕۆژهەڵات، دانیشتووی تاران بۆ ڕێز گرتن لە کەسایەتی، پلە و پایە، جێگە و پێگە لە ناو کۆمەڵانی خەڵک، خزمەتەکانی ئێحسان نووری پاشا بە پرسی کورد و دەوری گرنگ لە مێژووی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد دەستی قەدر و حورمەتیان لێناوە و هات و چۆیان کردووە. نووسەر ناوی کەسانێکی بردووە لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە وەک بەشێک لە ڕووناکبیرە بە ئەرکەکان لە خەڵکی کرماشانەوە گرتوویەتی هەتا دەگاتە موکریان سەردانی ئەو ڕیبەرە کوردە بە قەدرەیان کردووە و بە هەستی پێزاین هەستان و دانیشتنیان دەگەڵ کردووە و ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستێیە کە کوردایەتی لە لایەن ڕۆشنبیرانی هەموو شارەکانی کوردستان بە هێز بووە و بەشێک لە وانە پەیوەست دەبن بە "کۆمای ڕەش"، بوونی چەند کەسایەتی بە ناوبانگی خەڵکی کرماشان سەرنج ڕاکێشە. هەر لەو بەستێنە دا نووسەر بەشێک لە لێدوانەکانی دوکتور شیرازی بە ڕاست نازانێ.

دوکتور شیرازی زۆر هەوڵی داوە کە خۆی زۆر نزیک لە ئێحسان نووری پاشا بناسێنێ، سارمخان تا رادەیەکی زۆر ئەو لێدوانانە ڕەد دەکاتەوە.

سارمخان دراوسێی ئێحسان نووری پاشا بووە ویەکێک لەو کەسانە بووە کە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک هات و چۆی کردووە، کۆمەڵێک ئاگاداری و زانیاری داوەتە دەر کە لە هێچ شوێنێک دا نە دیتراوە و نەبیستراوە. سەرۆکی بزووتنەی ڕزگاریخوازی ئارارات لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی ئێران دەستگیر دەکرێ و لە ژێر گوشارەکانی دەوڵەتی تورکیە دەکەوێتە بەر مەترسی ڕادەست کردنەوە. بە هۆی چالاکیی بەرفراوان لە لایەن کوردەکان و هەرمەنیەکان و ناردنی نامە بۆ سەرۆکانی سێ وڵاتی هاوپەیمان: یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمریکا و ئینگلیز لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ بەشداری کۆنفرانسی تاران دەبن ڕزگاری دەبێت.

ئێحسان نوری پاشا هۆکاری زیندانی کردنی خۆی بۆ سارمخان گێڕاوەتەوە و دەرکەوتووە کە سۆڤیەتیەکان لە بەرنامەیان دابووە و داویان کردووە کە ئێحسان نووری پاشا سەرۆکایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە دەستەوە بگرێت.

ئێحسان نووری پاشا لە دۆخێکی نارەوای ماڵی دا لەگەڵ خانمی بەڕێزی لە تاران ژیان تێپەڕ دەکا. لەو سەردەمە دا سارمخان بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕەوشە دڵتەزێنە بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بۆ دەستەی کارگێڕی حیزبی توودەی ئێران داوای یارمەتییان لێ دەکا کە بێ بەرسیو دەمێنێتەوە.

باسی "کۆمای ڕەش" (کۆما ڕەش)، بابەتێکی مێژوویی دیکەیە کە سارمخان وەک ئەندامی سوێندخواردووی جێی متمانەی بەڕیز نووری پاشا لەو کۆمایە دا جێی گرتووە و ڕوونکردنەوەی لەسەر داوە. نووسەر بە وردی جوابی هەندیک لە

ڕاگەیەنـــدراوەکانی دوکتـــور شـــیرازی دەداتەوە ســـەبارەت بە پەیوەنـــدییەکانی دەگەڵ نـــوێنەری ئەمریکـــا و بۆچـــوون و بەرنامەکانیان بۆ کورد و بە تەواوی وەک بێ بنەمابوون، وتەکانی ناوبراو ڕەد دەکاتەوە.

ڕۆژی کـۆچی دوایـی زۆر بەڕێـز ئێحسـان نـووری پاشـا لە ٢٥ ی مـانگی مارسـی ١٩٧٦ لە تـاران، مـن لە گەڵ برادەرێکـی خۆشەویستی گیـان فیـداکردووم لە ڕیزەکـانی کـۆمەڵە دا، کـاک سولەیمانی بلووری لە ڕێ و ڕەسمی بە خـاک سپاردن و لە پاشـان سەرەخۆشی دا بەشـداریمان کـرد، دوکتـور شیرازی بەشـداری ڕێ و ڕەسمەکە بـوو و هـۆنراوەیەکی بە هەسـتی کە بەو بۆنەوە هەڵی بەستبوو ئاراستەکرد، لە بەر هەستی پڕ سۆز و کڵپەی گریان بۆی تەواو نەکرا.

**سارمخان دەنووسێ:**

**" ئێحسان نوری پاشا هێچ کاتێک لە بیر و فکری وەدی هێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد غافڵ نەبوو..."**

**هەڵبژاردنی ساڵی مەجلیس ١٣٣٠ لە مەهاباد**

بەسەرهاتەکانی هەڵبژاردنی دەورەی حەفدەی مەجلیسی شووڕای میللی لە شـاری مەهابـاد یەکێکە لە هەرە خـاڵە گرنگەکـانی ئەو کتێبە، لە بەر ئەوە کە دەردەخا کە جەنـابی سـارمخان بە هەسـت و خواسـتی خـۆی و بە سـەربەخۆیی تەواو، بڕیـار دەدا بێت بۆ شاری مەهاباد و دوو نیشانە بە تیرێک بنگێوێ:

**یەکەم**: تێکۆشان بۆ هەڵبژاردن بۆ نوێنەرایەتی لە مەجلیس، نوێنەری شارێک کە ٧ ساڵ پێشتر پێتەختی کۆماری کوردستان بووە و بە گوڕ و بە تین بە کەش و هەوایەکی سیاسی دا تێپەڕ دەبوو، مەبەستی سەرەکی کاندیدی سەربەخۆی کورد ئەوەبوو کە لە سەرتریبوونی پارلمـانی ئێـران پاراسـتنی داخوازەکـان و مافەکـانی نەتەوەی کـورد بکا.کانـدیدی ئەودەورەیە گەنجێکـی بەهەست، خوێندەواری بواری حقوق، مافناس و دادوەری دادسەرای تـاران بوو.

**دووهەم**: هەولدان بۆ دەست پێکردنەوەی خەبـاتی سیاسی لە چوار چێوەی تەشکیلات و قەوارەی حیزبێک کە ڕێبەری پێشـووی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو و سەرقـافڵەی شە هیدانی کوردستان.

سارمخان بە ڕاشکاوی دەسەلمێنێ کە هیچ یەک لەو کەسانە کە لە نووسینەکان و بیرەوەرییەکانیان ئاماژەیان بە

هەڵبژاردنی دەورەی حەڤدەی مەجلیسی ئێران کردووە نەپڕژاونە سەر جەوهەری سەرەکی ڕووداوەکە وچۆنیەتی سەربردەکانیان ڕوون نەکردۆتەوە، هەربۆیە بڕیار دەدا کە بەسەرهات و چالاکییەکانی خۆی و کاردانەوە و لێکەوتەکانی بنووسێتەوە و خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروست لە پەیوەندییەکانی رابردوو، ئەوجۆرە کەڕوویداوە، لە گەڵ حیزبی دیموکرات و دەست پێکردنەوەی خەباتی حیزب لە پاش شەهیدبوونی قازی محەممەد و سەدری قازی و حەمەحوسێن خانی قازی ئاراستەبکا.

بە پێچەوانەی دەنگۆکان، جەنابی سارمخان نەک هەر لە لایەن حیزبی توودەی ئێران ئەرکی بەشداری لە هەڵبژاردن و ناساندن وەک پاڵێوراو بۆ مەجلیسی پێ نەسپاردرابوو، بەڵکوو تەنانەت بە بێ پرس و ڕای حیزبی توودە بڕیاری دا بۆ سەفەر بۆ مەهاباد و چالاکیی هەڵبژاردن.

جەنابی سادق وەزیری گەڵێک بوێرانە لە گەڵ پلانەکانی دام و دەزگای ئەرتەش، ڕوکنی دوو، شارەوانی و ئێدارە دەوڵەتیەکان ڕووبەڕوو بۆوە و بە ڕێکخستنی گەنجە کانی شاری مەهاباد و دوەر و بەر سەرهەڵدانێکی مەدەنی پێک دێنێ کە وەک ڕووداوێکی سیاسیی جەماوەری چاوی لێدەکرێ و هەڵدەسەنگێندرێت. پشتگری خەڵک و بەشداری چالاکانەیان لە کار و باری هەڵبژاردن پەیوەندییەک لە نێوان جەنابی سادق وەزیری و دانیشتوانی شاری مەهاباد و گوندەکان پێک دێنێ و دەبێتە دەسپێک و سەرەتایەک بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی حیزبی. لە ڕاستی دا ڕووداوی هەڵبژاردن دەبێتە بنچینەیەک بۆ کۆ کردنەوەی زیاتری خەڵک لە دەوری حێزبی دیموکراتی کوردستان. پێویستە ئاماژە بکرێ کە کاندیدی کوردی گەنجی خەڵکی شاری سنە ئەوەندە خۆشەویستیی خەڵک لە سابلاغ بۆ خۆی دەستەبەر دەکا کە خەڵک ناوی بچووکی ئەو،: "سارم" لە سەر کوڕەکانیان دادەنێن. نووسراواکانی جەنابی سادق وەزیری لەو کتێبەدا لەسەر هەڵبژاردنی مەهاباد و دەور و بەری بە تەواوی لە گەڵ ئەو شتانە کە دوکتور شیرازی باسێ کردووە لە ناکۆکی دایە و ئەوەش دەگەیەنێ کە لێدوانەکانی دوکتور هاشمی شیرازی لە گەڵ ڕاستییەکان یەک ناگرێتەو و نووسەر بە بێگەردی دەردەخا کە کە زۆربەی لیدوانەکانی دوکتور شیرازی پڕە لە قەبەکردن و فوو تێکردن، لە بۆچوونی ڕەمەکی و لە گۆشە نیگای خۆی بیرەوەریەکانی هۆندۆتەوە.

لێهاتوویی سیاسی - حقوقی سارمخانی سادق وەزیری بە جوانی، گوتراوە نالەبارەکان و نووسراوە ناڕەواکان وەدەردەخا و مەیدان نادا بۆ لەسەر کورسی دانانی وتە ناڕاستەکان و ڕاگەیاندنەکانی دوکتور شیرازی. جەنابی سارمخان لە خوێندنەوە کتێبەکەی کاک هاشمی سەلیمی کە زەحمەتی کۆکردنەوە و نووسینەوەی ڕاگەیاندراوەکانی دوکتور شیرازی گرتە سەر شانی خۆی زۆر تووڕە بوو لە بەر ئەوە کە درۆ و دەلەسەکانی ناو کتێبەکەی نەک هەر وەک ناڕاست بەراوەرد دەکرد بەڵکوو پێی وابوو کە زیان دەگەیێنێت بە میژووی کوردو بە بەرژەوەندییەکانی، بەختەوەرانە قۆڵیان لێ هەڵماڵی و دەستیان کرد بە نووسین و بە بەڵگە هێنانەوە و بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان، بە شێوەی حقوقی وەک پارێزەرێکی قازی محەممەد

لیدوانەکانی لە بێژینگ دا و هەرچی قسەی بێ جێ و بێ بایەخ و بێ بنەما و نادروست بوو دەری هاویشت و پووچەڵی کردەوە، دەستەکانیان خۆشبێت.

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی جەنابی سارمخان بۆ هەستاندنەوە و بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرگری لە پووکانەوە، هەر ماوەیەکی کورت لە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان واتە لە ساڵی ١٣٢٦ ئالیکاری، هاوڕێیەتی و ڕاوێژکارییەکان لە گەڵ ئەندامانی حیزب دەست پێدەکا و دەوری گرنگ دەبینی بۆ کۆڵنەدان و وازنەهێنان. جەنابی سارمخان بەگیانی کوردایەتی و بە نەفەسی دڵسۆزانە لە گەڵ ئەندامانی حیزب دانیشتن دەکا و گوێڕاگری دەکا بۆ داواکارییەکان و ڕێنوێنی یەکان ئاراستەیان دەکا.

پێشنیارەکانی چەند کادر و ئەندامی حیزب کە لە سەفەری تاران چاویان بە سارمخان دەکەوێ و وەک کەسێکی پایەبەرزی باوەڕپێکراو، بۆ دەست پێکردنەوەی خەبات پەسند دەکرێ و ئەزموون و ئامۆگارییەکانیان پێ دەگەتێنیت. داوایان لێدەکا کە خۆ لە چەوت و چێلی بە دوور ڕابگرن و ڕسکانی دەورەیەکی نوێ بەدەستەوە بگرن. بە پێچەوانەی بەشێک لە بەشداربووان و لایەنگرانی کۆماری کوردستان کە پشتیان لە هەمووشت کرد و دەرگایان لە سەر ڕابردووی سیاسی و داهاتووی نەتەوەیی گاڵە دا و تەنانەت هەندێک باوەشیان وەدوژمن دا، نووسەر نەک هەر تووشی دوورەپەرێزی نەبوو، بەڵکوو لەسەر ئەو بیرە پیرۆزە بوو کە نابێ دواڕۆژی نێشتمان و نەتەوەی کورد بە قەدەر بسپێردرێ، هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ دەست پێکردنەوە و سازکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

متمانەی ئەندامانی حیزب هۆکارێکی دیکە بوو بۆ بڕیاری سارمخانی سادق وەزیری بۆ یارمەتیدانیان. لەو سەردەمە تایبەتیەدا کە لە پاش لە شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد، سەدری قازی و حەمە حوسێنی سەیفی قازی و شەهیدەکانی سەقز، ماتەمێکی قورس و خەمێکی قووڵ ڕوخساری خەڵکی داگرتبوو و ئاسەواری کۆستێکی گەورە بە سەرو چاوی خەڵک دا دیار بوو، جەنابی سارمخان بەو ئاکامە گەیشتبوو کە دەبێ یارمەتیدەری نۆژەن کردنەوەی خەبات و ڕێکخراوەکانی حیزبی بێت. ئەو کەساتیە سەربەخۆیە کە ئەو دەمە ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سەرانسەری ئێران نە بوو، بیر لە مەترسییەکان و لێکەوتەکان ناکاتەوە و دەوری ڕاهێنەری بۆ ئەندامانی حیزب دەگرێتە دەست و یارمەتی دەکا بۆ رۆنێسانسی خەباتی کورد و درێژەپێدانی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات. مخابن هەتا ئێستاش ڕێبەرایەتی حێزب و کەسایەتییە کانی کۆن و نوێی ناو حیزب نەیان ویستووە ئەو ڕاستییە وەربگرن و دان بە خزمەت و پاڵنەریی و برەوپێدانەکانی ئەو بلیمەتە دابنێن کە بۆ زیندووکردنەوەی شانەکانی حیزب و دەست پێکردنەوەی خەباتی سیاسی تۆماری کردووە !!!

جەنابی سادق وەزیری پێداگریان کردووە لە وە کە پاش تێکچوونی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان، سیاسەت و هەڵس و کەوتی رژیمی پەهلەوی بەرامبەر بەو دوو شوێنە وەک یەک نەبوو، تاران لە بەر بەشداری ئازەریەکان لە سیاسەت واتە حکومەت و لە ئابووری واتە بازاڕ، بەسەرئەوەش کە کوشتارێکی زۆریان لە تەورێز و دەوروبەری لە خەڵک کرد بەڵام ویستیان دڵی خەڵکی تورک زمان بە دەست بێنەوە و سیاسەتی لاواندنەوەیان گرتە پێش، بەڵام لە کوردستان سیاسەتی داگیرکەرانە ڕەچاو کرا و مەهاباد و دەورە بەر میلیتاریزە کرا بوو. سیاسەتی رژیمی پاشایەتی بریتی بوو لە پەراوێز خستنی کوردستان. کار بەدەستانی رژیم بە تایبەت نیزامییەکان سڵیان نەدەکرد لە قۆستنەوەی هەر دەرفەتێک بۆ سزادان و تۆڵە سەندنەوە لە خەڵکی کوردستان.

یەکێک لە هۆکارەکانی خۆکاندید کردنی جەنابی سارمخان بۆ دەورەی حەفدەی مەجلیسی ئێران ئەوەبوو کە کوردستان و بەتایبەت شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان لە دۆخی سەربازی دەرباز بکا و بگەڕێتەوە بۆ سەر دۆخی ئیداری ئێران و لە ناوچەی داگیرکاریی سەربازی ڕزگاری بکا و بتوانێ وەک بەشەکانی دیکەی ئێران لە کەش و هەوای ئازادی سەردەمی مصدق کەڵک وەر بگرێ و چالاکیی سیاسی یاسایی بەدەستەوە بگرێ.

بە پێی لێکدانەوەکانی نووسەر ئەو شوێنە لە کوردستان تەنانەت لە سەردەمی حکومەتی زیندویاد دوکتور مصدق و دەور و بەر ناوچەی نیزامی داگیر کراو بوو. سارمخان لە سەر ئەو باوەڕەیە کە لە لایەن شێکەرەوەکان و سەربردە نووسەکانی حیزبی دیموکرات گرنگی بەو دۆخە تایبەتییە نەدراوە و بە شێوەی پێویست لەو بابەتە گرنگە ورد نە بوونەوە.

بە لەبەر چاو گرتنی دۆخە کە و بە درێژە پێدانی پەیوەندییەکان لە گەڵ ئەندامان و نوێنەرانی حیزب، جەنابی سادق وەزیری بڕیار دەدا کە خۆی وەک نامزەدی نوێنەرایەتی لە مەجلیسی ئێران بناسێنێ و پێداگری دەکا لەوە کە تەنیا بۆخۆی ئەو بڕیارە دەردەکا نەک حیزبی توودەی ئێران، بە پێچەوانەی ڕاگەیەندراوی دوکتور شیرازی و هەروەها کاک غەنی بلوریان لە کتێبی "ئاڵەکۆک".

کاندیدی مەجلیس هەر کە پێ دەنێتە ناو شاری مەهاباد ڕووبەڕوو دەبێ دەگەڵ پێشوازی گەرمی ئەندامانی حیزب و خەڵکی مەهاباد و گوندەکان، ئەوەش دەبێتە سەرەتای بە ڕێکخراوەکردنی کاری حیزبی و هەروەها ئەرکەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، جەنابی سارمخان بە ڕاشکاوی بە ئەندامانی حیزب دەسەلمێنێ کە "دروشمی ستراتێژیک و سیاسی ئێمە هەر ئەوەیە کە بنەمای حکومەتی خودموختاری قازی محەممەدی پێک دێنا."

من کاتێک شانازی شاگردیم پێ برا لە دەفتەری جەنابی سارمخان، بە گوڕ و تین بیرەوەرییەکانیان لە سەفەر بۆ مەهاباد و خەبات و چالاکی هەڵبژاردن لە دەورەی حەفدەهەمی مەجلیس بۆ دەگێڕامەوە و وەک سەرهەڵدانێک باسیان لێوە دەکرد.

لە سەرەتای چالاکییەکان، بە دەسپێشخەری کاندیدی مەجلیس، ناوەندێک بە نێوی "ئەنجومەنی پاراستن لە ئازادی" دادەمزرێ و بەرنامە و پێڕەوەی بۆ ئامادە دەکەن بۆ ئەوە کە هیچ بیانوو پاساوێک نە بێ بۆ حکومەتی نیزامی کە لەمپەر بخاتە سەر کار و باری بانگەشەکان.

جەنابی سارمخان بە لێزانی، لێهاتوویی و لێ وەشاوەیی، تەواوی نەخشە و پیلانی نیزامیەکانی پووچەڵ کردەوە.

دەربار و نیزامییەکان بڕیاریان دابوو کە دوکتور حسن امامی، ئیمامی جومعەی تاران لە سندووقی دەنگەکان بێننە دەرەوە و وەک "هەڵبژێردراو "ڕای بگەیەنن، ئاکامی دەنگەکان سەرەڕای تەواوی چەواشەکارییەکان بە قازانجی سارمخان بوو بەڵام ڕێگرییان کرد لە ڕاگەیاندنی کاندیدی خۆشەویستی خەڵک و حەسەنی امامی یان وەک نوێنەر ڕاگەیاند. بەڵام ئەوەی کە سەرکەوت خۆشەویستی، وەفاداری، ئەمەگناسی کەسایەتییەکی کورد و خەڵکی کوردستان بوو بەرامبەر بە یەکتر کە بوو بە ئەوین و هەوێنی دۆستایەتی و مرۆڤایەتی دوولایەنە، دلۆڤانی، دڵاوایی و دڵرایی درێژخایەن. سارمخان کوردستان و حیزبی دیموکراتی هەڵبژارد لە هەل و مەرجێک دا کە کەڵ بە موو بەند بوو، دووکەس وەک محمەد قازی و ئەحمەد قاسملوو لە لایەن حیزبی توودە وە وەک هاوڕێ بۆ پارێزگاریی و پاراستنی راسپارپاردرابوون نەیان وێرا خۆ لە دۆخەکە بدەن. خەڵکی مەهاباد و ناوچەش نوێنەری خۆیان هەڵبژارد و دیرۆکی کوردستان دووچەپکە گوڵێ ئاراستەی هەردوولا کرد.

سارمخان دەنووسێ:

"پرۆسەی هەڵبژاردنی دەورەی حەفدە لە مەهاباد لە پاش ڕاگەیاندنی حکومەتی خودموختار لە مەهاباد لە لایەن زیندوویاد قازی محەممەد گرنگترین ڕووداوی مێژووی حیزبی دیموکرات بوو، لە بەرئەوە کە هیوای بە داهاتوو و بە ئاسۆیەکی ڕووناک لە ناو دڵی کۆمەلانی خەڵک دا زیندووکردەوە و دۆخی ئاوێتەی پڕ لە سەرما و سەهۆڵ کە بە سەر کوردستان دا زاڵ بوو تواندەوە. سەرلە نوێ ناوی کورد و کوردستان و حیزبی دیموکرات لە ناو ڕۆژنامەکانی پایتەخت و شارەکان دەرکەوت و سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی تا رادەیەکی بەرچاو بەرزبۆوە..."

بەشێکی گرنگ لە مێژووی کوردستان لەو کتێبە دا ڕوونکردنەوەی بۆ کراوە، بابەتگەلی نوێی تێدا گونجاندراوە و

هەڵسەنگاندنی بە نرخی بۆ کراوە لە لایەن کەسایەتییەکی پایەبەرزی کورد، نووسەرێک کە بە هەستیاری و بەرپرسیارەتی لە سەر پرسی کورد لە دوو دەورەی مێژوویی دا بوو بە نوێنەر، باڵوێز و وتەبێژی شۆڕسی کوردستان لە تاران.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان، کاتێک سارمخان هەست بە وە دەکا کە بە پێچەوانەی حکومەتی ئازەربایجان کە لایەنگرانی زۆریان لە مێدیاکان و حیزبەسیاسییەکان دا هەبوو لە پایتەخت و پاڵپشتیان دەکرد لە دەسکەوتەکانی حکومەتی ئازەربایجان و هەواڵەکانیان بە لێشاو بڵاو دەکردەوە، لە لایەن حکومەتی کوردستان چ هەست و خوستێک لە گۆڕێ دا نەبوو، هیچ چەشنە ئیمکان و جم و جۆڵ وچالاکییەک نە بوو بۆ خۆ ناساندن و باس کردن لە چاکسازییەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆی، هەوڵ دەدا بێ دەنگییەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بشکێنێ و بە دژواری ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزب و حکومەتی کوردستان وەدەست دێنێ و دەست دەکا بە وەرگێڕانەوەی هەواڵەکان بە مەبەستی ناردن بۆ ڕۆژنامە ئازادیخوازەکان. لەو ئەرکە دا لە یارمەتی پڕ لە هاودڵی و گەرم و گوڕی "محمود هرمز" کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "ایران ما" و ئەندامی حیزبی توودە بوو کەڵکی وەردەگرت و خەبەرەکانی حکومەتی کوردستانیان لە و ڕۆژنامە و هەروەها لە ئۆرگانی حیزبی توودە دا بڵاو دەکردەوە. لەو سەردەمە دا جەنابی سارمخان جگە لە پەیمانێک کە دەگەڵ ئێحسان نووری پاشا بەستبووی ئەندامی هیچ حیزب و لایەنێک نەبوو.

لە سەر و بەندی شۆڕشی گەلانی ئێران در بە حکومەتی پاشایەتی، جارێکی دیکە بەڵام ئەو جارە بەهێز و توانایەکی زیاتر، بە ئەزموون و پێگەیشتوویی بەرز، بە بەژن و باڵای سیاسی و حقوقی کەم وێنە، بە پێگە و جێگەی بە قەدر لە نێو کۆمەڵگای ئێران و کوردستان لە تاران ئەرکی نوێنەرایەتی سەرهاڵدانی کوردی بە دەستەوە گرت و چ بە جوانی و بە دەوڵەمەندی، بە زانیاری و ژیری دەوری بینی بۆ ناساندن، پاراستن و پەژراندنی مافەکانی کورد بۆ سەربەستی.

خاڵێک کە لەو کتێبەدا لە بیر چۆتەوە ئەوەیە کە جەنابی سارمخان بۆ خۆیان بۆ من باسیان کردبوو:

"خوێندکارەکوردەکانی خەڵکی کرماشان کە زۆرتر لە زانکۆی حقووق دەرسیان دەخوێند ڕۆژێک هاتن بۆ لای من و گوتیان ئێمە حەز دەکەین بچین بۆ مەهاباد و خزمەتی تەڤگەری کورد بکەین لە کۆماری کوردستان. یەکێک لەوانە سادق ئەحمەدی بوو کە لە پاشان پۆستی گەورەی لە وەزارەتی داد گرتە دەست و بوو بە وەزیر. ڕووداوەکان هێندە بە پەلە چوونە پێش کە ئەو سەفەرە هەڵنەسووڕا."

لە پەسنی ئەو بلیمەتە دا چەندی بگوترێ تەواو نابێ.

عەزیز ماملێ (خانە) فەرانسە، ٤ی نۆوامبری ٢٠٢١

## وتوێژ لەگەڵ عەزیزماملێ مافناس سەبارەت بە کارنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی سارمەدین سادق وەزیری

**بەرنامەی ڕاوێژ، تێلێڤیزیۆنی ستێرک،**

**چوارشەمە شەو ١٥-ی ژوەنی ٢٠٢٢**

**حەســەن قــازی:** بینەرانــی خۆشەویسـت بەخێـر بێـنەوە بـۆ بەرنـامەیەکی دیـکەیٚ "ڕاوێـژ". لە ڕاوێـژی ئەمجـارە دا باسـی کەسـایەتییەکی کـورد دەکەیـن نەمـر سـارمەدین سـادق وەزیـری. دیـارە بـۆ زۆر لە تێکۆشـەران لە ڕۆژهەڵات و هەر وەهـا لە باشووری کوردستان ناسراوە بەڵام ڕەنگە لە بەشەکانی دیکە دا کەمتر ناسرا بێ. نـزیکەی ١٤ ڕۆژ لەمەوپـێش سەدویەکەمین ساڵی لە دایکبوونی سارمەدین سادق وەزیری بوو کە بەداخەوە لەساڵی ٢٠١٨ نزیک چوار ساڵ لەوە پێش وەفـاتی کـرد. لەم بەرنـامەیە دا لەگەڵ بەڕێـز عەزیـز مـاملێ مافنـاس و کەسـایەتی کـورد قسـە دەکەیـن کە بە سـاڵانی سـاڵ لە نـزیکەوە دۆستایەتی، ڕەفاقەت و هاوکاری هەبووە لەگەڵ سارمەدین سادق وەزیـری. زۆر زۆر بەخێر بێـی بەڕێـز مـاملێ. ئەگەر ئیزنت لە سەر بێ لە سەرەتـاوە پێش ئەوەی کە بچینـە نێـو باسەکەمان، لە سـاڵی ٢٠٠٦ لە تێلێڤیزیـۆنی ڕۆژ دا چاوپێکەوتنێـک لەگەڵ بەڕێزیـان کـراوە بەشێک لە قسـەکانیمان گـوێ لـێ بـێ و ئەوە ببێـتە دەروازەیەک بـۆ چوونە نـاو باسـەکەمان.ئەگەر هاوکارانم ئێستا قسەکانی سادق وەزیری بڵاو بکەنەوە سپاسیان دەکەم.

**سـارمەدین سـادق وەزیـری:** بـۆ ئێمە، مەسـەلەی ئەساسـی بـۆ میللەت کـورد ئەوەسـە کە بـزانن کە یەک میللەتێک بە نـاوی میللەتی کورد هەس. ئیعتیقادیان بەوە بێ کە:

١- میللەتـێ بە نـاو مـیللەت کـورد هەس. ئەم مـیللەتە حەقـی ئەساسـی خـۆی کە ئیمـڕۆ لە تەواو دونیـا بە ڕەسـمییەت شناسیاگە، ئەم میللەتە لەم حەقەی بەرخـوردار نییە. ئەشێ بەو حەقە بگەیت. بینـا بەرئـین هەر حیزبـێ کـوردی لە هەر بەشـێک لە کوردسـتانا کە تەشـکیل ئەوێـت، کە فەعـالە ئەشـێ هەدەفـی ئەساسـی ئەوە بێـت کە حەقـێ میللەتـێ کـورد بە ڕەسمییەت بناسرێ و بدرێت. یانی ستراتێژی تەواو ئەحزابێ کورد یەکێکە، فەرق ناکـات لە ئێـران بێت، لە عێـراق بـێ، لە تورکیە بێ، لە سووریە بێ ستراتێژی یەکێکە. وەختـێ سـتراتێژی یەکێـک بـوو هاوپەیمـانگەڵێ ستراتێژیک تەعیین ئەوێ.

هاوپەیمانگەلێ ستراتێژیک هەر حیزبێ کورد ئەحزابێ کوردییە لە بەشگەل ترا. یانی هەر حیزبێک لە ئێران، فەرق ناکا لە عێراق، لە تورکیا بێژێت من لە تەک فلان سازمانێ غەیرێ کوردا ئیتیلافی ستراتێژیکم هەس ئەمە غەڵەتە. مەعنی ستراتێژیک حاڵی نەبووگە. ئەشێ میللەتی کورد وەختێ بەو کەیفییەتە کە شەرحم دا، وەختێ ئەساسێ هەدەف عیبارەت بوو لەوە ئەحزابێ کورد موئتەلیفی واقعی یەکترینن و بۆ ئەوە کە بتانن بە بێهتەرین وەجهە لەو مەوقعییەتە ئیستیفادە بکەن ئەشێ ئیرتیباتیان بێ بە یەکۆ. ئەحزابێ کوردی لە هەر بەخشێکا ئەشێ ئیرتیباتیان بێ بەیەکۆ. ئەگەر بتانن یەک دەفتەرێ ئیتلاعاتێ مەرکەزی دروست کەن کە تەواو ئیتلاعات ئەم بەش ئەو بەش لێنێ بوێت کە مونتەشیر بێ لە خاریجا، کە یەک نەوع هەماهەنگی بەوجوود بێت. ئیتیفاقێک ئەگەر لە تورکیا ئەکەفێت لە ئێران، لە عێراق، لە سووریا فەوری مەردوم عەکسولعەمەل نیشان بەن. نیشان بەن کە بەڵێ ئێمە عوزوی میللەتی کوردین ئەو مەسەلە کە پێش هاتگە مەسئەلەی تەنها تورکیە نییە مەسئەلەی ئێمەیچ هەس، مەسئەلەی عێراق نییە، مەسئەلەی ئێمەیچ هەس، مەسئەلەی ئێران نییە، مەسئەلەی ئێمەیچ هەس، مولاحەزە ئەفەرمووێ؟ ئەگەر بە هەمچی کەیفییەتێ بڕۆن وە بتانن سازماندەهی بکەن بۆ ئەم مەسئەلە، خوب موسەلەمەن وەزعێ موبارزاتێ میللەتێ کورد بەسوورەتێ تر دەرتێت، مولاحەزە ئەفەرمووی ئەمە یەک.

٢- دووەم ئینکێ موتەئەسیفانە لە خارجێ کوردستان، لە ئوڕووپا، لە ئەمریکا، لەملا لەولا تا ئەو جێیەی کە من بزانم، مومکینە ئیتلاعاتی من کەم بێت وەڵی تا ئانچێ کە من ئەزانم ئەو تەور کە بوێت نەیانتانیگە ئەم مەسئەلەیە بە ئەفکاری عموومیێ دنیا بگەیێنن، حاڵی بکەن و بۆ خۆیان تەرفدار پەیا بکەن. ئێمە میللەتگەلێک ئەوینین کە میللەتەکەیان بە قەد شارێک کوردستان نییە، لە خاریجا ئەنواع و ئەقسام فەعالییەتیان هەس، لوبینگیان هەس مولاحەزە ئەفەرمووی. کەسگەلێکیان هەس کە دیفاعیان لێ ئەکا، ئەنجومەنگەلێ هەس کە دیفاعیان لێ دەکا، بۆ کوردستان هەمچێ شتێک نییە. ئەمە عیلەتی چەس، عیلەتی ئەوەسە کە ئەحزاب و سازمانگەل کورد ئانچێکێ تەوجوهیان بێت نیانە بەو مەسئەلە. ئەوان ئەشێ لە دونیا بۆخۆیان تەرەفدار پەیدا بکەن.

٣- سێهەم، مەسئەلە ئەوەسە کە ئەحزابێ کوردی ئەشێ بزانن کە تەکیەگا وپوشتیبانی ئەسڵیان میللەتی کوردە وە بینا بەرنەین بە هیچ نیرووی خاریجی ناوێ نە ئیعتیماد بکەن نە تەکیە بکەن. ئەمە بەو مەعنا نییە کە ئیستیفادە نەکرگێ لە نیرووگەل خاریجی، ئیستیفادە نەکرگێ لە مەوقعییەت موساعید بەینەلمیلەلی. بەو مەعناسە کە بزانن لە نیرووی واقعیان لە کوێنە هەس. نیرووی واقعیان لە میللەتی کورد هەس.

**حەسەن قازی: کاک عەزیز دیارە ئەو ڕێنوێنی و ئامۆژگارییانەی نەمر سارمەدین سادق وەزیری بڵێین ئی نزیکەی ١٦ ساڵ لەوە پێشترە، ٢٠٠٦ هەتا ٢٠٢٢، دە ڕاستیدا هەموو پرێنسیپەکانی واتە ئەساسی ئامۆژگارییەکانی، پایەکەی وەک خۆی**

ماوەتەوە و بۆ ئێستاش دەشێ. بە کورتی ئەگەر لە سەر ئەو مەسەلەیە بڕۆین و دوایەش بێینە سەر ژیانی بەرایی وی، دوایە دەگەینە ئەو قۆناغەش کە جەنابت ئاشنایەتیت لەگەڵ پەیدا کرد. فەرموو دەست پێ بکە.

**عەزیز ماملێ:** کاک حەسەن گیان زۆر سپاسی ئێوە دەکەم کە بانگهێشتنتان کردووم و ئەو بەرنامەیەتان تەرخان کردووە بۆ ڕێزگرتن و بیروەری لە کەسایەتییەکی پایەبەرزی مێژووی کوردستان. ئەمن پێم خۆشە پێشتر بە عەرزتان بگەیێنم کە من شانازی شاگردیم هەبووە، هیچ وەختێک خۆم بە هاوکار نەزانیوە هیچ وەختێک و ناش زانم و یەکێک لە گەورەترین شانازییەکانی من ئەوە بووە کە لە خزمەتیان دا بووم، زۆر فێری شت بووم. بە ڕاستی لە هەموو بارێکەوە ئەمن خۆم بە مەدیوونی ئەو ئینسانە گەورەیە دەزانم. کە وا بوو نامەوێ زۆرتر لەوە قسە بکەم، فەقەت سەبارەت بەو شتەی کە داتان نا، کە شتێکی زۆر بە نرخە وە ئەوە کورتەیەکە کە بڕێک بەربڵاوتر لە کۆبوونەوەیەکی ڕێزگرتن لە جەنابی سادق وەزیری لە فڕانکفۆرتی ئاڵمان لە ڕۆژی ٧-ی ژووەنی ساڵی ٢٠١٤ بەڕێوە چوو لەوێ لە ٨ خاڵدا باسی کردووە کە زۆر بە وردی ئەرکی ڕێکخراوە سیاسییەکان وە هەر وەها ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێ هەیان بێ باسی کردووە، بەڵام تێبینییەکی کە من هەمە، نەک وەک تێبینی بەڵام بیرەوەرییەک کە من هەمە پێم خۆشە زیاد بکەم لەوە ئەویش ئەوە بوو کە جەنابی سارم خان هەموو کاتێک باسی لەوە دەکرد کە هەتا ئەو ڕۆژە کە نەتەوەی کورد ئۆرگانێک یان پلاتفۆرمێک یان کۆبوونەوەیەکی نوێنەرایەتی لە هەموو هێزەکانی کوردستان، لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەبێ کە ئەوە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد بە دەستەوە بگرێ شانسی سەرکەوتنی نەتەوەی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا زۆر نییە و ئەوە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ لەو شتەی کە ئێمە گوێمان لێ بوو. کە وابوو ئێمە ئەمشەو باسی کەسایەتییەک دەکەین کە لە مێژووی کورد دا چەند لایەنی کەسایەتی هەبووە. یەکێک لە بواری قەزاییدا، یەکێک لە بواری وەکالەتدا، یەکێک لە بواری سیاسەتدا، یەکێک لە بواری کۆمەڵاتیدا، یەکێک لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا. یانی بە ڕاستی نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دنیاشدا کەم کەسێکی وا هەبووە، زۆر کەمن، بە دەگمەن کەسێکی وا پەیدا دەبێ کە لە هەموو ئەو بوارە، ئەو ڕەهەندانەوە دەسەڵاتی بووبێ، تایبەتمەندی گرتبێتە دەستی خۆی و لە هەموانیشدا سەرکەوتوو بووبێت، لە هەموانیشدا لە باشترین پلە دا، لە بەرزترین دەسکەوتەکانیدا خۆی نواندبێ. بە کورتی ئەمن پێم خۆشە باسی دەورانی قەزاوەتی بکەم.

**حەسەن قازی:** دیارە دواتر دەگەینە دەورانی قەزاوەتی، بەڵام ئەگەر ئیمکانی هەبێ بۆ ئەوەی زەینی ئەو بینەرانەش ڕوون بێ کە ئاشنایەتییان نییە، ئاشنایەتی سەرەتاییان نییە بەو شێوەیە ئەگەر باسێکی بکەین ڕەنگە لە جێگای خۆیدا بێ ئەویش ئەوەیە دەزاندرێ کە سارمخانی سادق وەزیری خەڵکی سنە بووە، سنەش وەکوو ناوەندی میرنشینی ئەردەڵان مەشهوورە و پاشانیش ئەو لە بنەماڵەی وەزیرییەکانە یانی هێندێک زانیاری گشتی لە سەر ژیانی بنەماڵەیی باس بکەی.

**عەزیز ماملێ**: سادق وەزیرییەکان لە بنەماڵەی ئەردەڵانەکان ڕا دین و لەشاری سنە منداڵێکی کە دێتە دنیایە لە سنە لە ساڵی ١٣٠٠ [هەتاوی] دا زۆر زوو دەردەکەوێ کە ئەو زارۆکە، ئەو منداڵە چەندە بە هۆشە، چەندە لێهاتوویی هەیە و وردە وردە کە دەست دەکا بە خوێندن، دەردەکەوێ کە پلەی یەکەمی هەیە و ئەو وەختەی کە زارۆک دەبێ لە سەرەتای منداڵی ڕا ئاشنا دەبێ دەگەڵ ڕۆژنامە خوێندنەوە، سێ ڕۆژنامە لە سنە هەبووە، ڕۆژنامەی"کوشش"، "اطلاعات" و " ایران" لەو وەختە دا نە ڕۆژنامە فرۆشی هەبوو، نە کەسی وابووە ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، ماڵێک هەبووە بە نێوی موفەخەم، نێوەکەییم باش لە بیر نییە ئابوونە دەبێ و ئەو ڕۆژنامانەی بۆ دێ، کوڕەکەی هەم کلاسی سارم خان دەبێ و ئەو ڕۆژنامانەی دەداتێ و ئاوا ڕۆژنامە خوێندنەوە فێر دەبێ، بیری کوردایەتی و بیری ڕووناکبیری دەست پێ دەکا، هەستیار دەبێ بە پرسی کورد و بە پرسی ڕووناکبیری و بە پرسی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی. لەوێ دەست پێ دەکا و دوایە دەچێ بۆ تەورێز بۆ درێژە دان بە خوێندنی دەبیرستان و دوایە دەچێ بۆ تاران و ئەو وەختەی لە تەورێز دەبێ لە ساڵی ١٣١٩[ی هەتاوی] لەگەڵ جەنابی پێشەوا قازیی محەمەد، سەدری قازی و محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لەوێ ئاشنا دەبێ و دوو جار ئەوان بانگهێشتنی دەکەن بۆ نانی نیوەڕۆ و لەوێ بنەمای دۆستایەتییەک پێک دێ و ئەوە دەبێتە سەرەتای دۆستایەتییەک کە دوایە لە تاران لەگەڵ سەدری قازی بەردەوام دەبێ. و جەنابی سادق وەزیری وەختێک دەچێ بۆ تارانیش ساڵێک لە بەر ئەوە درەنگ نێونووسی دەکا ناتوانێ بچێتە زانکۆ، دەگەڕێتەوە دەبێتە دەبیر [مامۆستای قۆناغی ئیمدادی] لە شاری سنە و ئینجا دەچێ بۆ تاران لە دانیشکەدەی حقووق دەست بە خوێندن دەکا و لەوێش جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو خوێندکارە کوردە و ئەوانی دیکە، بۆ؟ چونکوو ڕابردوویەکی ڕووناکبیری، سیاسی و ڕۆژنامەوانی هەیە کە لە شاری سنە دەستی پێکردووە و دوو جار تایبەتمەندییەکانی دەر دەکەوێ، یەکێک زەمانێک دوکتور کەریم سەنجابی کە لە دانیشکەدەی حقووق مامۆستای ئابووری دەبێ ڕۆژێک لە خوێندکارەکان دەپرسێ کێ دەتوانێ لە سەر ماتریالیزمی دیالێکتیک قسە بکا تەنیا یەک کەس دەست هەڵدێنێ، جەنابی سارم خان دەبێ، دەڵێ من ئامادەم قسە بکەم. هیچ بەڵگە و هیچ سەنەد و کتێبیشی وەدەست ناکەوێ، دوایی دوکتور سەنجابی بۆ خۆی کتێبێکی دەداتێ بە زمانی فەڕانسە و بۆخۆی بە وردی دەست پێدەکا و ئەو وەخت دێ لە کۆنفرانسێکدا قسە دەکا، سوخەنڕانی دەکا بۆ خوێندکارەکان و بێجگەلە وەش زەمانێک کە دوکتور موسەدیق لە دەورەی چاردەهەمی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران دێ دەڵێ " ئێرە دزخانەیە" و هەڵدەستێ لە مەجلیس وەدەر دەکەوێ دەچێتەوە ماڵە خۆی. سارم خان کە خوێندکارێک دەبێ دەگەڵ هێندێک لە خوێندکارانی دانیشکەدی حقووق هەڵدەستن دەچن لە دووی دوکتور محەمەدی موسەدیق و داوای لێ دەکەن بگەڕێتەوە بۆ پارلمان و دەیهێننەوە و ئەو وەختی حکوومەتی نیزامی دەبێ و سەربازێکی زۆر لە بەر دەرگا دەبێ هێرش دەکەنە سەر خوێندکارەکان سەرنێزەیەک لە کەلەکەی سارم خان دەدرێ و بریندار دەبێ و سەربازێکیش دەکووژرێ. چەند ڕۆژ پاشتر بۆ ڕێز گرتن لەو سەربازە کووژراوە کۆبوونەوەیەک پێک دێنن و لەوێ دوکتور موسەدیق دێ، لەوێ دوو کەس سوخەڕانی دەکەن، یەکێکیان دوکتور موسەدیق یەکێکیشیان سارمخان دەبێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ئینسانە هەر لە سەرەتاوە، ئینسانە لێهاتووەکانی،تایبەتمەندییەکانی وەکوو هەڵکەوتوویەک دەر دەکەوێ

بۆ هەموو کەس.

**حەسەن قازی:** لەو چاوپێکەوتنەیدا کە کاکشار ئۆرمار بۆ تێلێڤیزیۆنی ڕۆژ لەگەڵی کردووە کە لێرە دا بەشێکمان نیشان دا و لە نووسینی خۆشیدا باسی ئەوە دەکا کە یەکەم بەرعۆدەییە سیاسییەکەی واتە تەعەهودە سیاسییەکەی لە پێوەندی دا بووە لەگەڵ ئێحسان نووری پاشا. دەزانین ئێحسان نووری پاشا دوای ئەوەی حەرەکەتی ئاگری تێک دەچێ مەجبوور دەبن بێنە نێو ئێران و دوایە تەبعیدیان دەکەن بۆ جنووب و ئاخرەکەی بە جۆرێک دێتەوە لە تارانێ دەگیرسێتەوە. لەو سەروبەندانە کە ئیحسان نووری پاشا، یاشار خانم تۆکتامیشی هاوژینی و عیفەت خانمی خەسووی لە تاران نیشتەجێ دەبن سادق وەزیری پێوندی لەگەڵ ئێحسان نووری پەیدا دەکا و باسی ئەوە دەکا یەکەم تەعەهودی کە داویەتی لە باری سیاسییەوە بە نیسبەت ئێحسان نووری پاشا بووە و دواترتەنانەت بۆ ئەوەی کە ببێتە ئەندام لە حیزبی توودەی ئێرانیشدا وا بزانم سەلاح و مەسڵەحەتی کردووە لەگەڵ ئێحسان نووری پاشا. نازانم ئەمن هەڵەم لەو بارەیەوە یان نا. ئەو زەمینەیە بە تایبەتی " کۆما ڕەش" ئەگەر شی بکەیەوە.

**عەزیز ماملێ:** سارمخان زۆر لەگەڵ کوردەکانی ئەو وەختەی دانیشتووی تاران پێوەندی دەبێ. عەرزم کردن زۆر هەستیار دەبێ نیسبەت بە پرسی کورد وە بە ڕاستیش یەکێک لە هۆکارەکانی کە چوو بۆ ناو حیزبی توودە ئەوە بوو کە لە پێڕەوی حیزبی توودە دا نووسرا بوو کە ئێران وڵاتێکی کەسیرولمیللەیە و ئەو پێی وابوو لەو ڕێبازەوە دەتوانێ بۆ میللەتی کورد فەعال بێ، چالاکی دەست پێبکا بۆ ئەوەی بتوانێ بە مافەکانی بگا. لەو بەشەی چاوپێکەوتنەکە کە ئێوە نیشانتان دا دەردەکەوێ چەندە هەستیار بووە، چەندە شێلگیر بووە لە سەر مافی کورد، لە سەر گەیشتنی میللەتی کورد بە مافی چارەنووسی خۆی. کە وا بوو بۆ هەر ڕووداوێک، بۆ هەر کەسایەتییەکی کورد کە لەو سەردەمە دا لە تاران بووبێ سارمخان پێوەندی گرتووە، ئەگەر وەخت بوو ئێمە باسی دانە دانەیان دەکەین. بەڵام سەبارەت بە ئێحسان نووری پاشا، زۆر هاتووچۆیەکی نزیکیان بووە، ماڵەکەشیان نزیکی یەکتری بووە. دیارە زۆرتر سارمخان چووە سەری داوە. تەنیا یەکجار ئێحسان نووری پاشا چووە ئەویش ئەو وەختەی سارمخان لە زیندان دێتە دەرێ. سارمخان چوارساڵ و نیو لە زینداندا بووە.

**حەسەن قازی:** لە دوای ئەو دیدارەش ئیدی پێوەندییان دەپچڕێ.

**عەزیز ماملێ:** بەڵێ، دوای ٢٨-ی گەلاوێژ پێوەندییەکانیان دەپچڕێ، تەنیا ئەو جارە ئیحسان نووری پێوەی دەچێ. سارمخان باس لەوە دەکا دەڵێ ئێحسان نووری پاشا هەمیشە دە فکری وەی دا بوو بە شێوەیەک خەباتێک بکا، کارێک بکا، خەبات نابێ بپسێتەوە بەڵکوو ئەویش دیسانەکە بتوانێ ئەرکی خۆی بەجێ بگەیێنێ بۆ وەی کە نەتەوەی کورد بگاتە

مافەکانی خۆی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەرکەوێ. شتێکی پێک هێنا بوو بە ناوی "کۆما ڕەش"، کۆما ڕەش چوارچێوەیەکی سیاسی بووە و چەند کەسی کوردیش دەوێدا بوون. ڕۆژێک سارمخان بانگ دەکا دەڵێ ئەمن متمانەیەکی زۆرم بە تۆ هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەو هەموو وەختە کە تۆ هاتوچۆی منت کردووە من بۆم دەرکەوتووە کە تۆ ئینسانێکی باوەڕپێکراوی،ئینسانێکی لێهاتووشی، ئینسانێکی ڕووناکبیری و ئەمن پێم خۆشە ئەتۆ بێی دەست بدەیە دەستی من پێکەوە ئەو شتە وەڕێ خەین،" کۆما ڕەش" و ئەویش دەڵێ زۆر باشە لەوێ قبووڵی دەکا و ئێحسان نووری پاشا سوێندی دەدا و ئەویش سوێند دەخوا، سەرەڕای ئەوەی کە مارکسیست بوو، سەرەڕای ئەوەی کە چەپ بوو بەڵام بۆ وەی کە دڵی ئێحسان نووری پاشا نەشکێنێ و بۆ خۆشی ئەو تەعەهودە بنووسێ و پێی ڕابگەیێنێ قبووڵی بکا لە ئێحسان نووری پاشا، بە قورئانی مەجید سوێند دەخوا و شەمێک لە سەر میزێک دەبێ هەموو پەردەی هۆدەیەکی چکۆڵە دادراوەتەوە و سوێندەکە ئەوە بووە کە من بە شەڕەفی خۆم، بە قورئانی مەجید سوێند دەخۆم کە لە خزمەت میللەتی کورد دا بم، لە خزمەت بزووتنەوەی کورد دا بم و هیچ وەخت خیانەتی پێ نەکەم و ئەگەر خیانەتیشم پێ کرد خوێنی من مەباح بێ.

**حەسەن قازی**: ئێمە لە سەر چالاکییەکانی " کۆما ڕەش " دە ڕاستیدا زانیاریمان کەمە. ئەمن لە سەرچاوەی کوردیی کورمانجی یان تورکی نەمبیستووە هەتا ئێستا شتێک هەبێ جگە لەو ئاماژەیەی کە نەمر سادق وەزیری کردوویەتی جەنابت شتی زیاتر دەزانی لە سەر " کۆما ڕەش"؟

**عەزیز ماملێ**: بە داخەوە منیش هیچم دەست نەکەوتووە، زۆرم لێکۆڵین کرد. بەڵام من پێم خۆش بوو ئەوەتان عەرز کەم چەند کەسی دیکەش کە ئەو دەمی زۆرتر کوردەکانی باشووری ڕۆژهەڵات بوون یانی کرماشان و سنە و ئەوانە زۆر هاتوچۆی ئێحسان نووری پاشایان کردووە و تەنانەت من پێم خۆشە شتێک بگێڕمەوە : لە ساڵی ١٩٤٣ دا وەختێک موتەفیقین لە ئێران بوون، شووڕەوی و ئینگلیستان و ئەمریکا. پێش ئەو دەمی شووڕەوییەکان بە ئێحسان نووری پاشا دەڵێن پێمان خۆشە ئەتۆ لەگەڵ ئەفسەرانی ئەرتەشی سوور بچی دەگەڵ کوردەکان پێوەندی بگری و لەوێ شتێک پێک بێنی، ڕێکخراوێک پێک بێنی و ئێمە پێمان خۆشە یارمەتیتان بکەین بۆ ئەوەی کە کورد بە هێندێک دەسەڵات و مافەکانی خۆی بگا و ئێحسان نووری پاشا هەڵدەستێ لەگەڵ ئەفسەرانی ئەرتەشی سوور بە جلوبەرگی ئەرتەشی سوور دێ خێڵی میلانەکان و شکاکەن و هەر وەها جەلالییەکان لە ماکۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکا لە گەڕانەوە دا ئەو کەسەی کە شووڕەوییەکان کردوویانەتە واسیتە بە ناوی نادر پیراستە بووە کە مودیری کولی وەزارەتی ناوخۆی ئێران بووە ئەو وەختە، سارمخان دە کتێبەکەیدا باس دەکا، کە دوایی دەردەکەوێ کە ئەو کەسە هەم لەگەڵ ئینگلیسییەکان دە پێوەندی دا بووە هەم لەگەڵ ڕووسەکان دە پێوەندی دا بووە و ئەو بۆ ئینگلیسییەکانی گێڕاوەتەوە، ئینگلیسییەکانیش بۆ حکوومەتی ئێرانیان گێڕاوەتەوە و حکوومەتی ئێران ئێحسان نووری پاشا دەگرێ دوایە هەرمەنییەکان و کوردەکان هەموو بۆی لە جموجۆڵ دەکەون و تەنانەت پێوەندی دەگرن لەگەڵ

سەرانی موتەفیقین،ئینگلیستان و ئەمریکا و ڕووس کە ئەو دەم لە تاران بوون و داوایان لێ دەکەن نەیێڵن داوای تورکیای بەجێ بێ کە داوای ڕادەست کردنەوەی ئیحسان نووری پاشای کرد بوو و بەر دەبێ و ڕادەستی تورکیای ناکەنەوە و، مەبەستم ئەو بەشەیە، ئەوەی زەمانەتی دەکا کەسێک بووە بە ناوی بەرزوو کەلهور. ئەو پیاوێکی کرماشانی بووە کە زۆر دەگەڵ ئێحسان نووری پاشا هاتوچۆی هەبووە. هەر وەها ئەو وەخت محەمەد کەیوانپوور کە دواتە پآناوی خۆی کردە موکری و دوایە بوو بە سەفیری ئێران لە شووڕەوی و یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەرپزێری خولی حەڤدەهەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی ببوو لە مەهاباد ئەویش دەچێ بە وتەی سارمخان لەم کتێبەدا [مەبەست لە کتێبی "بەرگری لە دوو سیمای هەڵکەوتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد یاد زیندووان قازیی محەمەد و ئێحسان نووری پاشا" یە] ئەویش دەچێ سوێند دەخوا. جەنابی سارمخان سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەویش کەسێک بووە کە سوێندی خواردووە. مەبەستم ئەوەیە کە لەو سەروبەندە دا کوردەکان زۆر بە دەوری ئێحسان نووری پاشاوە بوون بەڵام هیچیان بە قەد سارمخان هاتوچۆیان نەکردووە و لێی نزیک نەبوون.

**حەسەن قازی:** ئەو شێوەی سوێندخواردنە کە وەک سارمخان باسی دەکا و شێوەی سوێند خواردن لە کۆمەڵەی ژیانی کورد، ژێکاف و هەر وەها لە مەرکەزی غەیبی لە حەڕەکەتی مەشرووتییەتی ئێرانێ دا تەقریبەن هەموو شەباهەتێکیان هەیە لەگەڵ یەکتر و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە تێکۆشەرانی ئەرمەنی، داشناک و ئەوانە ئیدیئۆلۆژیان چ بووە ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە بەڵام یارمەتییان کردووە لە مەسەلەی خۆیبوون و حەڕەکەتی چیای ئاگری دا. چونکە هێندێک لە پاشماوەی ئەو ئەرمەنییانە ئەو دەم ئەوانیش لە تاران بوون و تەنانەت یەکێکیان بە شەراکەت دەگەڵ سارمخان ماشێنێکی بارییان کڕیوە بۆ کاسبی کردن. ئیستیلاحی " خۆیبوون " هێندێکان دەیگێڕنەوە بۆ سەر عەینی کۆنسێپت، چەمک لە زمانی ئەرمەنی دا. مومکینە ئەو کۆما ڕەشەش بە ئیحتیمال لەوێوە هاتبێ. ئێستا باسەکە لە بەر ئەوەی زۆر بەربڵاوە دەبێ کورت کورت لە هەموو ڕەهەندەکانی بدوێین. باسی ئەوەت کرد لە مەڕ پەیوەست بوونی بە حیزبی توودەی ئێران لە ساڵی ١٣٢٨-ی هەتاوی و ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕینی دووساڵ، دووساڵ و نیو لە کۆماری کوردستان و سارمخان نەخشێکی کلیلی هەبووە، نەخشێکی سەرەکی هەبووە لە زیندوو کردنەوەی فەعالییەتی سیاسی بە تایبەتی لە بەشی موکریان و ئەوانە ئەگەر لە بەر چاو بگرین و فەعالییەتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کە دیارە زۆر نزیک بووە لە حیزبی توودەی ئێران ئەو زەمانی و هەر وەها هەبوونی ئەو کۆمیتەی کە حیزبی توودەی ئێران لە تاران دایمەزراندووە بە نێوی کاک ( کۆمیتەی ئازەربایجان کوردستان) کە کورتەکەی وەک کاک بەکار هاتووە دەو زەمینانە دا ئەگەر هێندێک شی کردنەوە بدەی لە مەڕ دەوری سارمخان لە پێوەندی دەگەڵ تێکۆشەرانی بۆ وێنە وەک ڕەحیم سوڵتانیان، ڕەحیم خەڕازی کە کەمتر باسیان کراوە دە سەرچاوەی کوردیدا ئەوە چۆناوچۆن بووە؟

**عەزیز ماملێ**: کاک حەسەن سارمخان پێم ڕاگەیاندن، عەرزم کردن کە لە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان زۆر دڵهێشاو بوو، زۆر دڵ بە پەرۆش بوو و تووشی ماتەمێک ببوو زۆری پێ ناخۆش بوو کە ئەو کۆمارە تێک چوو بوو بەڵام هەمیشە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوە بوو کە بەشێوەیەک شتێک زیندوو ببێتەوە کە درێژەپێدەری کۆماری کوردستان بێ. لە ڕووی داوخوازەکانەوە بڵێین لە ڕووی تەئسیساتەکەیەوە. لە پێوەندی دابوو هەمیشە لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی ڕۆژێک ڕەحیمی خەڕازی و ڕەحیمی سوڵتانیان هەر دووک یادزیندوو کە ئێستا لە ژیاندا نەماون ئەوانە دەچن بۆ تاران لە گەڵ سارمخان پێوەندی دەگرن دەڵێن پێمان خۆشە شانەکانی حیزبی دێمۆکراتی زیندوو کەینەوە و دەبێ یارمەتیمان بکەن. ئەویش قسەیان زۆر دەگەڵ دەکا و دەڵێ زۆر باشە داوایان لێ دەکا دەڵێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بێ، بە شێوەیەکی بڵێین ڕێکخستنێکی دروست و ماقووڵ و مەنتقی بێ، قەولی هاوکاریان پێ دەدا و ئەوان دێنەوە و پێوەندییان پێکەوە دەمێنێتەوە. و هەر ئەوەش بوو، هەر ئەو هەستە بوو، ئەو تێکۆشانە بوو، هەر ئەو پێوەندییە بوو و هەر ئەو ئەرکەی سەرشانی جەنابی سارمخان بوو کە بۆ خۆی هەستی پێدەکرد دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە دەورەی حەڤدەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران لە ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢-ی زایینی) هەڵدەستێ دێ بە چ وەزعییەتێک، داوای مەرەخەسی دەکا قبووڵی ناکەن، هەموو شتێک بەجێ دێڵێ، یانی لە ژیانی، لە کاری، لە هەموو مەوقعییەتی کۆمەڵایەتی، شوغڵی و ئیداری و ئەوە هەمووی چاوپۆشی دەکا و هەڵدەستێ دێ وەدوای سیاسەت دەکەوێ، وە دوای کوردایەتی دەکەوێ، وە دوای زیندوو کردنەوەی ڕێوشوێنی کۆماری کوردستان دەکەوێ و دێتە مەهاباد و لە مەهاباد پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ دەکەن و ئەوە دەبێتە سەرهەڵدانێک.

ئەمن دوو سێ ڕۆژ پاش ئەوەی کە چوومە خزمەتیان لە ساڵی ١٣٥٥ (١٩٧٦-ی زایینی) بۆ کابینەی وەکالەت کە بووم بە شاگردی، لەو سەردەمەدا یەکەم شت کە بۆی باس کردم ئەوە بوو کە بەچ گوڕ و تینێک باسی دەکرد دەیکوت بوو بە سەرهەڵدانێک و بە ڕاستیش سەرهەڵدانێک بوو. سەرهەڵدانەکە لە ڕوویەکەوە کە بەربەرەکانی تەواوی پیلانەکانی ئەرتەش و ڕوکنی دوو، شەهرەبانی و ژاندارمەریان کرد لە لایەکی دیکەوە خەڵکیان هان دا ئەو جەوانانە، باسی هەموو ئەو کەسانە دەکا؛ غەنی بلووریان بووە، عەزیزی یوسفی بووە، خەلیلی سەدیقی بووە، ئەسعەدی خودایاری بووە، عەبدوڵای ئیسحاقی بووە، هاشمی ئەقەلوتولاب ( قادر شەریف) بووە، ئەگەر باسی کەسێک ناکەم لە بیرم نەماوە. دەنا لەو کتێبەدا (مەبەست لە کتێبی "بەرگری لە دوو سیمای هەڵکەوتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد" ە) بە وردی باسی کردووە و بە دوور و درێژی باسی کردووە کە دەبێتە سەرهەڵدانێک و ڕاستە کە پیلانێک دەگێڕن و حەسەنی ئیمامی ئیمام جومعەی تارانێ کە خزمی نزیکی شای بووە دەیهێنن و بە پیلانێکی زۆر دەنگی بۆ دە سندووقەکان داوێن

**حەسەن قازی**: پێم وا بێ ئەو حەسەن ئیمامی یە دایکی شای خواستووە.

**عەزیز ماملێ**: بەڵێ وا بوو بوو بە زڕبابی شای بەڵام لە هەرحاڵدا سارمخان سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا ئەویش ئەوە بوو کە دەگەڵ ئەو خەڵکە زۆر نزیک بووەوە، پێوەندییەکانی هەتا ئاخر ڕۆژیش هەر بەردەوام بوو. ئەگەر ڕێگام بدەن ئەمن پەڕانتێزێک دەکەمەوە ئەویش ئەوەیە یەکێک لەو کەسانەی کە لە ساڵی ٤٧- ٤٦ پێشمەرگە بووە و لە سویسە بە نێوی مەلا عەزیز، کاک عەزیزی ئەحمەدی بە هەموو گیانەوە بە هەموو ویست و ئیرادەوە بۆ خۆی، خانمەکەی خوشکە ئامین و هەر وەها کوڕەکەی کاک هێمن هەمیشە لە دەوروبەری سارمخانی بوون و خزمەتێکی بێوێنەیان پێکرد لە هەموو ڕوویەکەوە. مەبەستم ئەوە بوو ئەو پێوەندییەی سارمخان لەگەڵ حیزبی دێمۆکڕات دامەزرا و هەتا ئاخرین ڕۆژیش بەردەوام بوو و هەمیشە لە تارانیش کە بوو پێوەندی بوو و ئاخرین شت بە داخەوە لەو کتێبەدا نییە ( مەبەست کتێبی بەرگی لە دوو سیمای ... یە) بەڵام لە وتووێژێکدا کە جەنابی سارمخان لەگەڵ کاک ئەمیری نەژادیان کردوویەتی، وتووێژێکی زۆر ڕێکوپێک و باشە و بە زوویی دەبێتە کتێبێک خەریکە زەحمەتێکی زۆری لە سەر کێشاوە و دەبێتە شەرحی ژیانی سارمخان دەوێدا باس لە شتێک دەکا کە لەو کتێبەیدا نییە ( مەبەست کتێنی پێشتر باسکراوە) باسی عەبدوڵای ئیسحاقی دەکا، یاد زیندوو عەبدوڵای ئیسحاقی ئەو دەمی لە پۆلی پێنجەمی ناوەندی دەبێ وە دێ زۆر بە هەست و زۆر بە گوڕ و تین، زۆر بوێرانە، سارمخان تەعریفی دەکا دەڵێ کوڕێکی جەسوور بوو، کوڕێکی تێگەیشتوو بوو و چەند شت دیاری دەکەن، مەئمووری ئینتیزامات دیاری دەکەن زۆر باش و عەبدوڵای ئیسحاقی لە پاش کودەتای ٢٨-ی گەلاوێژیش دێتە تاران جارێک پێوەندی دەگرێ لەگەڵ سارمخان دەڵێ پێمان خۆشە یارمەتیمان بکەی و پێوەندییەکانمان بەردەوام بێ. دەڵێ حەتمەن بەڵام پێشنیاری تایبەتیم هەیە، قسەکانیان دەکەن و جاری دووەمەیش پاش شەش مانگان دێتەوە و داوا دەکا پێم خۆشە بێی لە کۆبوونەوەی حیزبیماندا بەشداری بکەی. دەچێتە ماڵی ڕەحمەتی شەریعەتی کە بەرپرسێکی حیزبی بوو خەڵکی سنە بوو لەوێدا دوکتور عەلی مەولەوی دەبێ، عەبدوڵای ئیسحاقی دەبێ و سارمخان دەگەڵیان بەشداری دەکا و ..

**حەسەن قازی**: ئیحتیمالەن سەدیقی ئەنجیریش، دەنا نا؟

**عەزیز ماملێ**: کاک سەدیقی ئەنجیری لەوێ نەبووە بەڵام ئێستا باسی ئەویشتان بۆ دەکەم. لەو خولەی مەجلیسدا سارمخان وەک نوێنەر لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا بە ڕاستی، تەغەلوبێکی زۆریان کرد بۆ ئەوەی وەک براوە ئیمام جومعەی تارانێ لە سندووقی دەنگدان بێننە دەرێ بەڵام ڕاست نەبوو.

**حەسەن قازی**: دوای کودەتای ٢٨-ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ( ١٩-ی ئووتی ١٩٥٣) سارمخان دەگیرێ و چوارساڵ و نیو دە زینداندا دەبێ ماوەیەک لە کاری قەزاوەت و وەزارەتی داد دووری دەخەنەوە بەڵام دەو ماوەیە دا واتە هەتا کۆتاییەکانی ڕێژیمی شا ئەو وەکوو پارێزەرێک بە دەرد و مەرگی خەڵکەوە بووە بە تایبەتی زۆر کەس لە کوردستانەوە هاتوون و داوای یارمەتییان

لێ کردووە. لەو زەمینەیە دا ئەوجار باسی ئاشنایی زیاتری خۆشت لەگەڵی دەوچوارچێوەیەدا بکەی، لە پێوەندی دەگەڵ کاری وەکالەتدا.

**عەزیز ماملێ**: کاک حەسەن نەمر کاک جەلیل گادانی منی بە جەنابی سارمخان ناساند و ئەو شەوە کە چووین و کوتی ئەوە برادەرێکی منە و من باوەڕم پێیەتی و پێم خۆشە هێندێک ڕێنوێنی بکەی و لە ڕووی کاری حقووقییەوە دەیەوێ ببێتە پارێزەر. زۆر مێهرەبان بوو، ئەمن زۆرم پێ خۆش بوو. ئەو دەم هێندێک لە خەڵک بە کوردی قسەیان نەدەکرد بە تایبەتی ئەو کەسانەی کاربەدەست بوون من هەر بۆخۆم ڕۆژێک جەنابی سارمخان ناردمی بۆ لای دادستانی کەرەج کوتی ئەو هاوشاری خۆمانە. من چووم بە کوردی قسەم کرد ئەو بە فارسی جوابی دامەوە مەبەستم ئەوەیە بڵێم زۆر کەس بە کوردی قسەیان نەدەکرد. بەڵام کە سارمخانم دی کوردییەکی پاراو، بە هەست قسە دەکا بە ڕاستی زۆر کەیفم کرد کوتی: باوکەکەم، ئاوا بە ئەدەب بە نەزاکەت، سۆزی شەو بێرەو بەیەکۆ قسە ئەکەین و ڕۆژی دوایی چوومەوە کوتم پێم خۆشە ببمە پارێزەر کوتی زۆر باشە وەرە لای من کار بکە و دەگەڵ خۆم کار بکە. ئەوە ساڵی ١٩٧٦ بوو. و ئەمن دیتم پاش ماوەیەک کاک حەسەن دەفتەرێکی چکۆڵە، زۆر بێ تەکەلوف بە بەراوەرد کردن لەگەڵ دەفتەری وەکیلەکانی دیکە هەر هیچ نەبوو. بەڵام، پڕ بوو لە دانش، پڕ بوو لە زانیاری، پڕ بوو لە زانست، پڕ بوو لە ئینسانییەت، پڕ بوو لە سەداقەت و سارمخان لە کاری وەکالەت دا ئەوەندە لە پلە و پایەیەکی بەرز دا بوو کە زوربەی حوکمەکانی لە دیوانی باڵای ئێران، لە دیوانی عالی کیشوەری ئێران نەقز دەکردەوە و حوکمەکانی دەشکاند. پەروەندەیەکی ئەوەندە ئەستوور [ بە دەست نیشانی دەدا] کە پاشان ئەمن لە خزمەتیان دا دەچووم بۆ دەفتەری دیوانی عالی کیشوەر دەیخوێندەوە پاش دوو سێ سەعات دەیگوت ئەو حوکمە غەڵەتە وە حوکمەکەی دەشکاند بە ڕاستی. مەبەستم ئەوەیە کە ئەمن لە دەفتەری وەکالەتەکەی هەستم بەوە کرد کە دوو تیپ خەڵک دێن هاتوچۆی دەفتەرەکەی دەکەن، تیپێک خەڵکی لێقەوماو بوون، خەڵکێک بوون کە زوڵمیان لێ کرا بوو لە ڕووی حقووقییەوە و لە ڕووی ئیدارییەوە هەر وەها تیپێکی دیکە خەڵکێکی ڕووناکبیر بوون چ کورد، چ فارس و بەشی ئەوەڵیش چ کورد، چ فارس لە خووزستانەوە دەهاتن، لە گیلانەوە دەهاتن، لە ئازەربایجانەوە دەهاتن و بە ڕاستی پەروەندی هەموانی وەر دەگرت و ئەو سەفەر ڕووناکبیرەکانی ئێران، ڕووناکبیرانی بەرز، کۆنە توودەییەکان کە پێوەندیان بڕیبوو لەگەڵ حیزبی توودە بەڵام دەهاتن جێگایەکی قسە و باسی خۆش بوو و لەوێ ئیدی ئەمن دیتم کە ئەو دەفتەری وەکالەتە، دەفتەرێکی وەکالەتی ئاسایی نییە بەڵکوو جێگایەکە کە بە ڕاستی پەناگایە و قیبلەگایە.

**حەسەن قازی**: باشە ئەگەر ئەوە درێژ بکەینەوە و بیهێنینە سەر کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران کەوا بزانم پێش ڕووخانی ڕێژیمی شا پێک هاتبوو وا نییە؟ یانی ئەو چالاکیانە بەیەکەوە گرێ بدەیەوە.

**عەزیز ماملێ**: ئەو کۆمەڵەیە پاش ٢٢-ی بەهمەن پێک هات. لەوێدا زوو سارمخانیان کردە سەرۆک و وتەبێژ و بەرپرسیان بوو و دەورێکی یەکجار زۆری بینی. ناوەندی کوردەکانی تاران ئەرکێکی زۆریان خستە سەر شانی سارمخان. ئەو دەمی کە شەڕ بوو لە کوردستان و شەڕێکیان دا سەپاند بە سەر نەتەوەی کورد دا، ئەرکی ئینسانی، ئەرکی ڕاگەیاندن، ئەرکی کۆ کردنەوەی دەرمان، یارمەتی ماڵی و هەر وەها یارمەتی بانگەشە کردن و ڕوونکردنەوە، ڕوونکردنەوەی سیاسی وەزعی شەڕ، وەزعی خەڵکی کوردستان بۆ لایەنە ئێرانییەکان، بۆ حیزبە سیاسییەکانی ئێران و ڕووناکبیرەکان و جەنابی سارمخان یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە زانکۆی شەریف قسەی دەکرد. جارێک ٢٥ هەزار کەس هاتبوون کە بەشێکی زۆری فارس و غەیری کورد بوون.

**حەسەن قازی**: زۆرباشە ئەو جار پێوەندی دامەزراندن لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان و دروستکردنی " جەبهەی دێمۆکڕاتیکی میللی" و هەر وەها زەمانی کاندیداتۆری مەسعوود ڕەجەوی هەوڵدان بۆ پشتوانی لێکردنی لە لایەن کوردانەوە و بە تایبەتیش ئەو مانیفێستەی ٢٦ مادەیی داوخوازی خودموختاری.

**عەزیز ماملێ**: ئەگەر ڕێگام بدەن بەو شێوەیە باسی بکەم جەنابی سارمخان لە کاری قەزاوەت دا بۆ خۆی دەستپێشخەری دوو ناوەندی مەدەنی بوو، دوو ناوەندی سینفی بوو کە یەکێکیان " جمعیت قضات و کارمندان دادگستری" بوو، کە کارێکی زۆری کرد دژ بە گەندەڵی کە یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکانی ئەو بوو کە ئەو وەخت کە ڕەزم ئارا سەرۆک وەزیر بوو بە وەزیری دادگوستەری دەڵێ دەبێ دوو ڕەئیسی دیوانی عالی کشور شوغڵەکانیان بگۆڕن و بیانێرن بۆ شوێنی دیکە، بیانێرن بۆ تەورێز و خۆراسان و ئەوە دژ بە یاسا و دەستووری ئێران بوو و سارمخان یەک و دوو هەڵدەستێ و قیام دەکا و دەڵێ نابێ کاری وا بکەن دەچێ بۆ لای قازییەکان و تۆماری ئیمزا کۆ دەکاتەوە و کارێکی وا دەکا، تەواوی قسەکەشی ئەوەیە کە ئەوە دژایەتی هەیە لەگەڵ ئوسوولی قانوونی ئەساسی و دەستووری ئێران و ئەو وەختەش وەزعییەت بە جوورێک بوو کە هەر نەیان دەتوانی بیر و ڕای گشتی لە بەرچاو نەگرن و پاشە کشە دەکەن. ئەوە یەکێکیان بوو. دوایە " جمعیت مبارزە با فساد " دا دەمەزرێنێ کە کارەکەی ئەوە بوو دەبێ هەموو مەحکەمەی تایبەتی لە ئێران هەڵوەشێتەوە، هەموو سەڵاحییەتەکان بدرێ بەدادگوستەری و دادگوستەری پاکسازی بکرێ.

**حەسەن قازی**: بەداخەوە زۆر کەم کاتمان ماوە بۆیە ئەگەر دەکرێ هەر سەر مقەستی باسەکان باس بکەین. ئەو خەباتە هەر وا بەردەوام دەبێ و سارمخان لە چوارچێوەی کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران دا دەورێکی زۆر گرینگ دەلیزێ بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکان و خەڵک لە مەسەلەی کورد ئاگادار بن. ئەگەر بە کورتی باسی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بکەی و پاشان هاتنی بۆ دەرەوەی وڵات و لەو پێوەندییەش من پرسیارێکم هەیە لێت دەکەم و بەو شێوەیە کاتەکەمان تەواو

دەبێ.

**عەزیـز مـاملێ**: کـاک حەسـەن جەنـابی سـارمخان یەکێـک لەو کەسـانە بـوو کە دەوری گرینگـی بینـی لە پێکهـاتن و لە دامەزرانـدنی هەیئەتـی نـوێنەرایەتی گەلـی کـورد. وە کاتێـک هەیئەتـی ویـژەی دەوڵەت پێـک هـات، دامەزرا بـۆ گۆیـا " چارەسەری" پرسی کورد هاتن بۆ مەهاباد سارمخانیش بۆ خۆی تەشریفی هێنا و من شانازی خانەخوێیم بوو لە ماڵی ئێمە و وەختێک کـاتی جوابـدانەوی تەرحـی خـودگەردانی بـوو، ڕێکخـراوە سیاسییەکان شتێکیان نووسیبوو، ئەو ڕێکخـراوانەی لە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دا بوون بەڵام، بە دڵی سارمخان نەبوو و بۆ خۆی وڵامێکی گەلاڵەکەی داوە، وڵامێکی زۆر ڕێک وپێکی داوە و دواییش دیسانەکە لە جوابی ئەوەدا گەلاڵەی ٢٦ خاڵی ئاراستە کرد.

**حەسەن قازی**: یانی ئەوە یەکێکە لە وردترین ئەو سەنەدانەی کە حەرەکەتی کوردی دەو دەمیدا پێشکێشی کردووە.

**عەزیز ماملێ**: بەڵێ ماوەتەوە و جەنابی سارمخان بۆخۆی نووسیویەتی و هەر وەها جەنـابی سـارمخان زۆر شتی دیکەشی بـۆ خۆی نووسیوە، یەک مەڕامنامەی " جمعیت ملی مبـارزه بـا استعمار " و لە خـاڵی یەکدا لەوێدا نووسیبووی کە دەبێ نەوتـی سەراسەی ئێران میللی بکرێ بەڵام لەوێدا نەفەرێک کە لە حیزبی توودە بوو دەینێرێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبـی تـوودە و حیزبی توودە ئەوە دەگۆڕێ و دەیکا بە " میللی کردنی نەفتی جنووب" مەبەستی ئەوە بووە کە نەفتی شیمال بپارێزێ.

**حەسـەن قـازی**: ئێسـتا دێیـنە دەرەوەی وڵات، ١٩٨٠ دێـتە دەرەوەی وڵات. کـارێکی کە کەمتـر پێـی زانـدراوە دیـارە لە بیرەوەرییەکانی نەمر کەریمی حیسامی دا ئیشارەی پێ کراوە ئەویش بڵاوکردنەوەی ڕۆژنـامەیەک وەکوو پلاتفۆرمێکی سیاسی یە کە بەڕێزیشت ڕاستەو ڕاست تێیدا بەشدار بووی ئەوەش ئەگەر شی بکەیەوە باش دەبێ.

ماملێ: ماوەیەک بوو ڕووناکبیرانی کورد بڵێین لە ساڵەکانی ١٩٨٥، ١٩٨٦ کە لە هێزە سیاسییەکان بە تـایبەتی لە حیزبـی دێمۆکرات جوێ دەبوونەوە یان "دەریان" دەکردن ئەوانە هەم لە کوردستان ڕا دە پێوەندی دابوون لەگەڵ جەنـابی سـارمخان و هەم لە ئورووپـا ڕا و داوایـان لـێ دەکرد، تەشیلاتێک، هێزێکی سیاسی، حیزبێکی سیاسی پێک بێنێ. جەنـابی سـارمخان هیچوەخت نەچووە ژێر بـاری وەی دەیکوت حیزبی سیاسی هەن ئێمە شتێکی دیکە پێک نـاهێنین، حیزبـی سیاسـی دەبێ لە ناوخۆی کوردستان پێک بێ، لە دەرەوەی وڵات هیچ بایەخێکی نییە و بەو ئیستیدلالانە ئەوەی ڕەد کردەوە بەڵام لە ئاکامدا کوتی دەبێ ئێمە کارێکی فەرهەنگی بکەین و ڕۆژنامەیەک دەر بخەین. و ئەوە بوو لە پاریس لە ماڵی ئێمە دوو کۆبوونەومان گرت کە جەنابی سارمخان بوو، کاک کەریمی حیسامی بوو، کاک مەلا محەمەدی خزری بـوو ، کـاک سـالار حەیـدەریش هـات،

کاک ئەمیر قازیش هاتبوو و منیش بووم و کاک ڕەحمانی حاجی ئەحمەدیش بوو و بڕیار درا ڕۆژنامەیەک بە ناوی " سەردەمی نوێ" دەر بکرێ و ژمارەی یەک و دوو و سێ و چوار و پێنج و شەشیش دەر کرا و زۆر بابەتیشی بە کوردیش بوو بە فارسیش بوو، زۆر شتی ڕێکوپێکیش دەنووسرا سەرمقالەکانی سارمخان دەینووسی بۆ خۆی مودیرییەتەکەی بە دەستەوە گرتبوو بەڵام بە داخەوە بەداخەوە کاک کەریمی حیسامی هەڵسوکەوتێکی زۆر ناجوامێرانەی کرد لە حەقی جەنابی سارمخان دا و بەڕاستی غەیری ئوسوولی بوو و بوو بە هۆی ئەوەی کە جەنابی سارخان خۆی کێشاوە و منیش بە دوای ویدا، کاک مەلا محەممەدی خزری و ئەوانیش هەر وەها. کاک ئەمیری قازی هەر نەهات، کاک حاجی ئەحمەدیش کشاوە. هیچکەس نەما، لەو جەمعە تەنیا کاک کەریمی حیسامی ماوە.

**حەسەن قازی**: کاک عەزیز لە ئاخری بەرنامەکە دا پێم خۆش بوو باسی ئەوەش بکەین جەنابت وەکوو شاگردێک وەکوو بۆ خۆت باست کرد وەفاداریت هەیە بە نیسبەت کارەکانی نەمر سادق وەزیری. هیچ کتێبێک شتێکت بەدەستەوەیە لە سەر ئەو ئەزموونە هاوبەشەتان و پێوەی بڵاوی بکەیەوە؟

**عەزیز ماملێ**: کاک حەسەن سارمخان ئینسانێکی زۆر موڕەتەب بوو. ئەمڕۆ نامەت بۆ دەنووسی، دەستبەجێ جوابی دەدایەوە و دوو ڕۆژدواتر جوابەکەت بە دەست دەگەیشتەوە. نامەی زۆری بۆ زۆر کەس نووسیوە، دەگەڵ زۆر کەس پێوەندی هەبووە، دەگەڵ جەنابیشتان پێوەندی هەبووە زۆری نامە بۆ نووسیون ئاگام لێیە و بۆ منیشی باس کردووە. من تەقریبەن ٣٠٠ نامەم هەیە. ٩٤ نامەشی بۆ کاک باقری موئمینی نووسیوە کە کاک باقری موئمینی دلۆڤانی کرد و فۆتۆکۆپی نامەکانی داوە بە من. من ئێستا خەریکم لەسەر ئەوانە کار دەکەم و هەر وەها زۆر نامەی دیکەی نووسیوە بۆ زۆر کەسایەتی دیکە. بۆ مامۆستا شێخ عێزەدینی نووسیوە، بۆ دوکتور قاسملووی نووسیوە، بۆ مەسعوودی ڕەجەوی نووسیوە بۆ زۆر کەسی دیکە کە تەواوی ئەو نامانەی دەینارد بۆ منی دەنارد دەیکوت فۆتۆکۆپی لێ هەڵگرە ئینجا بۆیان بنێرە. ئەمن ئێستا خەریکی کار کردن لە سەر ئەوانەم بەڵکوو بتوانم بیکەمە کتێبێک و پێم وایە شتێکی خراپی لێ دەر نایە.

**حەسەن قازی**: هیوادارم بە جیدی کاریان لە سەر بکەی و بە زووی دەر بکەوێ.

**عەزیز ماملێ**: هیوادارم.

**حەسەن قازی**: زۆر زۆرسپاست دەکەم  بۆ بەشداریت لەم بەرنامەیەی ڕاوێژ دا. داوای لێ بوردن دەکەم لە بەر تەنگی وەخت مەجبوور بووین قسەکان کورت کەینەوە زۆر داوای لێ بوردن دەکەم.

**عەزیز ماملێ**: زۆر سپاس، زۆر شتی دیکە هەبوو کە کات نەبوو باسیان بکەین بەڵام دەستتان خۆش بێ ماندوو نەبن.

قازی: زۆر مەمنوون. بینەرانی خۆشەویست بەم شێوەیە دەگەینە کۆتایی ئەم بەرنامەیەی ڕاوێژیش. تاکوو ڕاوێژێکی دیکە لای ئێوەمان خۆش،

**تێبینی**: ئەم بەرنامەیەی ڕاوێژ لە چوارشەمە شەو ١٥-ی ژووەنی ٢٠٢٢ لە تێلێڤیزیۆنی ستێرک بڵاو کراوەتەوە. لەم لینکەی خوارەوە دا دەکرێ ویدیئۆی بەرنامەکە لە کاناڵی یوتیوب دا تەماشا بکەن.

https://youtu.be/IT9pj5qHDfI

## پەیوەست

**پەیامی هاوڕێ سارەمەدینی سادق وەزیری، تێکۆشەری ناسراوی کورد و قسەبێژی "کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران"**

**بۆ کۆنگرەی ٢١-ی کۆمەڵەلەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات(AKSA)**

**نۆهەمی گەلاوێژی ٥٩ بەرانبەر بە ٣١-ی ژوونییەی ١٩٨٠**

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات**

برایانی بەڕێز،

بەوپەڕی شانازی یەوە نامەی بانگ هێشتنی ئێوەم بۆ بەشدار بوون لە بیستوویەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە ڕۆژی ١٠-ی ژووئییە ناردرابوو، پێ گەیشت.

بۆ من زۆر بە کەلک دەبوو کە لەم ڕۆژە قەیرانی یانەی خەباتی گەلەکەمان دا لە تەک ئێوە برایانی خۆشەویستم دا کە بێگومان لە ڕیزی هیوای دواڕۆژی گەلی کورد دان بدوێم بەڵام مخابن لە بەر نەبوونی ئیمکانی سەفەر کردن ناتوانم لە کۆنگرەی ئێوە دا ئامادە بم. بەوپەڕی داخەوە ئەوا بەو هۆیەوە ئارەزووی خۆم بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی بە بەرووبووتان ڕادەگەیێنم.

برایانی ئازیزم! ئەم حەقیقەتەی کە خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات توانیویانە ڕێکخراوەی تایبەتی خۆیان "لە سەر بناغەی دیفاع لە خەباتی زەحمەتکێشانی کوردستان و خەباتی مێژووکردی گەلی تێکۆشەری کورد دامەزرێنن" و سەرەڕای خوارەکە و ژوورەکەی فرە لە پتەو کردن و سەقام پێدانی دا تێبکۆشن نیشاندەری ئەم واقعییەتەیە کە گەلی تێکۆشەری کورد پێی ناوەتە ڕێبازێک کە دوایی ئەم سەرکەوتن واتە وەدی هاتنی مافی میللی و دێمۆکڕاتیک دەبێ چونکوو بێگومان پێک هاتنی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ ئینعیکاسێکە لە واقعییەتی خەباتی گەلی کورد لە پارچە جیاواز و دابەشکراوەکانی کوردستان دا. بێ گومان ئەم ڕێگایە هێشتا فرە دوورو درێژ و پڕ لە مەترسی یە، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە گەلی ئێمە توانای ئەوەی هەیە کەسەرکەوتووانە بگاتە ئامانجی.

ئەمەی کە بە شێوەیەکی بڕیاردەر سەرکەوتن دەستەبەر دەکا ئەوەیە کە زەحمەتکێشانی کورد لێر و لەوێ توانیویانە هەرچی زیاتر جڵەوی خەباتی ڕزگاریی بەخش بخەنە دەستی پڕ هێز و توانای خۆیان و لە گێژاوی شەپۆلی کەند و کۆسپان نەپڕینگێنەوە.

لەمەڕ تێکۆشان و چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات وەبیرهێنانەوەی چەند نوقتەیەک پێویستە:

١- پارچەکانی دابەشکراوی کوردستان لە ناو وڵاتە جۆر بە جۆرەکان دا لە حاڵەتی دواکەوتوویی دا ڕاگیراون، ڕزگار بوون لەم دواکەوتوویی یە تەنیا بە هۆی شۆڕشی قووڵی کۆمەڵایەتی یەوە مەیسەرە و لاغەیر جا بۆیە خوێندکارانی کورد کە لەم پارچانە ڕا هاتوون و لە دەرەوە کۆبوونەتەوە دەتوانن و دەبێ لە بنیات نانی کوردستانی دوا ڕۆژ دا دەورێکی جێی سەرنج بگێڕن بەو مەرجەی بە گشت هێز و توانای خۆیانەوە تێبکۆشن کە لە عەینی حاڵ دا کە فێری زانست وفەننی نوێ دەبن، زانستی خەبات و شۆڕشیش فێر بن.

زانست و فەننە نوێیەکان بەروبوو و میراتی موشتەڕەکی مێژووی پێگەیشتنی ئینسانانە لە بەر ئەمە هی هەموو قەوم و میللەتێکە، عیلم عیلمە و شەرقی و غەربی بۆ نییە. هەڵبەت مەبەست لە زانست مانای ڕاستەقینەی ئەم وشەیەیە و نەک تێئۆری هۆندنەوەی نە زانستی.

ڕۆڵەکانی گەلی ئێمە دەبێ بە ڕاستی و بە تەواوی مانا ئەم زانست و فەننانە فێر بن و قەت تووشی ئەم تەوەهومە نەیەن کە بە بێ فێر بوون و دەکار کردنی زانستی پێشڕەو دەکرێ کۆمەڵ بە ودمی هەڵخەڵەتێنەر و دەغەڵ بازان بەرێوە ببردرێ یان بەرەو پێش بچێ.

٢ -زانستی خەبات و شۆڕشیش وێڕای پێگەیشتنی کۆمەڵی ئینسانی و زانست و فەننان و بە کەلک وەرگرتن لە گشت پێشکەوتەکانی زانست و فەن و فەلسەفە ڕێگای پێگەیشتنی پێواوە، لە ڕاستی دا ئینسان دەبێ فێری ئەو زانستەش بێ،لێرە دا نابێ تووشی ئەم تەوەهومە ببین کە زانستی خەبات و شۆڕش هەر دەکرێ لە ناو لاپەڕە و دێڕی کتێبان دا فێر بین! وا نییە، دامەزراندنی پەیوەندی قووڵ و هەموو لایە و زیندوو لە تەک خەباتی ڕۆژانەی زەحمەتکێشان دا و ئیلهام وەرگرتنی بەردەوام لە تەجروبەی وان مەرجی پێویست بۆ فیر بوونی زانستی خەبات و شۆڕشە.

٣- مێژووی خەباتی گەلەکەمان سەلماندوویەتی کە بەر لە هەموان و زیاتر لە هەموان دەبێ پشت بە هێزی خەڵکی تێکۆشەر و زەحمەتکێشانی کورد ببەسترێ، هەر جۆرە تێئۆری هۆندنەوەیەک کە ئەم حوکمە مێژوویی یە تەبلیغ نەکا نەک هەر فڕی بە عیلم و تێئۆری زانستی شۆڕشەوە نییە بەڵکوو تەپکەیەکە بۆ پێوە کردنی کۆمەڵانی گەلی کورد.

ئینعیکاسی خەباتی ڕۆژانەی گەلی کورد لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکان دا ئەرکی کردەوەیی دەرەجە هەوەڵی ڕێکخراوە کوردەکانە لە دەرەوەی وڵات. دوژمنانی گەلی کورد هەمیشە هەوڵیان داوە کە واقعییەتی خەباتی مەردم و زەحمەتکێشانی کوردستان لە خەڵکی دنیا بشارنەوە و بە بڵاو کردنەوەی بوختان و تاوان وەپاڵ دانی جۆراو جۆر داوێنی پاکی میللەتی مەعسووم و غەدرلێکراوی کورد پیس کەن. دەبێ بە هەموو خەڵکی جیهان نیشان بدرێ کە چلۆن گەلی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵ بە دەسدرێژکەران و ستەمکارانی ڕەنگاوڕەنگی کوتووە "نا" و سەرەڕای کوشتاری خوێناوی و سەرکوت کرانی سەرانسەری توانیویە هوویەت و خەسڵەتی خۆی بپارێزێ و هەموو جارێ لە بن خۆڵەمێشی بڵێسەی ئاگری دنیا داگر و لە ژێر کاولی تێک تەپینی مەزن ڕا، سەر زیندووتر لە ڕابردوو سەر هەڵێنێ و هاوار بکا: "کورد زیندووە."

٤- خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە بڵاو کردنەوەی هەراوی ڕاستەقینەی خەباتی ڕۆژانەی گەلەکەمان بەتایبەتی دەبێ نیشان بدەن کە خەباتی قارەمانانەی ئێستای مەردمی کوردستان، درێژەی مەنتیقی و تەبیعی ئەم مێژووە سەرانسەر پڕ لە نەسرەوتن و فیداکاری و گیانبازی یەیە و بەم ڕێگایە دا هاودەردی هەرە هەراوی زەحمەتکێشانی وڵاتە جۆر بە جۆرەکان بەرەو خەباتی بەحەقی گەلی کورد ڕاکێشن.

٥- خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات دەتوانن بە لێکدانەوە و پوختەکردنی ورد و زانستییانەی جووڵانەوە میللییەکانی گەلی کورد لە پارچە جیاواز و دابەشکراوەکانی کوردستان دا، بە تایبەتی لە دوای شەڕی دووەمی دنیاگر، نیشانی دەن کە دۆستانی ڕاستەقینەی گەلی کورد کامەنەن.

ئەم لێکۆڵینەوانە بە تایبەتی دەتوانێ بە دروستی سیمای ڕاستەقینەی هێندێک لە مودەعی یەکانی دیفاع لە مافی بێ بەش و زەحمەتکێشان وەڕوو خا. ئەم لێکۆڵینەوانە هەر وەها بە دروستی دەری دەخەن کە حیزبەکان و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی مودەعی نوێنەرایەتی زەحمەتکێشان لە بواری حەساسی مێژوویی دا چلۆن لە حاست خەباتی بە حەقی گەلی کورد دا بزووتوونەتەوە، پۆختە و گەلاڵەی گشت ئەم تەجروبانە و بە تایبەتی جەرەیانەکانی یەکساڵ و نیوی دوایی لە ئێران ئیسپاتی دەکا کە ڕێکخراوە سیاسی یە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان دەبێ لە هەموو جۆرە بە دواوە ڕۆیشتنی جەریانە سیاسی یەکانی دیکە خۆ بپارێزن و ڕێگای خۆیان بە پشت بەستن بە تەجروبەی ئۆبژێکتیڤ و ڕۆژانەی خەباتکارانە و بە کەلک وەرگرتن لە تێئۆری ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕی ببیننەوە و بڕیاردەرانە و موسەممەمانە هەنگاوی تێدا هەڵێننەوە. لاوانی تێکۆشەری کورد کە پڕن لە هەستی قووڵی نەتەوایەتی و کوڵ و کۆی شۆڕشگێڕانە نابێ فریوی ڕستە و قسە و دروشمی ڕواڵەت شۆڕشگێڕانە بخۆن - کە پەیوەندییان بە واقعییەتی خەباتی گەلی کورد و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەوەوە نییە - .

ئەم لاوانە دەبێ بڕوایان بە خۆیان بێ و پشت بە خۆیان ببەستن و لە ناو ڕێکخراوە سیاسی یە بە تایبەتی یە شۆڕشگێڕییە کوردییەکان دا و بە پشت ئەستوور بوون بە هێزی لە بن نەهاتووی گەلی خەباتکار و شۆڕشگێڕی کورد لە ناو شەپۆلی بە سامی تەبلیغاتی ئەم لا و ئەو لا دا، بە یارمەتی تێئۆری زانستی شۆڕش، ڕێگای تایبەتی پێگەیشتنی مێژوویی نەتەوەی کورد بپێون و لە کەند و کۆسپ و پەرژینان نەپرینگینەوە و لە بەر شکانی کاتی تووشی ناهومیدی و ورە بەردان نەیەن. من مافم نییە زیاتر لە مە کاتی ئێوە برایانی خۆشەویستم بگرم، ئارەزووی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان دەکەم و هیوادارم کە ئەم کۆنگرەیە بۆ بەرەو ژوور بردنی سەتحی تێکۆشەرانەی کۆمەڵەی ئێوە هەنگاوی بە کەلک و بە پیت هەڵێنێتەوە.

ویڕای سلاو ودروودی زۆر

سارمەدینی سادق وەزیری

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٢٠ جوونی ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی